

# پرس و
# پرسگرێکی
# ژنانی خۆرهەڵات

ئامادەکردن:
کاروان مێراوی
سۆران شەمسی

# پرس و پرسیارێکی ژنانی خۆرهەڵات

# پرس و
# پرسکرێکی ژنانی خۆرهەڵات


بابەت: پرسی ژن

ئامادەکردن: کاروان مێراوی

سۆران شەمسی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: هیوا محەمەد

چاپی یەکەم: ٢٧٢٠ ی کوردی، هەولێر

# پرس و پرسکرێکی ژنانی خۆرهەڵات

ئامادەکردن:

سۆران شەمسی



کاروان مێراوی



٢٠٢٠

# پێڕست


پێشەکی............................................................................................ ٧

**تەوەری یەکەم: پرسی ژنان......... ٩ - ٥٢**

**بەشی یەکەم**: پرسی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.......................... ١١
**بەشی دووهەم**: ژنانی کۆمەڵگای کوردستان........................................................ ١٧
**بەشی سێهەم**: پێشکەوتنی خەباتی ڕێکخراوەییی ژنان........................................ ٢٥
**بەشی چوارەم**: فێمێنیست.......................................................................................... ٣٥

**تەوەری دووهەم: دیمانەیەک لەسەر پرس و ڕۆڵی ژنان لە کوردستاندا..٥٣ - ٦٦**

**بەشی یەکەم**: کێشە و ئاستەنگەکانی ژنان و ڕێگاچارە لە کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان......................................................................................... ٥٥
**بەشی دووهەم**: ڕۆڵی ژنان لە بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی کوردستاندا........٦٣

**تەوەری سێهەم: لێکۆڵینەوەیەک لەسەر پرسکرێکی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر ناوی «ژن داوێنەکەی خۆی دوژمنیەتی»................................ ٦٧ - ١١٨**

**بەشی یەکەم**: پێشەکیی لێکۆڵەر......................................................................... ٦٩
**بەشی دووهەم**: لێکۆڵینەوە.................................................................................. ٧١
**بەشی سێهەم**: وتەی کۆتاییی لێکۆڵەر.............................................................. ١١٧

## پێشەکی

نامیلکەی "پرس و پرسکرێکی ژنانی خۆرهەڵات" کە ئاوڕدانەوەیەکە لە گۆشەیەک لە پرسی و کێشەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژنانی کوردی دانیشتووی شارەکانی تری جوگرافیای وڵاتی ئێران، بەم شێوەی خوارەوە لەم پێشەکییەدا ئاماژە بە ئامانج و نێوەڕکی نامیلکەکە و تەوەرەکانی و هەروەها ڕوونکردنەوە لەسەر نێوی نامیلکەکەش دراوە.

**ڕوونکردنەوە:** پێویستە سەرەتا ڕوونکردنەوەیەک لەسەر نێوی نامیلکەکە بدرێت، ڕەنگە بۆ خوێنەرانی بەڕێز پرسیار بێت کە بۆچی ناوی "پرس و پرسکرێکی ژنانی خۆرهەڵات" بۆ ئەم نامیلکەیە هەڵبژێردراوە؟

خۆدی ئەو ناوەی کە هەڵبژێردراوە ئاماژەیەکە بە نێوەڕۆک و تەوەر و بابەتەکانی نێو نامیلکەکە و بە هۆکاری ئەوەی کە نێوەڕۆکی ئەو نامیلکەیە ئاوڕدانەوەیەکە لە پرس و کێشەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو نێوەمان بۆی هەڵبژاردووە.

لە ڕاستیدا هەر وەکوو ئاماژەی پێ کراوە، نێوەڕکی ئەو نامیلکەیە کە لە سێ تەوەری سەرەکی و تەوەرەکانیش لە چەند بەشی جیاواز پێک هاتووە و لەلایەن کەسانێکی بە توانا و خامەبەدەستەوە نووسراوە و ئامادە کراوە، لێکۆڵینەوە و ئاوڕدانەوەیەکە لە پرس و کێشە و پرسکرێکی ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان و کوردەکانی تری دانیشتووی شارەکانی نێو جوگرافیای وڵاتی ئێران، بەڵام لە هێندێک لە بابەتەکاندا بە هۆکاری ئەوەی کە ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان هاوچارەنووسی ژنانی سەرانسەری وڵاتی ئێران و ژنانی نەتەوە بندەستەکانی تری چوارچێوەی ئەو وڵاتەن، هاوکات لەگەڵ پرسی ژنانی کوردستان ئاماژەکیش بە ژنانی ئێران کراوە.

**ئامانج:** ئامادکردنی ئەو نامیلکەیە دوو ئامانجی سەرەکی هەیە کە بەم شێوەی خوارەوە دەخرێنە بەرباس.

**یەکەم:** ئامانجی یەکەم لە ئامادەکردنی ئەو نامیلکەیە ئەوەیە کە خزمەتێک بێت بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان کە پرس و مافەکانی ژنانیش بەشێکی بناغەیی لە پرسە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە، چۆنکە نەتەوەی کورد لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا تاکوو ڕەوایی بە مافەکانی ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵگا نەدرێت و سەرجەم ویست و داخوازییە سێنفییەکانیان لە چوارچێوەی نەریتی پێشکەوتووانەی ئەو کۆمەڵگایە و بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان دابین نەکرێت، دێموکراسییەکی ڕاستەقینە لەو کۆمەلگایەدا جێگیر نابێت و بە کۆمەڵگایەکی دێموکرات ئەژمار ناکریت.

**دووهەم:** لە هەر کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا دەبێت مافی هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ڕەگەزی، ئایینی، نەتەوەیی، بیروباوەڕ و ... هتد ڕەچاو بکرێت و هاوسەنگی و یەکسانی لە کۆمەڵگادا جێگیر بکرێت، شۆڕشی ڕزگاریخوزانەی نەتەوەی کورد کە بە درێژایی مێژوو یەکێک لە کۆڵەکەی ئامانجەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک بووە و ئەم ئامانج و مەبەستەش دەبێت فەرهەنگسازی بۆ بکرێت و لەو ڕێگایەوە خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە زۆرتر وشیار بکرێنەوە و هەڵ بدەین خۆمان و کۆمەڵگاکەمان لە بازنەی قەتیسکراوی دواکەتووی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان ڕزگار بکەین، بۆیە ئامانجی دووهەمی ئەم نامیلکەیە بەشێکە لەو هەوڵ و چالاکییانەی کە لەلایەن سەرجەم چالاکانی یەکسانیخواز بۆ فەرهەنگسازیی دادپەروەری و جێگیرکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا گیراوەتە پێش.

# تەوەری یەکەم:
# پرسی ژنان

# پرسی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا



**ئاسۆ مێنبەری**
**پێشمەرگە، ڕاگەیاندنکار و چالاکی مافی ژنان**

ئەوەی کە لە کۆمەڵگای پیاوسالار و چەقبەستووی ئێراندا لەسەر ژنان و پرسە پێوەندیدارەکان بەوانەوە ڕوو دەدات، لەو دەگمەن حاڵەتانەن کە لە سەرتاسەری جیهاندا ڕوو دەدەن، کاریگەریی جۆری ئیدئۆلۆژی، دابونەریتی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا، مەزهەبی بوونی کۆمەڵگا، بە ڕەگەزی دووهەم ئەژمارکردنی ژنان و بە دەیان خاڵی دیکە لەو فاکتەرە گرینگانەن کە ژیانی ژنان دەخەنە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی خۆیانەوە، سەرەڕای هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا تاکەکان لەگەڵیان بەرەوڕوون، ئەگەر بوترێت ژنان سەرەکیترین قوربانییانی دەستی ئەو کۆمەڵگایەن، بەهەڵەدا نەڕۆیشتووین.

زۆر جار ئەم ڕستەیە بەکارهێنراوە کە ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا بەرەوڕووی ستەمی چەند قات دەبنەوە و لە کوردستانیشدا یەکەم بەهۆی کوردبوون و دووهەم بەهۆی ژنبوونیانەوە دەچەوسێنەوە و دەکەونە ژێر باری ستەم و ئازارەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتەوە، کە وایە دەکرێت بڵێین بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم ستەمە ڕەگەزییە لەنێو بافتی کۆمەڵگای ئێراندا بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی نەهادینە کراوەتەوە و ژنانیش نەوە لە دوای نەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ چەشنە ڕۆڵێکیان هەبێت، دەکەونە داوی ستەم و ئازارەکانەوە.

بەگشتی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا لەگەڵ کۆمەڵێک پرسی بەرچاو و گرینگ بەرەوڕوون، وەکوو: ئابووری، مووچەی نایەکسان، هەڵاواردنی ڕەگەزی لە کار و خوێندن، بێکاری، ئەسیدپاشی، سەرپەرشتیی منداڵ، کوژرانی ژنان بە تۆمەتی نامووسی و بە سەدان کێشەی دیکە کە نە لەلایەن ناوەندێکی پێوەندیدارەوە و نە لە ڕێگای یاساوە هیچ جۆرە مێکانیزمێک بۆ خزمەت بە ژنان و چارەسەری پرسەکانی تایبەت بەوان نییە.

بەگشتی ئەگەر بمانەوێت باس لە کێشەکانی ژنان لە ئێران و کوردستاندا بکەین و پرسی ئەم توێژەی کۆمەڵگا تاوتوێ بکەین، دەتوانین لە چەند ڕووەوە بابەتەکە شی بکەینەوە، کە بریتییە لە:

**یەکەم: کاریگەریی دەسەڵات لە سەر پرسی ژنان**

ژیانی ژنان لەژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقییدا تووشی خەساری زۆر شوێندانەر بوونە و بەستراوەبوونی ژنان بە ئایین و ناچاربوون بە پێڕەوکردنی ئاکارگەلێک لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا کە لە بوارگەلێکی جیاوازی دەروونی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەخلاقیشەوە کاریگەریی نەرێنی بەرچاوی لە سەر ژنان داناوە.

بەهۆی ئیسلامیبوونی کۆمەڵگای ئێرانەوە، ژنان ناچار بە ڕاگرتنی حیجابی زۆرەملێ دەکرێن کە ئەمە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سەر فاکتەری باوەڕبەخۆبوونی ژنان کاریگەریی دادەنێت و ئەکرێت وەکوو یەکێک لە گرینگترین خاڵەکان لە بەشدارنەبوونی ژنان لە ئاستی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، هونەری و ... هتددا ناوی لێ ببردرێت.

سەپاندنی ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیی، بنەڕەتی کردنەوەی کلیشەگەلی ڕەگەزی لە چوارچێوەی میدیا و کتێبە دەرسییەکان و لەژێر ناوی پاراستنی کەرامەتی ژناندا و پێناسەکردنی ئەرکی ژنان لە چوارچێوەی ماڵ و منداڵداریکردن، لەو کردەوە سیستماتیکانەن کە لە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقییدا زیاتر لە چل ساڵە کاریان بۆ دەکرێت و لەم ماوەیەشدا بە هەزاران ژنیان کردووەتە قوربانی.

لە ڕاستیدا دەسەڵاتی کۆمەڵگای ئیسلامی دەیهەوێت ژنان کۆیلەی یەکجارەکیی دەسەڵاتەکە بن و بەبێ گرینگیدان بە خۆیان، حەزەکانیان، ئاوات و ئامانجەکانیان و تەنانەت توانایی و

لێهاتووییەکانیان بەو شێوەیە بێنە پێش چاوی کۆمەڵگا کە دەسەڵاتی ئاخوندی بۆیان دیاری دەکات، ئەمەش لە ڕاستیدا پێشێلکردنی مافە مرۆڤایەتییەکانی توێژێکی کۆمەڵگایە کە بەهرەوەرگرتن لە هێز و توانایان چەندین بەرانبەر زیاتر لە ئێستا دەتوانێت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و تەنانەت سیاسیش کاریگەریی دابنێت.

**دووهەم: ڕۆڵی یاسا لە سەر پرسی ژنان**

دیارە کە ئەم خاڵە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خاڵی یەکەم و کاریگەریی دەسەڵات لە سەر پرسی ژنان هەیە، لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئایین ڕۆڵی سەرەکیی هەیە و ئەوە ئایینە کە لە دیاریکردنی یاسا و دستووری ئیسلامیی ئێراندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت و یاساکانی سزای ئیسلامی، یاسای بنەڕەتی، یاسای مەدەنی، یاسای بازرگانی، یاسای تۆمارکردنی بەڵگەکان و بە گشتی هەموو یاساکانی دیکە بەپێی یاسای ئیسلامی دانراون، ئەگەر بمانهەوێت بە دوور لە دەمارگرژی و بە پشتبەستن بە هەمان ئایینی ئیسلام باس لەم بابەتە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە هاوکات لەگەڵ زاڵبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی بەسەر ئێراندا، ژنان وەکوو ڕەگەزێکی بەکەڵکنەهاتوو و پلە دوو پێناسەیەکی جیاوازیان بۆ کرا.

زەوتکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکانی وەکوو پۆشینی جلوبەرگی ئیسلامی و چارشێو و ڕاگرتنی حیجاب لەو فاکتەرانەن کە ژنان بەبێ ویستی دەروونی خۆیان ناچار بوون گوێڕایەڵی بن و ئەوە زیاتر لە چل ساڵە بۆ نەهێشتنی ئەو ستەمە و بەدەستهێنانەوەی پێگەی خۆیان هەوڵ دەدەن.

ئەوەی کە لە یاساکانی ئێراندا بەرانبەر بە ژنان پێناسە کراوە، بە نیوەزانینی ئەم توێژە لە کۆمەڵگایە، ژنان نە تەنیا لە بابەتگەلێکی گرینگ وەکوو میرات، دییە (قەرەبووکردنەوەی خوێنی کەسێک بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو)، شاهێدبوون و زۆر شتی دیکەدا مافێکی کەمتر لە پیاوانیان بۆ دیاری کراوە، بە پێچەوانەشەوە لە زۆربەی یاساکاندا دوو بەرانبەری پیاوان سزا وەردەگرن و ئەمەش خۆی لە خۆیدا پارادۆکسێکی زەق و بەرچاو لە یاساکانی ئێراندایە.

نادادپەروەری لە یاساکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بەرانبەر بە ژنان لە گرینگترین و دیارترین هەڵاواردنگەلێکە کە بەرانبەر بە ژنان ڕوو دەدات، هەر بۆیە ئەوەی کە لەسەر پرسی ژنان هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنیی نییە، ئەو یاسایانەن کە لەلایەن پیاوانەوە و لە ژێر سێبەری ویلایەتی فەقییدا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دیاری کراون و لەڕاستیدا زیاترین خەساریش بە ژنان و کۆمەڵگای ئێران دەگەیێنن.

یاسا لە خۆیدا دەبێت مێکانیزمێکی دادپەروەرانە و دێموکراتیک بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش لە کۆمەڵگادا بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگای ئێراندا ئەم یاسایە خۆی ڕۆڵی سەرەکی لە چەوساندنەوەی ژناندا دەگێڕێت کە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند بەرانبەربوونی کاریگەریی ئەم یاسایانە لە سەر ژنان لە کۆمەڵگای کوردستاندا بکرێت.

دیارە بەهۆی داخوازیی گەلی کورد لەسەر مافە ڕەوا و بەرحەقەکانی خۆی و هەروەها پەرەسەندنی ئەو بیرۆکە نیشتمانپەروەرانەیە لەنێو توێژی ژناندا، توندوتیژییەکانی یاسا

بەرانبەر بە نەتەوەی کورد بەگشتی و ژنانی کورد بەتایبەتی بە شێوەیەکی لەڕادەبەدەر پەرەی سەندووە، دەسبەسەرکردن، زیندانی کردن، سەپاندنی سزای سێدارە و بە دەیان جۆری دیکە لە ئازارەکان بەرانبەر بە ژنانی کورد لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو ڕێژیمەدا جێبەجێ دەکرێن و زۆر بە ئاسانی لە ڕێگای ماددە و تەبسەرەوە پاساوی بەناو یاساییان بۆ دەهێندرێتەوە.

ئەوەی کە بەناوی یاساوە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت زۆر زیاتر لە کێشەکانی دیکە کە ژنان تووشی ئازار و نادادپەروەری دەکەن، بۆیە ئەوەی کە پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە ژنان تا چە ڕادەیەک بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی تایبەت بە توێژی خۆیان و سەبارەت بە مافە ڕەواکانی خۆیان وشیارن یان تا چە ڕادەیەک هەوڵ بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو کەیسانە دەدەن.

ژنان هێزێکی بەرچاوی کۆمەڵگان، نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگا پێک دەهێنن و بە دڵنیاییەوە پۆتانسییێلی بە سەرکردەبوون و بەرپرسی باڵای دەسەڵاتیشیان هەیە، بەلام بەهۆی سەرکوتی لەڕادەبەدەر و بەردەوام لە درکاندن و نواندنی خۆیان و هێز و تواناکانیان وەدواکەوتوون، هەر بۆیە گرینگترین و کاریگەرترین ڕێگا بۆ دۆزینەوەی پێگەی راستەقینەیان ئەوەیە کە پێش لە هەر شتێک هەستی باوەڕبەخۆبوون لە خۆیاندا بەهێزتر بکەنەوە و هەوڵ بدەن لە ڕێگای مەنتیقی و دروستەوە بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکانیان بکەن، کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە ژنانی ڕچەشکێن لە هەموو بوارەکانەوە هەیە، ژنانێک کە نەک بەرهەمهێنەرەوەی نەسڵ و نەوەکانی ڕابردوو نەکەنەوە، بەڵکوو خولقێنەری نەسڵێکی نوێی پڕ توانا و وزە بۆ بونیاتنانی نیشتمانێکی دادپەروەر و ئازاد و یەکسان بن.

# ژنانی کۆمەڵگای کوردستان



**کاروان مێراوی**

**پێشمەرگە، چالاکی سیاسی و ئەدەبی**

لە ژیانی هاوچەرخ و سەردەمیانەی ئێستادا لە کۆمەڵگای هەر وڵاتێک کە ئازادی، دیموکراسی و دادپەروەرییەکی ڕاستەقینە و یەکسانی تێیدا جێگیر کرابێت، ڕێژەی ئەرک و مافەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا کە بنەما و بنچینەی کەرامەتی مرۆڤایەتییە، دەبێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ڕەگەزی، ئایینی و بیروباوەڕی تاکەکان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و بە شێوەی هاوبەش و دادپەروەرانە لەبەرچاو بگیردرێت، لەم بارەیەشەوە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی جیهان کە ئەو پێوەرانە ڕەچاو دەکەن سەلماندوویەتی کە جیا لەوەی کە کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و سەربەستن، بەڵکوو کێشە و ئاڵۆزییە نێوخۆییەکانیان زۆر کەمترە و هۆکارەکەشی بۆ بایەخدان بە توانایی و دەرفەتی یەکسان بەبێ پەراوێزخستنی هیچکام لە چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەگەڕێتەوە، بەپێچەوانەشەوە لە زۆربەی وڵاتی ئەم سەردەمەشدا کە بە سەردەمی پێشکەوتن و مۆدێرنیزە و بەتایبەت لە بواری ئاوەز و هزرییەوە ناسێندراوە، نیوەی لە کۆمەڵگاکەیان کە لە ژنان پێک دێت پەراوێز خراوە و هیچ بایەخ و سەرەنجێک بە تواناکانیان نادرێت و نیوەکەی تری ئەو کۆمەڵگایە کە لە پیاوان پێک دێت ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن و لەسەر هەموو کۆمەڵگا بڕیار دەدەن و دۆخێکی پیاوسالاریی سەرەڕییانەیان بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا زاڵ کردووە، بۆ ئەم باسەش وەکوو باشترین نموونە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی ئێران بکەین.

بە دڵنیاییەوە هەبوونی پێگەیەکی بایەخداری ژنان لە گۆڕەپانی چالاکییە جۆراجۆرەکان و بەتایبەت چالاکییە سیاسییەکان و لە ئاستی بڕیاردان بۆ چاکسازی، ڕێکخستنی کۆمەڵگا، بەڕێوەبردن و بەڕێوەبەریی و ... هتد، کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر

بەرەوپێشچوونی ئەو کۆمەڵگایە و خزمەتکردن و پێشکەوتنی زیاتر لە وڵاتەکاندا هەبووە، یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەنەکردن و پێشنەکەوتنی کۆمەڵگا پاشکەوتووەکانی جیهانی سێهەم بۆ بێبەشکردنی ژنان لە ژیان و چالاکیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و هونەری و ...هتد دەگەڕێتەوە، بۆیە ژنان لە سەرجەم کۆمەڵگا و وڵاتەکان و بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە حکوومەتێکی سەرەڕۆ و تۆتالیتر زاڵ و دەسەڵاتدارە خەبات و تێکۆشانی جۆراوجۆریان لە پێناو بەدەستهێنانی پێگەی خۆیان دەست پێ کردووە و قوربانیی زۆریشیان داوە، ئەم ڕەوتە زۆرتر لە وڵاتانی ڕۆژاوا پەرەی پێ دراوە و تا ڕادەیەکیش ژنانی وڵاتانی ڕۆژاوایی سەرکەوتوو بوون و بە لانیکەمی ئامانجەکانیان گەیشتوون، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تا هەنووکەش نەک تەنیا بە هیچ ئامانجێکیان نەگەیشتوون بەڵکوو زوڵم و سەرەڕۆیی دەسەڵاتەکان زیاتر دەیانچەوسێنێتەوە و ژنانی ئەو نەتەوە و وڵاتانەی کە لەو ناوچەیەدا هەڵکەوتوون بۆ دابینبوونی ژیانێکی ئاسوودە و مافەکانی خۆیان لە خەبات و تێکۆشانیان بەردەوامن.

یەکێک لەو وڵاتانەی بەرەی ڕۆژهەڵات کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتووە و چەند نەتەوە و کەمینەی تێیدا دەژین، وڵاتی ئێرانە کە گرووپێکی ئاخوندی کۆنەپەرەست ڕێژیمێکی تۆتالیتێر و سەرەڕۆیان بەسەر ئەو وڵاتەدا زاڵ کردووە و هەموو دەسەڵاتێکی ئەو وڵاتەیان لەژێر چەپۆکی خۆیان و لە ناوەندێکی بەرتەسکدا قەتیس کردووەتەوە و حکوومەتێکی دژە مرۆڤ و سیستەمێکی دژە ژن لە سەرکارە کە نەک تەنیا باوەڕیان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەتی مافی ژنان نییە، بەڵکوو بە کەڵکاژۆ وەرگرتن لە ئایینی ئیسلام و بەنێوی ئەو ئایینەوە

ڕۆژانە بەردەوام بە شێوەی جۆراوجۆر لەو وڵاتە و بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی کوردستان کە لەلایەن ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێرانەوە داگیرکراوە، بێڕێزی بە کەرامەتی مرۆڤایەتی دەکەن کە ڕێژەی بێڕێزییەکان بەرانبەر بە ژنان زۆر زیاتر و بەرچاوترە، بۆیە ژنانی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتەش جیا لە ژنانی کوردستان کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە بە تێکڕای هاونەتەوەییەکانی خۆیان دژی ئەو ڕێژیمە بوون و بەردەوام خەباتیان کردووە و تاکوو ئێستاش کۆڵنەدەرانە بەردەوامن، بە هەموو شێوەیەکی ڕەوا بە دژی ئەو ڕێژیمە خەبات دەکەن و ئیلهامی ئەو خەبات و تێکۆشانەش لە ژنانی نەتەوەی کورد وەرگیراوە کە بەم هۆکارە سەرکییەشەوە ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان زۆر زیاتر لە ژنانی سەرجەم نەتەوەکانی تر و بەتایبەت نەتەوەکانی جوگرافیای وڵاتی ئێران دەچەوسێنەوە.

چەوسانەوەی ژنانی کوردستان دەتوانین بە دوو ڕەهەندی بنچینەیی پێناسە بکەین کە یەکەم پێشێل کردنی مافە نەتەوەییەکانیانە و دووهەمیش زەوت کردن و پێشێل کردنی مافە سێنفییەکانیانە کە بەشێکن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بۆیە ژنانی کوردستان دژ بەو چەوسانەوەیە سەنگەری پاراستنی نەتەوە و کەرامەتی خۆیان و نەتەوەکەیان هەڵبژاردووە و دەبێت بە هەر ڕوانگە و بیروباوەڕێکی جیاوازەوە هاوکات پێکەوە لە سەنگەرێکدا ویست و داخوازییە سێنفی و نەتەوەییەکانیان وەکوو دوو ڕەهەندی سەرەکی و بناغەیی تێکەڵ بکەن و لەو پێناوەشدا بە یەکگروویی و یەکڕیزییەوە خەبات و تێکۆشانی خۆیان درێژە پێ بدەن، ئەم دوو ڕەهەندەش دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێ بکەین.

## ڕەهەندی یەکەم: مافە نەتەوەییەکان

ژنانی نەتەوەی کورد بە هۆکەری ئەوەی کە نیشتمانەکەیان زیاتر لە سەد ساڵە بە شێوەی فەرمی لە دوو قوناغی جیاواز بەسەر چوار وڵاتدا دابەش و داگیر کراوە و نەتەوەکەیان بە سەر چوارحکوومەتدا دابەش کراوە، سەرجەم مافە نەتەوەییەکانیان لەلایەن داگیرکەرانی نیشتمانەکەیانەوە پێشێل کراوە و جیا لەوەش ڕێژیمە داگیرکەرەکان بەردەوام لە هەوڵی تواندنەوە و لەنێوبردنی نەتەوەکەیاندان و ڕۆژانە دەیان و سەدان تاوان لەسەر گەلەکەیان دەخولقێنن کە ژنان زۆر زیاتر و بگرە چەند بەرانبەری توێژەکانی تر دەبنە قوربانیی ئەم سیاستانەی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان و بەتایبەت ڕێژیمی دژە مرۆڤی ئیسلامیی ئێران، بۆیە ژنانی کوردستان لە پێناو مانەوە و ئازادی گەلەکەیان و ڕزگاری و سەربەستیی نەتەوە و نیشتمانەکەیان ڕوو دەکەنە سەنگەرەکانی شۆڕش و خەبات دەکەن.

## ڕەهەندی دووهەم: مافە سێنفییەکان

لەڕاستیدا هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، مافە سێنفییەکانی ژنان و سەرجەم توێژەکانی تری کۆمەڵگای کوردستان بەشێکن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کە ساڵانێکە خەباتی بۆ دەکرێت و ژنانی ڕیزەکانی شۆڕش کە بە دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و ئەو هەڵاواردنە ڕەگەزییانەی کە لە سێبەری ڕێژیمی چەقبەستووی ئیسلامیی ئێراندا بە شێوەی پیلان و بەرنامەداڕێژراو بەسەر کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵ کراوە، ڕوویان کردووەتە بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازانەی کوردستان و تا ڕادەیـەک لە سەنگەرەکانی شۆڕشدا بە لانیکەمی مافە سێنفییەکانیان گەیشتوون، بەڵام پێویستە خەبات بۆ جێگیرکردنی مافەکانی خۆیان لە کۆمەڵگای کوردستاندا بکەن و ئەو ژنانەی کە پێشڕەوی ئەو خەباتەن و بە ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی ژنانی کوردستان ئەژمار دەکرێن، دەبێت سەرجەم ژنانی کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەی ڕێکخستن و بە پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە بهێننە ڕیزەکانی ئەو خەباتەوە و بە شێوەیەکی سیسماتیکیش ئەرکداریان بکەنەوە.

سەرەکیترین ویست و داخوازیی ژنانی کۆمەڵگای کوردستان مافی یەکسانی کۆمەڵگا و جێگیرکردنی یاسایەکی دادپەروەرانەیە لە کۆمەڵگادا کە مافە سێنفییەکانیان تێیدا ڕەچاو کرابێت و لە سێبەری یاسایەکی سەربەخۆ و بەبێ زاڵبوونی هیچ ئیدئۆلۆژی توندڕەو و دەسەڵاتێکی دواکـەوتـوو بـەسـەر ئـەو یـاسـایـەدا، مافەکانیان پارێزراو بێت.

سەرەڕای ئەوەی کە ژنانی کوردستان وەکوو هەموو ژنانی نەتەوەکانی تری جیهان چەوساونەتەوە و لە سەرجەم ماف و داخوازییەکانیان بێبەش بوون و ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو چەوسانەوە و بێبشییە لەسەر ژنانی  نەتەوەی کورد بەردەوامە، بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوودا و لە پاش سەرهەڵدانی تەڤگەری ئازادیخوازانەی گەلی کورد ژنانی کۆمەڵگای کوردەواری بەرەو پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونێکی دیار هەنگاویان هەڵگرتووە و ئەگەر بڵێین هەنووکە ژنانی کورد بوونەتە پێشەنگ و ئیلهام بۆ سەرجەم ژنانی نەتەوە بێ دەوڵەت و ڕزاگاریخوازەکانی جیهان، دوور لە ڕاستیمان نەوتوو.

بۆ هەڵسانگاندی ئەو بابەتە و بۆ لێکدانەوەی هەر پێشکەوتنێک پێویستە مرۆڤ خاڵی دەستپێک و خاڵی کۆتایی و مەودای نێوانیان لە بەرچاو بگرێت، ئەگەر چاوێک بە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد و بەتایبەت خەباتی ژنانی کورد بخشێنین و لەگەڵ ئەو لانیکەمە دەستکەوتانەی کە ئێستا ژنانی کۆمەڵگای کوردستان بەدەستیان هێناوە لێکی بدەینەوە و هەڵسەنگاندی بۆ بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ژنانی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا بە ڕزگاری و ئازادیی نیشتمانەکەیان نەگەیشتوون، وەرچەرخانێکی هەرە مەزن و گەورەیان لە مێژووی خەباتی خۆیان و نەتەوەکەیاندا هێناوەتە ئاراوە و ڕۆژبەڕۆژ مێژوویەکی نوێ تۆمار دەکەن و لە ئێستاشدا وەکوو پارێزەری کەرامەتی مرۆڤایەتی، نێویکی نێونەتەوەییان تۆمار کردووە.

لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاکوو ئێستاش کە سەدەی بیست و یەکەمە و قیزەونترین و قرێژترین دیاردە مەترسیدارەکانی دژ بە ژنان وەکوو بەردەبارانکردنی ژنان بە بیانووگەلێکی کۆنەپەرستانە، کوژرانی ژنان بە بیانووگەلێکی بێبنەما، پژاندنی تیزاب بە ڕوومەتی ژنان و بێدەنگی دەسەڵاتەکان، بێڕێزییە سێکسییەکانی دژ بە ژنان و پەرە پێدانیان لەلایەن مۆرەکانی دەسەڵاتەکان و ...هتد ڕۆژبەڕۆژ زیاتر تەشەنە دەکەن و لە هێندێک وڵاتی وەکوو ئێران کە چەسانەوە و ستەم لەسەر ژنان بە شێوەی سیستماتیک و بەرنامەدارێژراو لەلایەن ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا بەڕێوە دەچێت و لە هەموو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و سەرجەم جیهان زۆر زیاترە و تەنانەت لە هەموو ڕوویەکەوە ژن وەکوو نیوەی پیاو هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت

یان بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە هەر دوو ژن بە پیاوێک ئەژمار دەکرێن، لە پەڕاوێزخستنی ژنان گەیشتووەتە ئاستێک کە خۆکوژی، خۆسووتاندن، ژنکوژی و دەیان دیاردە و قەیرانی تر لەو کۆمەڵگایەدا بوونەتە دیاردەیەکی ڕۆژانــە و ئاسایی بـوونـەتـەوە، بـەڵام هـەر لـەو ڕۆژهـەڵاتـی ناوەڕاستەی کە حکوومەتێکی وەکوو ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە وڵاتێکی فرە نەتەوە و کەمینە و کولتووری ئێران کۆمەڵگای ئەو وڵاتەی کردووەتە دۆزەخێکی دژوار بۆ ژنان، ژنانی کۆمەڵگای کـوردەواری لە شاخەکانی کوردستاندا گەیشتوونەتە ئەوپەڕی ئیرادە و باوەڕبەخۆبوون و بەبێ جیاوازیی ڕەگـەزی و بەبێ ئەوەی کە ژنبوونیان ببێتە لەمپەری سەرکەتنەکانیان، لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە دۆخێکی ئازاددا خەبات و ژیان دەکەن و لە هەموو بوارێکی سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و هونەریی و ... هتد، بەپێی ویست و حەزی خۆیان چالاکی دەکەن.

بەپێی بــەراوردی هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی دیکتاتۆر و بەتایبەتی ئەو بەشەی کە کەوتووەتە چوارچێوەی وڵاتی ئێران و لە ژێر چەپۆکی ڕێژیمێکی ئاخوندیی دڕندەدایە، ئەو خاڵانە کە ئاماژەیان پێ کـراوە بۆ ژنانی نەتەوەی کورد دەستکەوتێکی کەم نین، هەرچەند ژنانی کوردستان زۆریان ماوە تاکوو سەرجەم مافەکانیان دابین بکەن و ڕێگایەکی دوورودرێژیان لە پێشە، بـەڵام بێگومان ئـەو لانیکەمە دەستکەوتانەش کە لە چیاکانی کوردستاندا بەدەستیان هێناوە خەباتێکی بەرینیان لە پێناودا کردووە و هزرێکی بەهێزی لە پشتە.

# پێشکەوتنی
# خەباتی ڕێکخراوەییی ژنان



**محەممەد سلێمانی**
**چالاکی سیاسی**

بەشداریی ژنانی خەباتگێڕی سیاسیی خۆرهەڵاتی کوردستان لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیاندا، بۆ ئەو سەردەمە زێڕین و مێژووییە دەگەڕێتەوە کە حکوومەتی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد بە ڕێبەریی پێشەوای نەمر ڕاگەیاندرا، لەو ڕۆژەوە ژنان دەرفەتی بەشدارییان لە تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەییدا بۆیان ڕەخساوە و وێڕای هەوراز و نشێوەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی لەو بەشەی کوردستان بە دژی ڕێژیمە داگیرکەرە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە پێناوی بەهێزکردنی خۆی و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕیان سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی ژنان بڵاو کردووەتەوە و بەو جۆرە ئەو ڕێکخراوە نوێیە بووەتە جێگای هیوا و گەشبینی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان.

گەشەکردن و بەهێزبوونی کار و تێکۆشانی سیاسی و ڕێکخراوەییی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی تەمەنی دامەزراندن و خەبات و تێکۆشانییەوە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر جووڵە و چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان و ڕێکخراوە سێنفی و مەدەنییەکانی تر هەبووە، کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو هێزێکی مۆدێڕن و دێموکراتی ڕاستەقینە لە ڕەوتی خەباتیدا زیاتر گەشەیکردووە، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر فراوانتربوونی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب پاش دارمانی حکوومەتی پاشایەتیی بنەماڵەی پەهلەوی، کە بەشێکی بەرچاو لە سنوورەکانی ڕۆهەڵاتی کوردستان لە ڕووی

کۆنترۆڵ و بەڕێوەبەرییەوە بۆ ماوەیەک کەوتە ژێر دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتەوە، ئەوکاتە سەرەتایی قۆناغێکی گەش بوو کە بە ڕووی ژنانی ئەو بەشەی لە کوردستان کرایەوە و کار و چالاکییەکانیان بەرفراوانییەکی باشی بەخۆیەوە بینی.

ئەو سەردەمە سیاسییەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هات، دەرفەتێکی مێژوویی گەورەی بۆ یەکیەتیی ژنان و ڕیکخراوەکانی تر ڕەخساند تاکوو وێڕایی بەشدارییان لە خەبات بەدژی حکوومەتی ئاخوندیی ئێران و بەدیهێنانی مافە سیاسییەکانی گەلی کورد، بۆ بەدیهێنان و جێگیرکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆشیان سنووری تێکۆشانیان بەرفراوانتر بکەنەوە و داکۆکی لە یەکسانیی مافەکانیان بکەن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران جگە لە کار و چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ناوەندێکی گرینگی کۆکردنەوەی ژنانی خەباتگێڕ لە ڕیزەکانی خۆیدا، کاریگەریی گەورەی لەسەر بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە و ڕاستەقینە و بوێرانە لە پێناوی یەکسانی و بەدەستهێنانی مافەکانیاندا هەنگاوی زۆر دیار و بەرچاویان هەڵگرت و بەشداریکردنیان لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانە جەماوەرییەکاندا ڕچەشکێنی زۆریان کردووە و بە هەوڵ و هیمەت و پشوودرێژییان لە بەرخۆدانی نەتەوەییدا، کۆتاییان بەو نەریتە پاشکەوتووانەی کۆمەڵگای کوردستان هێنا و سەلماندیان کە لە بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی وڵاتدا ژنان هیچیێکیان لە پیاوان کەمتر نییە و دەتوانن ڕۆڵی کارا و هەستیار بگێڕن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە ژنان، جگە لە

پێگەیاندن و پەروەردەکردنی ئەندامانی خۆی لە ڕیزەکانی شۆڕشدا، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و خەباتی جەماوەریی و تێکۆشانی چەکدارییان لەنێو حیزبدا کەوتبوویەوە سەر شان و زۆر خاتوونی هەڵکەتوو و شۆڕشگێر لە سەنگەرەکانی بەرگریکردن لە مان و بوونی گەلەکەیاندا گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئـازادی کرد و لە ڕێزەکانی شۆڕشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی تێکۆشەر و مافویست لە پێناوی ئامانجە نەتەوایەتییەکاندا گیانی بەنرخیان بەخشی و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوون و یاد و ناویان هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە و وەکوو سەر قافڵەی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەیر دەکرێن.

حیزبی دێموکرات هەر لە سـەرەتای دامەزراندنیەوە باوەڕی بە یەکسـانی و بەشـداریی ژنان لە خەباتی سیاسی و نەتەوەییدا هەبـووە و لـە قۆناغـە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشـاندا هاوکاری و یارمەتیدەری کار و چالاکییەکانیان بووە و هاندەر بووە کە وێڕای هاوڕێیە پێشمەرگەکانیان بەشداری لە خەباتدا بکەن، بە خۆشیەوە یەکیەتیـی ژنان لە شۆڕشـی نوێی کوردسـتاندا دەورێکی گەورە و کاریگەریان لەسـەر شـان بووە و وێڕای برا پێشـمەرگەکانیان جگـە لـەوەی کـە بەشـدارییان لـە خەباتـی چەکـداری بەدژی سـتەمکارییەکانی ڕێژیمی دژی گەلیـی ئاخوندیی ئێراندا کردووە، لـە ئۆرگانـە جۆراوجۆرەکانـی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێراندا ئەرکە سیاسـی و نیشـتیمانییەکانی سەر شانیان بەوپەڕی لێهاتووی و دڵسـۆزییەوە جێبەجێ کـردووە و لە هیچ جۆرە کار و چالاکییەکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری درێغییان نەکردووە.

گەشەکردن و پێشکەوتنی خەباتی ڕێکخراوەیی ژنـان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دڵنیاییەوە کاریگەریی باشی لەسەر ئاستی وشیاریی سیاسی و پێگەیاندنی ژنان هەبووە و جگە لە داکۆکی کردن لە مافەکانیان لەنێو خێزان و کۆمەڵگادا، بۆ بەدیهێنانی مافە سیاسییە نەتەوەییەکانیشیان بەردەوام لە گۆڕەپانی خەباتدا بوون و بەشداریکردنیان بەردەوامی هەیە، خەباتی بـەردەوام و شێلگیرانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە شانازییەوە دەبێت بڵێین پانتاییەکی گـەورەی لە گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ خۆی گرتووە و دەوری باشیان گێڕاوە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی سەردەمیانە کار لەسەر وشیارکردنەوەی ژنان و هاندانیان بۆ بەشداری لە شێوەکانی خەباتی مەدەنیدا لە ئەستۆ بووە.

ئەگەر سـەیری مێژووی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گشتی و ناوچەییەکان بکەین، دەبینین کە لە کاتێکدا وڵاتێک بە تەواوەتی گەشە دەکات و هەنگاوەکانی دێموکراتیزەکردنی خۆی دەسـت پێ دەکـات کە ژنـان وەکـوو نیوەی کۆمەڵگا دەرفەتی بەشدارییان لە بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی وڵاتدا بۆ بڕەخسێت، ئەگەر بە شێوەیەکی خێراش بێت خراپ نییە  ئاوڕێک لە پێکهاتە و بەشداریی ژنان لە تێکۆشانی گۆڕەپانی سیاسی لە وڵاتانی ئورووپا و ئامریکادا بدەینەوە، چۆنکە ئەوکات بە باشی هەست بـەو ڕاستییە دەکـەین کە ژنـان ڕۆڵـی گـەورە و بێوێنەیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیاندا لەسەر شانە و بەشی زۆری پۆستە گرینگ و هەستیارەکان ژن بە ڕێوەی دەبن.

ئەو باسە بێگومان پێیوەندی ڕاستەوخۆی بە کار و هەڵسوڕانی ژنانی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە و بە خۆشییەوە

زەمینەی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فراوان لەنێو بزووتنەوە پێشکەوتنخوازاکانی کورد و یەکیەتییەکانی تایبەت بە ژنان بەدی دەکرێت و بێگومان دەوری بەرچاویان لە داهاتووی سیاسیی وڵاتدا دەبێت، بۆ ئەو مەبەستە و خۆئامادەکردنیان بۆ قۆناغی سیاسیی داهاتووی ئێران و کوردستان، ژنان لە ئێستاوە پێویستە لە بیری پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادرەکانیاندا بن و بە سەرکەوتن و پێشەوەچوونێکی بچووک، باڵنجی دڵنیایی نەخەنە ژێر سەریان.

ئەگەر تۆزێک بۆ ڕابردوو بڕوانین و سەیری ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی شێوەکانی خەباتی ڕێکخراوە مەدەنییە نێوخۆییەکان بکەین، دەبینین کە ژنان لە زۆربەی چالاکییە ڕۆشنبیری و ژینگەپارێزییەکان و ڕێزگرتن لە بۆنە نەتەوەییەکاندا پێشنگایەتی ئەو ڕەوتە نوێیە دەکەن و لە زۆربەی چالاکییەکاندا تا ڕادەیەک لە پێشەوەی پیاوانن، بێگومان بەشداریی کارایی ژنان لە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە سەرەتای خاڵێکی گۆڕانکاریی گرینگی مێژوویی لە تێکۆشانی سیاسیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەیر دەکرێت و ئەو بابەتەش بەگشتی ئەو ڕاستیەی سەلماندووە کە ئاستی وشیارییان لە لووتکەی بەرزیی خۆیدایە.

ژنان وەکوو بەشێکی گرینگ لە کۆمەڵگای کوردستان، ڕۆڵی گەورەیان لەنێو شۆڕشی کوردستاندا لەسەر شان بووە و سەرەڕای هەوراز و نشێوی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا، توانییان بەردەوامی بە کار و هەڵسوڕانی خۆیان بدەن و لە بەشێکی گرینگی ئۆرگانە حیزبیەکاندا ئەرکە

سیاسی و ڕێکخراوەییەکانیان بەڕێوە ببەن، ئەو باسە دەکرێت بە دەستپێکێکی نوێ لە خەباتی ژنان سەیر بکرێت و ئەگەر بە وردی تیشک بخەینە سەر کار و هەڵسوڕانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بێگومان بەو ئاکامە دەگەین کە کاری گەورە و جەوهەرییان لە مێژووی خۆیاندا تۆمار کردووە و لە ئێستادا ژنان بوونەتە هەوێنی خەباتێکی بەرینی سیاسی و مافخوازی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

خەباتی یەکیەتیی ژنان بە تەنیا خۆی لە بەدەستهێنان و جێگیرکردنی مافی یەکسانی لەنێو خێزان و لەنێو کۆمەڵگادا بەرتەسک نەکردووەتەوە، بەڵکوو ئەرکی تری خەباتیان لەسەر شان بووە و ڕوانین و ڕوانگەی ئەوان و کاریگەرییان لەسەر بڵاوکردنەوەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لەنێو ژناندا مێژوویەکی گەشی هەیە، دەبێت بە شانازییەوە ئەوە بڵێین کە ژنان لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا بە کۆی ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان گەیشتوون و ئەمەش بۆ ئەو بیروباوەڕە قووڵەی حیزبی دێموکرات بە یەکسانی ژن و پیاو لەنێو خێزان و کۆمەڵگادا دەگەڕێتەوە، لە ڕوانگەی سیاسی و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتەوە ژنان وەکوو پیاوان لە بازاڕی کاردا دەرفەتی کارکردنیان بۆ دەڕەخسێت و مووچەی شیاوی خۆیان بە گوێرەی کارەکەیان پێیان دەدرێت و لەبەر هۆکاری ژنبوونیان لە هیچ جۆرە دەسکەوتێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بێبەری ناکرێن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەگشتی بۆ هەموو لایەک، بەبێ جیاوازی دەستەبەر دەکرێت و پارێزراو دەبێت.

لەو سەردەمەوە کە حکوومەتی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد ڕاگەیاندراوە، دەرفەتی دەمەزراندنی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەژێر نێوی کۆمیتەی "یایان" و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لەژێر نێوی کۆمیتەی "جەوانان" لەو بەشەی نیشتمان پێک هات، ژنانی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کوردستان لەو دەمەوە شانبەشانی پیاوان بەشداریی چالاکانەیان لە شۆڕشدا کردووە و گەشەکردن و بەهێزبوونی شۆڕشی خۆرهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتیشدا کاریگەری و شوێندانەرییان لەسەر ئاستی فراوانی کار و هەڵسوڕانی ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا داناوە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان یەکەم ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە ژنان بوو کە خاوەنی بەرنامە و پێڕەوی خۆی بێت و لە چوارچێوەی بەدیهاتنی ئامانجە بنەڕەتییەکانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، جێگیرکردنی ئازادی و دابیکردنی یەکسانی و هاوسەنگی لە نێوان سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری تێیدا ڕەنگی دابێتەوە و ژنانی تێکۆشەر زۆر چالاکانە بەشداریی کایە سیاسی و مەدەنییەکانیان کردووە و بە کار و خەباتی خۆیان، توانیان هێز و لێهاتوویی خۆیان لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بسەلمێنن، لەکاتێکدا ژنان دەستیان بە خەبات کرد کە سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان سەرەتا بۆ تێکۆشانی ژنان لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەییدا دەرفەتی شیاوی بۆ نەڕەخسابوو و دابونەریتە باوەکان گەورەترین کێشەیان لەسەر ڕێگای چالاکییەکانی ژنانی کوردستان بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوام لەسەر ئەو بیروڕایە بووە کە ئەگەر لە کۆمەڵگای کوردستان و شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتدا بایەخ بە هێز و توانای ژنان نەدرێت و بنەماکانی دێموکراسی و ئازادی کە تێیدا یەکسانیی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات مەجالی بۆ نەڕەخسێت، بێگومان گەشەکردنی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی هاوسەنگی جەوهەریی خۆی لەدەست دەدات و بەشێکی کاریگەری پێکهاتەی خەڵکی کوردستان لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی درفەتی بەشدارییان لە کایە سیاسی و پێشکەوتنەکاندا بۆ نارەخسێت، هەر بۆیە ژنانی خەباتگێڕ لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەرفەتی فراوانی بەشداریکردنیان لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی بۆ پێک هاتووە و سیاسەتی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە ژنان وێڕای سەربەخۆیی بڕیاردان و ڕوانگەی سیاسی و نەتەوەیی، خەبات لە پێناوی مافەکانیاندا بکەن و بە جۆرێک وشیاریی کۆمەڵایەتی بڵاو بکەنەوە کە بە هەڵە لە چەمکە گرینگەکانی تێکۆشانی هاوبەشی سیاسی و ڕێکخراوەیی تێنەگەن و نێوانی پێکەوەکارکردن لەگەڵ پیاواندا کورتتر بکەنەوە و بە سیاسەتی خۆجیاکردنەوە و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاواندا بە مافە بنەڕەتییەکانیان ناگەن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاکوو ئێرە سیاسەتێکی دروست و زۆر ڕوونی پێڕەو کردووە و لە ڕێگای تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خولقێنەری کێشەی کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزکردنی کەشوهەوای سیاسیی نیشتمان نەبووە و زۆر بە سەلیمی لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا چووەتە پێش و دژایەتی هەر

جۆرە جیاکاریی و هەڵاواردنێکی لە نێوان ژن و پیاودا کردووە و بەردەوام بە دوای خاڵە هاوبەشەکانی تێکۆشانەوە بووە.

یەکیەتیی ژنان سیاسەتێک بەڕێوە دەبات کە دەرفەت و مەجالی تێکۆشانی فراوان و هاوبەشی لەگەڵ کۆی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەنێو جووڵانەوە مافخوازییەکانی کوردستاندا بە شێوەیەکی سەردەمیانە دابین بکات و بە ژیری و هەستیارییەوە درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن.

زۆر گرینگە کە ژنانی کورد هەوڵی گرێدانی خەباتی خۆیان بە بزووتنەوەکانی ژنانی سەرانسەری جیهان و کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر کار بکەن و دەنگی ئازادیخوازی و گۆڕانخوازیی خۆیان بگەیەننە ناوەندە بڕیاردەرە سیاسییەکانی جیهان.

ژنانی کوردستان دەتوانن تێکۆشانی خۆیان هاوشانی جووڵانەوە سەرانسەرییەکانی جیهان بکەن و بەو شێوەیە دەرگا سیاسی و دیپلۆماسییەکان بە ڕووی خۆیاندا بکەنەوە، ژن وەکوو گرینگترین پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەلگا لە دنیای دەرەوەی ئێراندا سەرنج و بایەخی زۆر تایبەت بە ماف و کار و چالاکییەکانیان دەدرێت و بێگومان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی ژنانەوە دەتوانێت کاری زۆر گەورەتر لەسەر ئاستی گشتیدا جێبەجێ بکات کە بە تەواوەتی بە قازانجی تێکۆشانی سیاسیی ژنانی کورد و کوردستان بێت.

# فێمێنیست




**کامیل ئازەریون**
**نووسەر**

لێرەدا دەمەوێت باسێک لەسەر فێمێنیست و بیرۆکەی دروستبوونی فێمێنیست لە جیهان و هەروەها گاریگەرییەکانی لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەم چەمکە تێیاندا سەرکەوتوو بووە و توانیەتی جێگای خۆی بکاتەوە، بنووسم.

خۆی هەر شتێک نەزانین چییە ناشزانین بۆچی دەبێت و کاریگەریی چی دەبێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە پێشدا دەبێت بزانین فمێنیست چییە!

فێمێنیست بۆ یەکەمجار لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەی زایینیدا لە وڵاتانی فەرانسە و هولەنددا سەری هەڵ دا و لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و هەروەها لە بریتانیادا سەری هەڵ دا و ئەم ساڵانە بە ساڵی لەدایکبوونی فێمێنیست لە جیهاندا ناسراوە.

خۆی ناتوانرێت فێمێنیست وەکوو ڕێکخراوێک کە هەر لە سەرەتادا هەموو ویستەکانی لە چوارچێوەیەکدا دیاری کردبێت وهەر لەم چوارچێوەیەدا هەوڵی ڕێکخراوەکەی دیاری کردبێت، پێناسە بکەین و بڵێین بەپێی ئەم ویست و داواکارییانە دامەزراوە و درێژەی بە کارەکانی داوە، بەڵکوو لە سەرەتادا ژنان لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینی و لە سەرەتای دەسپێکی ئەم بیرۆکەیە هەوڵێکی زۆریان دا تاکوو بتوانن مافی دەنگدان وەربگرن و ژنانیش لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا ڕاستەوخۆ و بە شێوەی دەنگدان بەشدار بن و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆریان دەست پێ کرد، ژنان بە هاتنە سەرشەقام و دەربڕینی دەنگی ناڕازیبوون و ناڕەزایەتیی خۆیان لە پێشێل کردنی مافەکانیان

توانییان ئەم مافە دەستەبەر بکەن و ژنانیش بتوانن لە چارەنووسی وڵاتی خۆیان و بەتایبەت لە بواری سیاسەتدا بەشدار بن.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەو ژنانەی کە بۆ ئەستاندنی مافەکانیان دەنگیان هەڵبڕی و هاتنە سەرشەقامەکان، خۆیان وەکوو فێمێنیست پێناسە دەکرد کە بە بەردەوامیی سەرهەڵدانەکانیان وردە وردە ئەم نێوە هاتە نێو ئەدبیات، هونەر، سیاسەت، مێژوو، ئابووری، مافناسی و کۆمەڵناسی و بە گشتی هەموو کولتووری وڵاتانی ڕۆژاوای گرتەوە و فێمێنیست بوو بە ناوێکی ناسراو بۆ خەبات لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان.

لە بابەت ئەم چەمکەدا زۆر کەس فێمێنیستیان پێ ڕێکخراوێکە کە هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیخوازیی مافی ژنان و پیاوان لەنێو کۆمەڵگادا، بەشێکی تر بە ڕێکخراوێک پێناسەی دەکەن کە هەوڵ بۆ نەهێشتنی زولم و زۆرداریی ڕەگەزی بەرانبەر بە ژنان دەکرێت و کۆمەڵێک پێیان وایە فێمێنیست ئایدئۆلۆژییەکە کە ویستوویەتی گۆڕانکاریی بنچینەیی بکات بەسەرهەموو دەژبەرانی خۆی لەنێو کۆمەڵگادا و هەموو بە تێکڕایی لەسەر ئەم خاڵە کۆکن کە ژنان بە هۆی ڕەگەزی ژنبوونیانەوە زوڵمیان لێ کراوە و ڕۆژانە ڕووبەڕووی هەموو شێواز و جۆرەکانی هەڕەشە دەبنەوە.

ژنان لە گرینگترین مافەکانی خۆیان کە لە سەرەتای دروستبوونی ئەم بیرۆکەیەوە توانییان وەریگرن، مافی دەنگدان بوو کە ئەویش بە ڕێبەرایەتیی ژنە شۆرشگێر و ماندوونەناسی ئەم بوارە، خاتوو "ئێملین پێنکهێرست" و دوای شەڕی گەورەی یەکەمی جیهانی بوو، ژنان توانیان ئەم مافە تەنیا لە بریتانیا و ئاڵمان بەدەست بهێنن و لە وڵاتانی تر وەکوو فەرانسە و ئیتالیا تا کۆتایی شەڕی دووهەمی

جیهانی نەیانتوانی ئەم مافانە بەدەست بهێنن کە گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە ڕووی سیاسی بۆ کۆمەڵگای ژنان و بە تایبەت لە بارودۆخی پاش شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهان کە هێزی ژنان بوو بە هۆکاری چاککردنەوەی ئەو هەموو وێرانکاریانەی پاش شەڕ و ژنانیش دوای شەڕی دووهەم، کەم کەم لە وڵاتانی ڕۆژاوادا گاریگەرییان هەست پێ دەکرا و دەبوون بە دەستەڵاتدار و توانیان خۆیان لەنێو کۆمەڵگادا جێ بکەنەوە و دوای دەسکەوتی وەرگرتنی مافی دەنگدان بتوانن داوای مافی وەرگرتنی تەڵاق و هەروەها مافی بەنێوخۆکردنی تاپۆی خانوو و ... هتد بکەن و پەرە بە ویستەکانیان بدەن، تاکوو ئێرەی باسەکەمان و تاکوو ساڵی ١٩٦٠ی زایینی، ئەم هەموو هەوڵ و چالاکییانەی ژنان بە شەپۆلی یەکەمی فێمێنیست ئەژمار دەکرێن.

لەڕاستیدا دەتوانین دەسپێکی کارەکانی ژنان و فێمێنیستەکان لە دەرچوونی یەکەمین یاسای ڕێکخراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتۆکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بگەڕێنینەوە کە پاش دەرکردنی ئەم یاسایە ژنان ئەم ویستانەیان ئاڕاستەی کۆمەڵگای خۆیان کرد و چوارچێوەی کاریی ڕێکخراوەییان بەم چەشنەی خوارەوە دیاری کرد.

خاوەندارێەتی لە هەموو لەشی خۆیان و خۆدموختاربوونیان، مافی دەنگدان، مافی کار، دەستەبەرکردنی مافی بەرانبەری لە کاری هاوشێوە لە گەڵ پیاوان، مافی هەبوونی مڵک و خانوو و ترۆمۆبیل بە تاپۆی بەنێوی خۆیانەوە، مافی خوێندن، مافی بەشداریکردن لە هێزە سەربازییەکانی وڵاتدا، مافی ڕێپێدراوی

گرێبەستە ئابوورییەکان، مافی سەرپەرشتیی منداڵ یان منداڵان، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر بە شێوەی ئازاد، مافی هەڵبژاردنی ئایین بە شێوەی ئازادانە و دڵخواز، مافی بڕیاردانی ئازادانە بۆ هەموو بڕیارەکان، مافی سەفەر و چوونەدەرەوە لە وڵات بەبێ ڕەزامەندی هاوسەر و باوک و ... هتد، بەم شێوەیە ژنان بە ڕێکخراوەیی هاتنە نێو گۆڕەپانی داواکردنی مافە زەوتکراوەکانیان و دەنگیان لە هەمبەر کۆمەڵگای پیاوسالاریدا هەڵبڕی، چاوەدێرانی ئەم بوارە ئەو ڕەوتە بە سەرهەڵدانی شەپۆلی دووهەمی فێمێنیست ناودێر کردووە.

ئەمجارە ژنان تەنیا بە مافی دەنگدان دڵخۆش نەبوون و لە شۆڕشەکەیان دەستهەڵگر نەبوون و ئەمجارە هەوڵەکانیان بەرفراوان تر کردەوە و پەرەی زیاتری ستاندووە، دەکرێت بڵێین شەپۆلی دووهەمی فێمێنیستی لە فەرانسە و بریتانیا قەرزداری نووسەرانی وەکوو "سیمۆن دوبووار" و "وێرجینیا ڤۆلف"ـە، ئەوان بوون کە ژنانیان هان دا بۆ ئەوەی کە مافەکانیان بنچینەیی بکەن و لە ئاستی دەسەڵاتدارانی وڵات بیگوازنەوە بۆ بچووکترین بەشی کۆمەڵگا واتە بنەماڵە، ئەوان بوون کە ئازایەتی ئەوەیان دا بە ژنان کە لە هەمبەر چەوساندنەوەی بنەماڵەکانیان لە بەرانبەریاندا ڕاوستن و لە بنەماڵەکانەوە دەست بە گۆڕانکاری بکرێت، ئەو دوو نووسەرە بوون کە داوایان لە ژنان کرد بۆ بەرفراوانکردنی ویستەکانیان و بەدەستهێنانی مافی بەرانبەریی ژنان لە بەشی سیاسی، کولتووری و فەرهەنگی، کارکردن و دژکردەوە لە بەرانبەر تێڕوانینێکی ژنان وەکوو ڕەگەزێکی لاواز و

له کۆتاییدا داوای بەشداریکردنی ژنان لە زانست و فەلسەفەدا کە تاکوو ئەوکات کەمتر ژنان دەستیان بۆ ئەو شێوە کارانە بردبوو، بە مەبەستی پێگەیاندنی ژنان و ورە و وزەپێدان و بوێریی ژنان بوو بۆ ئەو بابەتانەی کە تاکوو ئەو سەردەمە بە کاری پیاوان دەزاندرا.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا دوو ژنی نووسەر بە نێوەکانی "جوولیا کریتوا" و "لۆس ئیریگری" کە بە نووسەرانی شەپۆلی سێهەمی فێمێنیستی دەناسرێن، ڕەخنەیان لە نووسینەکانی "دوبـوووار" گرت و پێیان وا بوو کە "دوبـوووار" نەیتوانیوە بە شێوەی بنچینەیی و قووڵ بچێتە ناو کێشەکانی پرسی ژنان و مافی ژنانی هێناوەتە هاوسەنگی مافەکانی پیاوان کە ئەوەش خۆی پێش لە ئازادبوونی ژنان دەگرێت، بە باوەڕی شەپۆلی سێهەمی فێمێنیستی، ژنان پێکهاتەی ڕەنگ، نەتەوە، کۆمەڵگا، کولتوور و هەروەها تایبەتمەندیی تایبەت بە ناوچەکانی خۆیانن و بۆ ئازادیی ژنان لە ئاستی جیهاندا دەبێت ئەو تایبەتمەندییانە ببینی دەنا شۆڕشەکە سەرکەوتوو نابێت و ناتوانێت نوێخوازی بە خۆیەوە ببینێت، دەکرێت وەکوو تایبەتمەندیی ناوچە جیاوازەکانی جیهان بۆ فێمێنیست باس لەو چەمکە بکەین لە وڵاتانی جیهان کە بەپێی باوەڕەکانیان فێمێنیستێکی تایبەتییان هەڵبژاردووە، بەڵام لە بنچینەدا هەموویان بۆ یەک مەبەست تێدەکۆشان کە ئەویش بەدەستهێنانی مافی بەرانبەری نێوان ژن و پیاو بوو لە هەموو بوارێکدا و بەردەوام بوون لە ویست و داخوازییەکانیان تاکوو ڕۆژی بەدەستهێنانی مافەکانیان و نوێکردنەوەی ویستەکانیان بەپێی هەلومەرجی نوێی جیهان.

## فێمێنیستی لیبراڵ

ئەم شێوە فێمێنیستییە، لە ناسراوترین شێوەکانی فێمێنیستییە کە پێی وایە بە هەبوونی دەسەڵاتی لیبراڵی، ژنان دەتوانن هەموو مافەکانیان دەستەبەر بکەن و ئەوان پێیان وایە دەسەڵاتی لیبراڵی بە هەبوونی ڕێکخراوی زۆر و مافی دیاریکراوی یاساکانی، توانایی دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنانی هەیە، بەڵام ئەویش ناتوانێت ڕاستەوخۆ هەموو مافەکان بۆ ژنان دەستەبەر بکات و ئەوە ژنانن کە دەبێت لە وەها کۆمەڵگایەکدا بە کەڵک وەرگرتن لە مافە ئازادییەکان پەرە بە بیری فێمێنیستی بدەن و دژایەتی نەکردن و هەڵاواردنی مافەکانی ژنان لە کۆمەڵگادا بکەن بە کولتوور و لە پێناویدا کار بکەن.

## فێمێنیستی سوسیالیستی

ئەم شێوە فێمێنیستانە لەسەر ئەم باوەڕەن کە چەوسانەوەی ژنان دوو هۆکاری سەرەکی هەیە، یەکیان دەسەڵاتی سەرمایەداری و دووهەمیان پیاوسالارییە کە بە باوەڕی ئەوان ژنان نابێت هەر بە تەنیا دژی یەکیان بوەستن و بۆ سەرکەوتن دەبێت دژی هەردوو هۆکارەکە بوەستن تاکوو سەرکەوتوو بن، بۆ نموونە ژنان نابێت کارگەکانی بەرهەمهێنان کە کاریان تێدا دەکەن و داوای پێدانی مووچە و مافی بەرانبەری لەگەل پیاواندا دەکەن و ئەو مافەیان بەدەست هێنا وابزانن سەرکەوتوون کە چی لە ناو بنەماڵەدا بە هۆی زۆرداری پیاو دەچەوسێنەوە، ئەم شێوە فێمێنیستییە پێیان وایە ژنان دەبێت هەموو جێگایک بکەن بە گۆڕەپانی داواکردنی ویست و مافەکانیان تاکوو ئەو کاتەی کە لە هەموو ئاستێکدا ئازادی دەستەبەر دەکەن، کۆڵ نەدەن و خەباتیان لەم پێناودا بەردەوام بێت.

## فێمێنیستی مارکسیستی

هەر وەکوو لە نێوەکەیدا دیارە ئەم شێوە فێمێنیستییە تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە لە هەمبەر کێشەی ژنان و پێیان وایە ئەو زوڵمەی کە لە ژنان دەکرێت تەنیا بەهۆی هەبوونی سیستەمی سەرمایەدارییە، لە ڕاستیدا ئەوان بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بە شێوەی سەرمایەداری بە هۆکاری بنچینەیی دەبینن لە بەرانبەر بەدەستهێنانی مافی ژنان، ئەم شێوە فێمێنیستییە زۆرتر کار دەکات بۆ چینی کرێکاریی ژنان و داوایان لێ دەکات پەیوەست بن بە ڕێزی شۆڕشگێڕان و بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیست و تاکە شێوەی دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان بۆ سوسیالیستی وسوسیالیستبوون دەگەڕێنەوە.

## فێمێنیستی ڕادیکاڵ

ئەم شێوە فێمنیستییەش تایبەتمەندی خۆی هەیە و زۆر جیاوازە لە شێوەکانی تر و تەنانەت ڕەخنەش لە شێوەکانی تری فێمێنیستی دەگرێت و بە باوەڕی ئەوان هەموو شێوەکانی تری فمێنیستی کەڵک لە بیرێکی پیاوانە وەردەگرن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و ئەوە شتێکی هەڵەیە و دەبێت ویست و داخوازییەکانی ژن، ژنانە بێت و ئەم شێوە بیرۆکەیە گەورەترین زوڵمە کە لە بەرانبەر ژناندا و هاوکات وەکوو دەڵێن مێژووییترین چەوسانەوەی ژنان چەوسانەوەی ڕەگەزیی یان باشترە بڵێین چەسانەوەی سێکسییە و پێیان وایە کە بە هۆکاری ڕەگەزیانەوە پیاوان بە درێژایی مێژوو وەکوو ئامرازی سێکس چاویان لێ کردوون و ئەوان لە بنچینەدا خوازیاری سەرکەوتن بەسەر ڕەگەزی پیاودا بوون کە تاکوو

ئێستاش لەسەر هەمان باوەڕن و پێیان وایە جیهان بەسەر دوو ڕەگەزی پیاو و ژندا دابەش بووە کە پیاوان چەوسێنەر و ژنان چەوساوەن، ئەوان پیاو وەکوو گەورەترین دوژمنی ژن دەناسن و دەڵێن پیاو دژی بەدەستهێنانی ئازادیی ژنانن و داوای شۆڕشێک بۆ گۆڕینی ئەم شێوەی کۆمەڵگایە دەکەن لەلایان ژنانەوە.

ئەوانەی کە باسیان لێ کرا تەنیا بەشێکی کەم بوون بەڵام لە بنچینەدا کۆی گشتیی داخوازی و شێوەکانی گشتی بیری فێمێنیستیی جیهانە کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگا و لە ئاستی جیهاندا تێدەکۆشن و باوەڕیان پێیە و لە پێناویدا خەبات دەکەن و هەوڵی زیاتر دەدەرێت کە لەو پێناوەدا کار و چالاکی بکرێت، ژنان خۆیان باسکیان لە وەرگرتنی مافەکانی خۆیان هەڵماڵیوە و مافەکانیان دەستێنن و پەرە بە پانتایی ویستەکانی خۆیان دەدەن و نوێی دەکەنەوە و واز لە دەستەبەرکردنی مافەکانیان ناهێنن لە ئاستی سەرانسەری جیهان و بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژاوادا.

بۆ نموونەی ئەم باسە پەندێکی کوردی هەیە کە دەڵێت: "هەموو نزایەک بۆ ئامین گوتنە"، هەموو ئەمانە لە جێگایەک و جێگای ڕێز و پێداهەڵگوتنە، بەڵام لە ئەمڕۆی کوردستاندا دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان لە چە ئاستێکدایە و دەکرێت باسێک لە تایبەتمەندیی فێمێنیستی کورد بکەین، هەرچەندە لەسەر ئەو باوەڕە نیم کە لەنێو ژنانی کورددا چالاکیی فێمێنێستی بوونی هەبێت یان ئەگەر هەشبێت زۆر کەمن و وادیارە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگای ژنانی کورد نەبووە، بەڵام هاوکاتیش ژنانی کورد خاوەنی ڕێکخراوگەلێکی تایبەت بە خۆیانن.

له کۆمەڵگای ئێمەدا بەداخەوە ژنان ڕۆژانە لەلایەن پیاوانەوە بەرەورِووی شێوەکانی توندوتیژی دەبنەوە و تەنانەت لەلایەن برێک لە خۆدی ژنانیشەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و ئەو ژنانەش خۆیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەشێکن لە پەرەسەندنی توندوتیژی لە بەرانبەر ژنانی کۆمەڵگا و هەر وەکوو زۆربەی کۆمەڵناسەکان و دەروونناسەکان ئاماژەی پێ دەکەن، توندوتیژی لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت کە بریتین لە:

### ئەلف: توندوتیژیی جەستەیی

بەداخەوە زۆر جار ئەم شێوە توندوتیژییە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا دەبیندرێت کە بە شێوەی لێدان دەنگی ژن سەرکوت دەکرێت و کەسایەتیی ژن دەبەنە ژێر پرسیار و لە زۆربەی ئەم کاتانەدا ژنان بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە وەکوو هەبوونی منداڵ یان ماڵی باوکییەوە یان قسە و قسەڵۆکی خزم وخەڵکییەوە بێدەنگی هەڵدەبژێرن، ئەمە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشیی دەروونی لەنێو ژناندا کە بە داخەوە زۆر جار ڕووداوی زۆر ناخۆش وەکوو خۆسووتاندن و خۆهەڵواسینی لێ دەکەوێتەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا ئەمە بووەتە دیاردەییەکی مەترسیدار لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

### ب: توندوتیژیی سێکسی

ئەم شێوە توندوتیژییە بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی کە ژنان لە بەرانبەر پیاواندا هیچکات هەست بە ئارامی نەکەن و هەردەم

لایان وابێت کە پیاو تەنیا بە هۆکار و مەبەستی ناپاک لەگەل ژندا دەدوێت و هیچکات بە هۆی ئەم شێوە توندوتیژییەوە پیاوان نابنە جێگای متمانەی ژنان، دیارە ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە هێندێک لە ژنانیش کەسایەتیی خۆیان لەدەست بدەن و کەڵک لەم بابەتە وەربگرن و بیکەن بە ئامرازێک بۆ ئەوەی بە وتەی خۆیان تۆڵە لە پیاوان وەربگرنەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی کەسایەتیی ژن و بە لاڕێدا ڕۆیشتن، بەداخەوە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا هەر لە سەرەتای کچێکی لاوی تازەپێگەیشتووەوە بە شێوەی مەتەڵ پێ وتن و قسە پێ وتن لە ڕۆژێکدا بە دەیان جار تووشی دەستدرێژیی سێکسی دەکەنەوە کە ئەمەش بێڕەوشتی و نەبوونی یاساییەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم شێوە توندوتیژییە ببێتەوە، دەبێتە هۆکاری پەرەستاندنی ئەم بابەتە و دیسانیش ژن بە هۆی عەیبە و لە ترسی کۆمەڵگا و خزم وخەڵکدا لە بەرانبەر ئەم شێوە توندوتیژیانشدا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

دیارە ژنانی کورد دووجار دەچەوسێنەوە، یەکیان لە ئاستی نەتەوەییدا کە نەتەوەی کورد وڵاتی داگیر کراوە و لەلایەن داگیرکەرانی نیشتمانەکەیانەوە زوڵمێکی نەتەوەییان لێ دەکرێت و دووهەم چەوسانەوەی ژنبوونیانە، ژنانی کورد بە هۆکاری ئەو کۆمەڵگایەوە کە ژن دەچەوسێننەوە و ئازادییەکانیان لێ زەوت دەکرێن، بە داخەوە هەر لە تەمەنی ساوایەتیدا گەورەترین غەدر کە لە ژنان کراوە خەتەنەکردنی کچانە بەپێی بیرۆکەی کۆنەپەرەستیی باو لە کۆمەڵگا بەسەر ژنانی کورددا سەپاوە، بەخۆشییەوە لەم ساڵانەی دواییدا ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا کەمرەنگ تر لە جاران بووەتەوە و بەرەو

نەمان دەچێت، بەڵام لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆرەکانی تر مافی ژنان پێشێل کراوە، وەکوو گەورە بە بچووک و ژن بە ژنە و مارەکردنی کچان لەسەر لانکە و بە زۆر بە شوودانی (بەمێرددان) کچان و ... هتد.

بە داخەوە کەم وا هەبووە دەنگی ژنان لە هەمبەر ئەم هەموو پێشێلکاری و غەدرە زۆرە کە لە بەرانبەریاندا دەکرێت ببیسترێت، هەڵبەت ژنانیش لەم بوارەدا بە هۆکاری کۆمەڵگای دەسەڵاتداریەتی لەلایەن پیاوانەوە زۆر چالاک نەبوونە و نەیانتوانیوە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگای خۆیان دابنێن و زۆرتر بێدەنگییان هەڵبژاردوە.

### پ: توندوتیژیی دەروونی

لە جۆرەکانی تری توندوتیژی لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا دەکرێت ئاماژە بە کولتووری سەقەت بکەین کە هۆکاری سەرەکی ئەم شێوە توندوتیژییە خۆدی ژنانن، ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بەهۆکاری قسە و قسەڵۆکەوە زۆر جار ژنان نەیانتوانیوە بگەنە ئاواتەکانی خۆیان و لە ترسی قسە و باسی کۆمەڵگا کە پێیان وایە ژن دەبێت هاوسەرگیری بکات و ئەگەر نەیکردبێت سەد جۆرە ناو و ناتۆرەی لێ هەڵدەدەن، ژنانی کۆمەڵگای ئێمە بە ناچاری زۆر جار دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە و ملکەچی هاوسەرگیری بوونە و وازیان لە داهاتووی ڕووناکیان هێناوە و کەوتوونەتە ناو ژیانی هاوسەرییەوە و زۆر زوو و بەخێرایی بوونەتە دایک و ویستەکانیان سەرکوت کراوە.

بەداخەوە بێمتمانەیی بە ژن بووەتە مۆتەکەی گیانی ژنان لە کوردستان و ژنانیش بۆ هەموو کردەوەیەک دەبێت لەلایەن باوک

و برا یان هاوسەرەکانیانەوە ڕێگایان پێ بدرێت و جیا لەمەش ناتوانن شتێک بە ئیرادە و بەبێ ڕێپێدراوی پیاوان بکەن.
وەکوو مامۆستا هێمن موکریانی دەڵێت:

**ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم**
**تەماشا کەن چە سەیرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم.**
**ئەم دێڕە شێعرەش دەتوانم بڵێم دۆخی ژنانی کورد پێناسە دەکات.**

ئەوەی کە ئاماژەی پێ کرا بووەتە هۆکاری هەست کردن بە دیلبوونی ژنی کورد و ئەمەش ڕێگرە لە هەمبەر سەرکەوتنی ژنانی کوردستاندا کە هیوادارم ژنان هەوڵی زیاتر بدەن بۆ نەهێشتنی ئەم بابەتە، ئەمە هەشتێک لە مشتێکی ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئێمەن کە وەکوو کێو لە بەرانبەر سەرکەوتنی ژناندا ڕاوەستاون و زۆر جار ژنان دەبێت بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانیان لەم هەموو کۆسپ و نەهامەتییانە دەرباز بن، بەڵام بە خۆشییەوە بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئێمەش خۆیان پاڵپشت و ڕێنیشاندەری ژنانن بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانیان و لای زۆرینەی لە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئەم باوەڕە هەیە کە بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێت سەرەتا ژن ئازاد بێت و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیان داوە و بەردەوام هەوڵیش دەدەن.

ئێمەش وەکوو نەتەوەی کورد دیارە خاوەنی کولتوور و بیرۆکە و بیرکردنەوەی جیاوازین و ژنانی کوردیش بەپێی ئەم کولتوورە خاوەنی ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیانن کە وەکوو هەموومان ئاگادارین بە خۆشییەوە ژنانی کورد زۆر پێشتر لە

ژنانی جیهان بوون بە خاوەنی ڕێکخراوەیەک کە هەوڵ دەدات دەنگ هەڵبڕێت لە ئاستی ئەو پێشێلکارییانەی کە لە بەرانبەر مافی ژناندا دەکرێت و هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە ویست و مافەکانی ژنان، هەموو ئەم دەسکەوتانە دەگەرێتە بۆ دەسەڵاتی کوردی و خاوەندارییەتی لە وڵاتی خۆمان و ئەوەمان پێ دەسەلمێنێت کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگا مادام وڵاتی خۆی نەبێت هەر چەوساوە دەمێنێت، ڕێکخراوی ژنان بە نێوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەگەڵ یەکەمین تیشکی خۆری هیوامان واتە کۆماری کوردستان لەژێر نێوی کۆمیتەی "یایان" لەدایک بوو، ژنانی کوردستانیش ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا کە خاون ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان بن بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانیان.

دیارە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو خەباتی کردووە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزە نەتەوەییەکانی خۆی و ئەمەش بۆ هەر تاکێکی کورد وەکوو ئەرکێکی لێ هاتووە و دەبێت هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لەم پێناوەدا هەوڵ بدەن و بە خۆشییەوە ژنانی کوردستان هەمووکات هاوڕێ وهاوخەبات لەگەل پیاوان بۆ ڕزگاری نەتەوەکەیان خەباتیان کردوە تاکوو ئازادی بۆ نەتەوەکەیان دەستەبەر بکەن و لە سێبەری ئەو ئازادییەشەدا بتوانن مافەکانی خۆشیان وەرگرن، بۆ ئەم مەبەستەش هەردەم نووسەران و گەورە شاعێران و گۆرانیبێژەکانی کورد بە شێعر و وتنەوەی مەقام و بەستە و ... هتد بۆ ژنان، بەم هیوایە بوونە کە ژنانی کوردیش وەکوو هەموو ژنانی جیهان ببن بە خاوەنی مافەکانی خۆیان و ئەو کەسایەتییە مەزنانە هەستیان بەو ڕاستییە

کـردووه کە ئازادبوونی ژن و بیرکردنەوەی ئـازادی لەلایەن ژنەوە دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئازادیی گەلی کورد هەبێت، هەر وەکوو مامۆستا هێمن موکریانی فەرموویەتی: "تاکوو ژن ئازاد نەبێت  سەرچاوەکەی ژین لیخنە"، لە ڕاستیدا وایە و ئەوە دایکی زانایە کە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات، هەر بۆ ئەم مەبەستە گرینگی ئازادبوونی ژن بۆ گەلی کورد دەبێت لە گەورەترین ئاستی ویستەکانی نەتەوەی کورددا بێت.

کاتێک گوێمان لەو گۆرانییەی ماموستا محەمەد ماملێ دەبێت کە بە نێوی "ئەختەر" لە هۆنینەوەی مامۆستا هێمن وتوویەتی کە باس لە ژنانی شۆڕشگێڕی کورد دەکات و ژنانی شۆڕشگێڕ بە ئێمە دەناسێنێت، مرۆڤ بە تەواوەتی هەست بە گۆڕانکاری لە ویستەکانی ژنان دەکات کە حەزەکانی لەمەوپێشیان دەگۆڕن بۆ وەرگرتنی مافەکانیان و بوون بە مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و دەبن بە شانازی بۆ نەتەوەیەک و دەکرێت وەکوو هێمایەک بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ژنانی کورددا چاویان لێ بکرێت، یان کاتێک شێعری "یادگاری شیرین"ی مامۆستا هێمن موکریانی کە لە ١٣٢٤ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٩٤٦ی زایینی نووسراوە، دەخوێنینەوە کە لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز، داواکارییەکی گـەورەی شاعێرێکی مەزنی کـوردە و ئەوەمان پێ دەڵێت کە ژنانی کوردیش دەبێت قۆڵ هەڵماڵن و بگەن بە ئاستی ژنانی جیهان و بگرە لە ڕووی زانست و خوێندنەوە و خۆ پێگەیاندنەوە سەرتریش بن.

بە خۆشییەوە لە ئێستادا لەنێو بزووتنەوەی گەلی کورد و بەتایبەتی لە باشووری کوردستان کە دەسەڵاتێکی فیدراڵیان

هەیە، ژنان لە ئاستی سەرکردایەتی و بەڕێوەبەریدا دەبیندرێن و لە پارچەکای تری کوردستانیشدا کە لە شۆڕش و خەباتدان لە ڕێبەراتەتیی حیزب و پارتەکاندا دەبیندرێن کە بە هەموو توانایانەوە هەوڵ بۆ بەرەوپێشچوون دەدەن، هیوادارین بتوانن بگەن بە لووتکەی سەرکەوتن و لە ئاستی جیهاندا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن.

بە هیوای ئازادی سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵگای کورد ژنانی کوردستان.

**یادگاری شیرین**


**ڕۆژی بەختی هەر لە ژێر هەورێکی ڕەشدا لاوی کورد**
**تاکوو ڕوخساری کچی شاری لە پێش چاوان ونە**
**نایەڵێ گۆشەی برۆکەت دەرکەوێ چارشێوەکەت**
**ئەی لە دەست ئەو چلکە هەورە مانعی مانگ گرتنە**
**چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ؟**
**بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە؟**
**دەرکی داخستووە لە تۆ بابت کە چی دەرکی نییە**
**دەرکە داخستن لە تۆ دەرکی ئومێد داخستنە**
**داڕزینە، مردنە، ئاخر هەتاکەی پێت بڵێن**
**نابێ بێتەدەر لە ماڵ، مافی ژیانی کوا هی ژنە**
**لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمی گەشت**
**چون لە قەڕنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕوو گرتنە**

کیژی خەڵکی بۆمبی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی "ئەستێوڵک" و "دەرخۆنە" و "پنە"
فێری زانست و هونەر بوو ئەو لەسایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرینە
ئەو بە ئاسمانا فڕی، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر
دەک نەمێنم کاری ئێوەش هەر لە ژوور دانیشتنە
کوڕ بەزێنە ئەو لە عیلم و ئەو لە کار و سەنعەتا
گۆرەویشە سەنعەتی تۆ پێت خەنی بووم، بیچنە
ئەو پەچە و ڕووبەند و چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ
ئەو شڕ و شاڵانە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنە
کیژی شێخ و کیژی حاجی و کیژی ئاغا ڕەنجەڕۆن
کیژی ئازادە ئەوی ژینی بە نووکی گاسنە
شەنگەبێری یار و دەسباری کوڕی کۆچەر نەبێ
چۆن دەگاتە جێ هەوار و هۆبە ئەو بارگە و بنە؟
قەڵشی دەست و کوڵمی سووتاوی کچی لادێ نەبێ
چۆن دەگاتە دەستی دەسبڕ ئەو هەموو تا توونتە؟
نیسک و نۆک و ماشی ناو ئەمباری ئاغای مفتەخۆر
پاک لە سایەی دەسکەنەی "زێن" و "مرۆت" و "سوێسنە"
شۆڕەژن بنکۆل نەکا بڕکەی بە قرچەی نیوەڕۆ
چۆن لە کاڵەک تێر دەبێ ئەو زگ زلە بیستان ڕنە؟
کوا مەتاعی کوردەواریمان دەچوو بۆ هەندەران؟
گەر بە سەربەستی نەژیبا ئەو کچە مازووچنە؟
بێر و هاوێری لەگەڵ کاکی نەکردبا بن پشک

**چۆن دەمانبوو ئەو هەموو گۆشت و پەنیر و بەرگنە؟**
**دەست و کەرکیتی کچی نازداری هەوشاری نەبا**
**چۆن دەڕازاوە بەقاڵی شار و بازاری سنە؟**
**با هەزار "زێ" و "گادەر" و "لاوێنی" ڕوونیشمان هەبێ**
**تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە**
**کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست**
**ڕاپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چە وەختی خەوتنە؟**
**دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرسە**
**چاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە**
**دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێریتە خەبات**
**من گوتم تۆش تێبگە ناگاتە دەریایە زنە**
**گوارەکەی زێڕت بەکار نایە، لە گوێ بگرە قسەم**
**لایەقی گوێی تۆ عەزیزم شێعری سادەی "هێمن"ـە.**

# تەوەری دووهەم:

## دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز نیشتمان ڕۆحانی، توێژەری کۆمەڵایەتی، لەسەر پرس و ڕۆڵی ژنان لە کوردستاندا



**نیشتمان ڕۆحانی**
**توێژەری کۆمەڵایەتی**

**دیمانە: کاروان مێراوی**

## بەشی یەکەم: کێشە و ئاستەنگەکانی ژنان و ڕێگاچارە لە کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**١: لە ئێستادا ڕێژە و جۆری توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی چون هەڵدەسەنگێنن، بە پێی بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو چە گۆڕانکارییەک بە سەر توندوتیژییەکاندا هاتووە؟**

باسکردن لە ڕێژە و جۆرەکانی توندوتیژی بەپێی هەر کۆمەڵگایەک و دابونەریت و یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگاکان جیاوازە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو زۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی لە کۆمەڵگای کوردی بوونی هەیە کە بەربڵاوترینیان توندوتیژیی خێزانییە بە شێوەی جەستەیی، دەروونی و زمانی.

ئەگەرچی ڕەنگە لە ئێستادا توندوتیژیی جەستەیی کەمتر بووبێت، بەڵام توندوتیژی دەروونی و زمانی ڕوو لە زیادبوونە، بەتایبەتی ئەو جۆرە توندوتیژییەی کە لە شەقامەکان بەرانبەر بە ژنان دەکرێت و ناتوانن بە ئاسوودەیی و بێ ترس بڕۆنە دەرەوە و بەردەوام لەلایەن خەڵکی ئاسایی و بەتایبەتی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیم و هیزی بەسیجی و پیاوانی ڕێژیمەوە مەترسییان لەسەرە.

توندوتیژی دەروونی لە کۆمەلگادا لە هەرکات زیاتر بووە چە لەلایەن خەڵک و چە لەلایەن دامودەزگا ئیداری و حکوومەتییەکان، هەروەها توندوتیژیی یاسایی لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران زۆرتر و بەرچاوترە و تاکوو دێت ژنان زیاتر ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی و زەوت کردنی مافەکانیان دەبنەوە، بۆیە وەکوو دەردەکەوێت بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو لە ماوەی ساڵێکدا بیست و دوو

لەسەد (٢٢٪) ڕێژەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان زیادی کردووە، بە هۆکاری تۆمارنەکردنی زۆرێک لە حاڵەتەکانی توندوتیژی بەتایبەتی توندوتیژیی خێزانی دەکرێت ئەم ڕێژەیە زۆرتر بێت، ئەگەرچی بە درێژایی مێژوو ژیان لە ئێران بۆ ژنان خەفەقان و سەرکوت کردن و بێبەشکردنیانە لە مافە سەرەتاییەکانیان لەلایەن دەسەڵاتەوە و ئەمەش خراپترین توندوتیژییە کە بەرانبەر بە ژنان بکرێت.

**٢: ئەو ئاسەوارانەی کە توندوتیژی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگادا بەدوای خۆیدا بەجێی هێشتووە چین؟**

هەر کردوەیەکی توندوتیژی کاریگەریی نیگەتیڤ و درێژخایەنی دەبێت، هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کاریگەریی دەروونی وەکوو شڵەژان، ترس، نیگەرانی، بێهیوایی و لەدەستدانی باوەڕبەخۆبوونی هەیە، تەنانەت ڕەنگە ئەو کەسەی کە توندوتیژیی بەرانبەری کراوە هێندە بارودۆخی دەروونی و جەستەیی خراپ بێت و تووشی شڵەژانی بکات کە پەنا بباتە بەر خۆکوژی یا هەر کردارێکی مەترسیدار بۆ لەنێوبردنی ژیانی خۆی و ئەوانی دیکە.

توندوتیژیی خێزانی دەبێتە هۆی لاوازی پیوەندییەکان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان، منداڵەکان بارودۆخێکی سەقامگیر و بڕوابەخۆبوونیان نییە، بە هۆکاری ئەوەی کە کۆمەڵگای نەریتیی کوردستان کە هێشتا ئاسەواری دواکەوتووی پیوە دیارە و یاساکانیش هیچ لە بەرژەوەندی ژناندا نین، زۆرێک لە ژنان بە ناچار پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن.

لە ئاستی کۆمەلگاشدا دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی ژنان و بێبەشبوونی ژنان لە کایە کۆمەڵایەتی و ئیداری و سیاسییەکان، کۆمەڵگاش بێبەش دەبێت لە هێزی کارای ژنان.

**٣: هەروەکوو ئاگادارن، ڕێژەی دیاردە مەترسیدارەکانی وەکوو خۆکوژی، تەڵاق، تووشبوونی مادەهۆشبەرەکان، ژن کوشتن و هتد، لە نێوان ژنانی ڕۆژهەڵاتدا ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە، بە ڕای ئێوە هۆکارەکانی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە دیاردە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکان ڕوو لە زیادبوون بکات بێگومان تاکوو دێت ئەو کۆمەڵگایە بەرەو هەژاری و دواکەوتووی دەڕوات، لە ئێران و بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەی تووشبوون بە مادەهۆشبەرەکان زیاد دەکات، هەژاری باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشا و تاکوو دێت کێشە خێزانییەکان و هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان بەرەو زیادبوون دەڕوات کە هۆکاری سەرەکی و یەکەمی ئەم دۆخە نالەبارە بە پلەی یەکەم خۆدی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامییە، ئەو بارودۆخە ئابوورییەی کە لە ئێراندا هەیە تاکوو دێت ژیانی خەڵکی زەحمەتتر کردوە، هەروەها یاساکانی دژە ژن لە ئێران کە ڕێگرە لە بەردەم هەر جۆرە چالاکییەکی ژنان، کاتێک ژنێک ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێت لەلایەن خێزانەکەی وهیچ یاسایەکیش نییە پشتگیری بکات، بەپێچەوانەوە زیاتر یاساکان پاڵنەرن بۆ سەرکوت و توندتیژی زیاتری ژنان، ئەوانە ژنان بە تەواوەتی بێهیوا دەکەن و کاریگەری لە سەر پیوەندییە خێزانییەکان دادەنێت کە ئەگەر نەتوانن جیا ببنەوە، ئەوە ئەم دۆخە زیاتر کاریگەری دەبێت لەوەی کە ژنان پەنا ببەنە بەر مادەهۆشبەرەکان یا کۆتایی پێهێنانی ژیانی خۆیان.

**٤: دەوری ئایین و بەتایبەتی ئەو ئایینەی کە ڕێژیمی ئێران پێڕەوی دەکات و بەسەر کۆمەڵگای ئەو وڵاتەدا زاڵی کردووە، لەسەر توندوتیژی و کێشە و**

**گرفتەکانی ژنانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چە ڕادەیەکە، ئایا پێوەندییەک لە نێوان توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان و ئاییندا هەیە؟**

ئایین بە یەکێک لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دادەنرێت بەتایبەتی لە کۆمەڵگا نەریتییەکان و ئەو کۆمەڵگایانەی کە یاساکانیان لە سەر بنەمای شەریعەت دانراوە، کەوایە ئایین ڕۆڵێکی گرینگی لەم بوارەدا هەیە.

لە کۆمەڵگاکانی سەردەمە پێشوەکاندا کە ئایین دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کۆمەڵگادا کیشابوو، لە زۆر بواردا ئایینی ئەو کۆمەڵگایە هاوکار و یارمەتیدەرێکی زۆر گرینگ بوو لە ئاڕاستەکردنی تاکەکان، بەڵام لە ئێستادا لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان کە ئایین تێکەڵ بە سیاسەت بووە و بووەتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەسەڵات و یاساکان لە سەر بنەمای شەریعەت بەتایبەتی ئایینی ئیسلام، دادەنرێت ئەوە ئەم ئایینە بە پێچەوانەی ڕۆڵ و ئەرکە چاکەخوازەکەی ئیستاکە بەتایبەتی لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی شیعەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بووەتە مۆتەکە و ئامرازێکی بەهێز بۆ سەرکوتکردنی ژنان، هەر ئەو یاسایانەی کە سەرچاوەکەی شەریعەتە بە هەموو جۆرەکانی مافی ژنانی زەوت کردووە و بەپیی ئەو ئایینە ژن بە مرۆڤێکی پلە دوو سەیر دەکرێت و لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بێبەش دەکرێت، وەکوو حیجاب و ناچارکردنی ژنان بە پۆششی تایبەت، بێ ڕێپێدراوی مێرد و باوک نەتوانێت بچێتە دەرەوە و ئەگەریش بڕواتە دەرەوە بەبێ ڕێپێدراوی ئەوان ئەوە بە خەتا و تاوان ئەژمار دەکرێت بۆیان، ئەمانە و سەدان نموونەی لەو شێوەیە تێدەگەین کە لە ئێران و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئایین هۆکارێکی سەرەکییە لە ڕێگا خۆشکردن بۆ توندوتیژیی بەرانبەر بە ژنان.

**٥: یاسا لە سیستەمی حکوومەتی ڕێژیمی ئێراندا هەتا چەندە کاریگەریی لەسەر پێشێلکاریی مافەکانی ژنان و ڕێگری لە باوەڕبەخۆبوون و سەرکەوتنی ژنانی ئەو وڵاتە هەبووە؟**

لە هەر کۆمەڵگایەک یاسا یەکەم و گرنگترین ئامرازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە، ژیانی تاکەکان ڕێک دەخات و هەر یاسایە پشتیوانی و ئاسوودەیی دەبەخشێت بە تاکەکان و دڵنیایی دەدات لە مسۆگەربوونی مافی ڕەوای تاکەکان، بەڵام ئایا یاسا وەکوو خۆی و ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە هەیەتی جێبەجێ دەکرێت؟ بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوو و یەک لەوان لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی.

یاسای ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام دارێژراوە و پێشتریش کە ئاماژەم پێ داوە بەداخەوە لە ئێران ئایین لە جیاتی ڕزگارکەری تاکەکان و بەتایبەتی ژنان بێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بووەتە هۆکاری بێچارەیی و هەرچی زیاتر سەرکوت و ستەم کردن لە ژنان، یاساکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە تەواوەتی دژە ژنە و ڕێگا خۆشکەرە بۆ ستەم و چەوساندنەوەی ژنان، هەر خۆدی یاساکانی ئەو وڵاتەیە کە ژنانی هەرچی زیاتر خستووەتە سووچی ماڵەکان و هیچ پشتیوانییەکیان لێ ناکات، بۆیە دەمێکە ژنان بەتایبەتی ژنانی کورد دەرگای هیوایان لەسەر یاساکانی ئەو ڕێژیمە داخستووە و دەزانن لە جیاتی پشتگیری و پاڵپشتییان، زیاتر هۆکاری چەوساندنەوە و پەراوێزخستنیانە.

**٦: هەڵوێستی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، هەروەها ڕۆڵی ژنانی چالاکی مەدەنی و چالاکی مافەکانی ژنان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت مافە پێشێلکراوەکانی ژنان چون دەبینن؟**

سەرەڕای هەموو ناخۆشی و بێهیواییەکانی ژنان بەرانبەر بە دەسەڵات و سیستەمی ئەو وڵاتە و هەروەها باکگراوەندی پیاوسالاری و نەریتی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بەتایبەتی، بەڵام لە ئێستادا سەرهەڵدان و بوونی بزووتنەوە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مافی ژنان، هەروەها ئەو چالاکییانەی کە دەکرێت لە ئێستادا تروسکایەکن و هیوابەخشن بۆ ژنان کە بتوانن لەو ڕێگایانەوە ئیتر ئەو دەنگە کپکراوەیان ڕەها بکەن و دەنگی ڕزگاریخوازی و حەقبێژی خۆیان هەڵبڕن و ئازار و مەینەتییەکانی ژنانی کورد بە گوێی کۆمەڵگای جیهانی بگەیەنن، بۆیە پێویستە زیاتر لەم بوارەدا ڕێکخستن بکرێت و بتوانرێت دەنگی ژنان بێت بۆ داواکاریی ماف و ویستەکانیان.

بە خۆشحاڵیەوە لە ئێستادا ژنانێکی هۆشیار و لێهاتوو لەم بوارەدا چالاکن و توانیویانە تا ئاستێکی باش کاریگەرییان هەبێت، بەڵام پێویستە زیاتر کار بکرێت و هانی ژنان بدرێت بۆ بەشداربوونیان لە چالاکی و ڕێکخستنەکان لەپێناو مسۆگەرکردنی مافەکانی ژنان و هۆشیارکردنیان بەرانبەر بە مافەکانیان و بەرنگاربوونەوەی ئەو ستەم و چەوساندنانەی کە لە بەرانبەریاندا دەکرێت.

**٧: دەستپێڕاگەیشتنی ژنان بە ماف و ویستەکانیان بەتایبەت لە کوردستان و لەم هەلومەرجەی ئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئەگەرچی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی مێژوو لە پاڵ خەباتی نەتەوەیی و داواکاریی مافە ڕەواکانیان، بەردەوام هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی کە ژنانیش بتوانن داواکاری مافەکانی خۆیان بن و هەوڵ دراوە بۆ بەشداریکردنی ژنان لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا،

بەڵام ئەمە لە ئاست چاوەڕوانییەکان نەبووە و هێشتا ژنان لەنێو خێزان و لە سووچی ماڵەکان دەچەوسێنرانەوە و لە کۆمەڵگاشدا زیاتر ژنان پەراوێز دەخران و مافەکانیان پێشێل دەکران.

لە ئێستادا بە هۆی کرانەوەی کوردستان بە ڕووی جیهانی دەرەوە بە هۆکاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەتی تورەکۆمەڵایەتییەکان، کاریگەریی زۆری هەبووە بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکان و داواکردنی مافەکانیان و گەیاندنی ئازار و مەینەتییەکانیان بە گوێی جیهانیان، ئەمەش کاریگەریی کردووەتە سەر دۆخی ژنان و ئێستا ژنانی کورد هۆشیارترن لە جاران لە ئاست ماف و ویستەکانیان، ئەگەرچی هێشتا هەر ژنان لە دۆخی پڕ لە ئازار و ترس و دڵەڕاوکێدا دەژین و مافەکانیان زیاتر لە جاران لەلایەن دەسەڵات و یاساوە زەوت دەکرێت، بەڵام ژنانی کورد چاوکراوەتر و هۆشیارترن لەم دۆخەی ئێستایان و ئیتر بێدەنگ نین و هەوڵ و خەباتیان زیاتر چڕکردووەتەوە.

**٨: پرسی پێشێلکاریی مافەکانی ژنان و کێشە و گرفتەکانیان لە کوردستاندا تا چە ڕادەیەک بە ناوەندە پەیوەندیدارەکانی جیهان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی گەیشتووە؟**

لەم سەردەمەی جیهانگیرییە کە پێوەندییەکان چڕبوونەتەوە و بە هۆی تەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانی گەیاندن کە لە هەر کوێی جیهان هەر شتێک ڕوو بدات بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە، بە خۆشییەوە ژنانی کورد تاکوو ڕادەیەک توانیوویانە کەڵک لەم دەرفەتە وەرگرن و ژنانی چالاک و لێهاتوو هەوڵیان داوە دەنگی ژنانی چەوساوە بن و ئازار و مەینەتییەکانی ژنانی کورد بە گوێی هەموو جیهان بگەیەنن.

ئەگەرچی هێشتا لە ئاست چاوەڕوانییەکان نییە، بەڵام کاری باش کراوە و دەتوانرێت هەوڵی زیاتریش بدرێت، بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا کاتێک کۆڕبەند و کۆنفرانسە جیهانییەکان لەسەر مافی مرۆڤ و مافی ژنان دەگیردرێت تاکوو ڕادەیەک لە ڕاپۆرتەکانیان لەو چالاکییانە ڕەنگ دەداتەوە و کۆمەڵگای جیهانی ئاگاداری دۆخی ژنانی کوردن و بە گوێیان دەگات.

**٩: ڕێگاچارەی پێشنیاریی بەڕێزتان بۆ چارەسەری سەرجەم کێشە و گرفت و ئاستەنگەکانی ژنان لە کوردستان و ئێراندا چییە؟**

بە هەبوونی دەسەڵاتی دژە ژن و تۆتالیتری ڕیژیمی ئیسلامیی ئیران ڕێگاچارەسەرێک بۆ سەرجەم کێشەکانی ژنان ئەستەمە، لەبەر ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بە یاسا ژنان دەچەوسێنێتەوە، یاسای هەر وڵاتێک دەبێت پارێزە و پشتیوانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێت، بەڵام لە ئێران و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەپێچەوانەیە.

بۆیە ژنان هیچ هیوایەکیان بە دەسەڵات و یاساکانیی ئەوە دەسەڵاتە نییە، کە وایە پێویستە لەم قۆناغەدا لە ڕێگای ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان زۆرتر کار بکرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان سەبارەت بە مافەکانیان و بەرنگاربوونەوەی ئەو دۆخە.

کاتێک ئێمە کۆمەڵگایەکی هۆشیارمان هەبێت ئاسانتر دەتوانرێت ڕێکخستنی بۆ بکرێت و لە پێناو مافەکانیان چالاکانەتر خەبات بکەن، هەروەها پێویستە ژنان لەم سەردەمەدا بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆژیا هەرچی زیاتر لەقاوی پێشێلکارییەکانی ڕێژیم بدەن و دەنگی ژنانی ستەملێکراو بە گوێی جیهانیان بگەیەنن.

## بەشی دووهەم: ڕۆڵی ژنان لە بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی کوردستاندا.

**١: ڕۆڵی ژنان لە شۆڕش و بزووتنەوە ئازادیخوازەکاندا چون پێناسە دەکەن؟**

کە لاپەڕەکانی مێژووی کۆمەڵگاکان هەڵدەدەینەوە، بە بەردەوامی بوونی ژنان لە بزوتنەوە و شۆڕشە ئازادیخوازەکاندا هەست پێ دکرێت، بەڵام ئەوە ڕاستییە کە لە سەرجەم کۆمەڵگاکان بە هۆکاری زاڵبوونی باکگراوەندی پیاوسالاری و نەریتیبوونی کۆمەڵگاکان دەبینین ئەو بەشدارییەی ژنان لە ئاست چاوەڕوانییەکاندا نەبووە و زۆرجاریش ژنان زۆرتر ڕۆڵی پشتیوانیان گێڕاوە تاکوو ئەوەی کە خۆیان ڕاستەوخۆ بەشدار بن لەو جووڵانەوانەدا، بەڵام بە کۆتاییهاتنی سەدە ناوەڕاستەکان و لە گەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی پیشەسازی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی، دەبینن ژنان ئیدی توانای بێدەنگییان نامێنێت لە ئاست ئەو هەموو ستەمە و ئەو ژیانە نالەبارەی کە تێیدا دەژین بۆیە لەوێوە بەشداریی ژنان هەست پێ کراوتر و ڕێکخراوتر دەبێت، ئەوان توانییان چالاکییەکانیان تایبەتمەند بکەنەوە بە داخوازییەکانی خۆیان و داواکردنی مافەکانیان.

شۆڕش و خەباتی ژنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ساڵی ١٨٥٦ی زایینی، کاتێک هەزاران ژن بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە دۆخی ژیان و گوزەرانیان ڕژانە سەر شەقامەکانی نیویۆرک، ڕووداوێکی بەئازار و ناخۆش بوو بەڵام بۆ هەمیشە لە مێژووی ژناندا دەمێنێت و ژنان شانازی پێوە دەکەن، کە ژنان هەموویان یەک دەنگ لەو ساڵانەدا هاتنە سەرشەقامەکان و دەنگی ئازادیخوازیی

خۆیان هەڵبڕی و داواکاریی مافەکانیان و باشترکردنی دۆخی ژیانیان بوون و لەوێوە ژنان سەلماندیان کە چی دیکە ئەوان لە کونجی ماڵ نامێنن و ئەوانیش وەکوو پیاوان مافیان هەیە، هەر ئەم ڕووداوانەی ئەو ساڵانە بوو کە بوو بە هەوێنی دانانی ڕۆژێک بۆ ژنان چە بۆ یادکردنەوە و بەبیرهێنانی خەباتی ئەو ژنە شۆڕشگێرانە، چە بۆ یەکدەنگیی ژنان و ڕێزگرتن لێیان.

ساڵی ١٩٦٠ی زایینی، بۆ هەمیشە لە مێژووی خەبات و شۆڕشی ژنان تۆمار کرا کە ژنان زۆر بەهێز و متمانەبەخۆبوونەوە بەرانبەر بە دەسەڵاتە توندڕەو و دیکتاتۆرەکان وستانەوە و ڕێگایان نەدا چی دیکە توندوتیژییان بەرانبەر بکرێت بۆیە خەباتی خۆشکانی میراباڵ بوون بە مێژوویەک و هاندەرێک بۆ هەموو ژنە ئازادیخوازەکان و بۆ هەتا هەتایە مێژووی ژنان ئەوانی بیر دەمێنێت، هەموو ساڵێک ژنان ڕۆژی ٢٥ نوامبەر کاتێک یاد دەکەنەوە، بەڵێنیان لەگەڵ خوشکانی میراباڵ دووپات دەکەنەوە کە چی دیکە ناچنە ژێرباری ستەم و بە بەرزی دەنگی حەقبێژی و ئازادیخوازیی خویان هەڵدەبڕن، بە گوێی هەموو زۆردارەکاندا هاوار دەکەن کە چی دیکە ڕێگا نادەین بە ویستی خۆتان توندوتیژی و ستەممان بەرانبەر بکەن.

ئەمانە و چەندین چالاکی و خەباتی دیکەی ژنان کە لە مێژووی شۆڕشی ژناندا تۆمار کراوە سەلێمنەری ئەو ڕاستییەیە کە ژنان هەموو کات بەشدار بوون لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، هەر کاتێک ستەمێک هەبووبێت ئەوانیش بەشدارییان لەو شۆڕشانە کردووە بە دژی ئەو ستەم و دەسەڵاتە زۆردارانە، کە تاکوو ئێستاش بەردەوامە.

**٢: بەشداریکردنی ژنـان و کچان لـە شۆڕشەکانی نـەتـەوەی کـورددا چون هەڵدەسەنگێنن؟**

کـاتێک لاپـەڕەکـانـی مـێـژووی خـەبـات و شـۆڕشـی کـورد هەڵدەدەینەوە، بە بەردەوامی دەبینین ژنانێکی لێهاتوو و شۆڕشگێر هەبوون و هاوشانی پیاوان ئەوانیش خەباتیان کردوە، ئەگەرچی ڕەنگە لە زۆربـەی جارەکان تەنیا وەکوو تاک دەرکەوتبن و بەشدارییەکی بە کۆمەڵی ژنان نەبووبێت بەڵام ژنانێک هەبوون کە هەمیشە ناویان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورددا دەمێنێت و جێ شانازین.

دواتر کاتێک شۆڕش و بزوتنەوە ئازادیخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی عەشیرەیی و خێڵەکی دەرهات و وەکوو حیزبی و ڕێکخراویی سیاسی دەرکەتن، بەرە بەرە ژنانیش تێکەڵ بەو حیزب و ڕێکخستنانە بوون و چالاکییان دەکرد، کاتێک حیزبی دیمۆکرات وەکوو یەکەم حیزبی سیاسی و ڕێکخراو دامەزرا و یەکەم کۆماری کوردستان پێک هات، لەو کاتە بەدواوە ژنان بە شێوەیەکی ڕێکخرا و بەرچاو بەشدارییان لە کایە سیاسیەکان کرد، ئیدی مێژووی ژنان تەنیا بەشداری تاک و تەرای ژنانێک نەبوو لەنێو بزوتنەوەکاندا، بەڵکوو بەشدارییەک بوو لە چوارچێوەیەی ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان کە پێڕەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆیان هەبوو.

ژنان لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی کارایان هەبوو و بوو بە هۆی ئـەوەی کە ئەو ڕەوتـە تاکوو ئێستاش بـەردەوام بێت، ژنانێکی زۆر شان بە شانی پیاوان چەکیان هەڵگرت و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان لەبەر کرد بۆ ئـازادی و دەستەبەرکردنی مافە

نەتەوەیی و ژنانەکانی خۆیان، ئەوان هەموو کات لە پاڵ ئەو خەباتە نەتەوەییە ژنبوونی خۆیان لەبیر نەکرد و داواکاری مافە کەسییەکانی خۆیان بوون.

ئەگەرچی بەشداریی ژنان لەم قۆناغەدا جیاوازە و ئەوان دەتوانن ئێستا کەڵک لەو بەجیهانیبوونە وەرگرن و بە لەبەردەست بوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆژیا کەڵک وەرگرن بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی ژنانی کورد بە هەموو جیهان.

ژنان لە مێژووی شۆڕشەکانی کورددا بەردەوام قوربانییان داوە و گیانی خۆیان بەخت کردووە لە پێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەی کە هەیانبوووە.

**٣: ڕای ئێوە لەسەر ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی ژنان لە شۆڕش و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟**

ژنانی کورد هەموو کات هێمای ئازایەتی بوون و بەشدارییان لە شۆڕشەکان هەست پێ کراوە و کاریگەر بووە و ئەوەیان سەلماندووە کە جێگای ئەوان تەنیا ماڵەوە و بەخێوکردنی منداڵ نییە، بەڵکوو ئەوانیش دەتوانن بەشدار بن لە سەرجەم کایە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکاندا، بەشداریی ژنان لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا هەموو کات مایەی شانازییە و ئەوان سەلماندیان کە ژنانی کورد لە ژنانی کۆمەڵگاکانی دەوروو‌بەر چاوکراوەتر و ئازاترن، ئەمەش بوو بە هۆکاری ئەوەی کە ژنان لە چوارچێوەی ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان زیاتر هەوڵی سەرخستی خەباتی نەتەوەییان بدەن کە ئەو خەباتە تاکوو ئێستاش هەر بەردەوامی هەیە و بەشداریی ژنانیش یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی ئەو خەباتە.

# تەوەری سێهەم:

## لێکۆڵینەوەیەک لەسەر پرسکرێکی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**لێکۆڵەری تەوەر: نەسیم قادرپوور**
**شاعیر و نووسەر**

# ژن داوێنەکەی خۆی دوژمنیەتی

## پێشەکیی لێکۆڵەر

ژن ئـەو بـوونـەوەرەیـە کە گۆی زەوی لە داوێنی ئـەوەوە دروست بووە، بەڵام لە کۆمەڵگا و بیروباوەڕ و هزر و ئایینی ئێمەدا بە ترسناکترین شت پێناسە دەکرێت تا ئەو ڕادەیەی کە پێی دەڵێن داوێنەکەی خۆی دوژمنیەتی، داوێنیش تەنیا یەک شتە و بە دەیان تەعبیر و ناو پاسەوانیان بۆ داناوە، لەژێر ناوی شەرەف و نامووس بە هەزاران ژن بە سەرپۆشەکەی سەری خۆی خنکێندرا، سەری تاشرا، لووتی بڕا، بە دەیان جۆری ناشرین و نەشیاو سزا درا، دیاردەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان مێژوویەکی سەدان ساڵەی هەیە و هەموو گەلانیش قۆناغ بە قۆناغ تێیانپەڕاندووە، بە باوەڕی یەکسانی و بەرانبەری نێوان ژن و پیاو گەیشتوون کە هەردووکیان وەکوو مرۆڤ سەیر بکرێن، تەنیا لەنێو گەلانی موسڵمان و بەتایبەتیش گەلانی ئێراندا تاکوو ئێستا نەگەیشتوون بەو قەناعەتە، یان ڕاستتر بڵێین نایانەوێت ئەو بەرانبەری و یەکسانییە دەستەبەر ببێت و ئەویش تەنیا لەبەر ئـەوەی کە زیاتر زاڵ ببن بەسەر تواناکانی ژناندا، کۆمەڵگایەک دابونەریت و خورافات کە بە ڕووخانی ژن و بەرژەوەندی پیاوانە تێیدا کاڵ نەبێتەوە، دۆزینەوەی ڕاستەڕێگای مرۆڤایەتی و دادپەروەری تێیدا قورسە، من پێم وایە ئەوانەی بڕوایان بە یەکسانی هەیە و تێدەکۆشن بۆ مرۆڤایەتی پێویستە چالاکییەکانیان لە بواری ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا بۆ دادپەروەری و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو چڕتر بکەنەوە، ئەگەرچی لە ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە

ساڵانێکی زۆرە لەژێر چەپۆکی حکوومەتێکی زاڵمدا وای کردووە کە بۆ هەر هەنگاوێکی دادپەروەرانە بەربەستێک دادەنێت بەتایبەتی لەسەر پرسی ژنان بەربەستەکان زۆر توند و دژوارە، تا ڕادەیەک کە ژنان مافی دەستەبەرکردنی مافە سەرەتاییەکانی خۆشیان نییە کە نموونەی بچووکی پۆشینی جلوبەرگە، ئاستەنگ و بەربەستەکان لە حکوومەتێکی زاڵمی وەکوو ڕێژیمی ئێران بۆ ژنان هێندە زۆرە کە ڕێگرە لە دەربڕینی ئازارەکان و دەربڕین و ژیانی تایبەتی خۆی، لە ماوەی ئەم چل و یەک ساڵەی حوکمڕانیی حکوومەتێکی سەرەڕۆی وەکوو ڕێژیمی ئێران کۆمەڵگای بە جۆرێک گۆڕیوە و لەسەر ناوی جۆراوجۆر وەکوو شەرەف و عەیبە و نابێت و ...هتد کە بە هەموو جۆرێک خەریکی تۆندکردنی پەتەکە بووە کە ژنی پێ ببەستێتەوە، ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە سێبەری ڕێژێمەوە بە ڕادەیەک کۆتوبەند کراوە کە تەنانەت بۆ دەربڕینی ئاساییترین کێشە سایکۆلۆژییەکانیان شەرم دەکەن و بە جۆرێک کاتێک باسی دەکەن دەمیان ئەلەرزێت، باس کردن لە یەکەم ئەزموونی پێریۆدبوونی ژنان لەو کۆمەڵگا چەقبەستووەدا بەو دابونەریتەوە ئاسان نیە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە پێشەنگ بووە لە ڕچە شکاندن بۆ ژنانی کۆمەڵگای کوردستان و هەمیشە خزمەتکردن و بە ڕۆشنبیربوونی ژنان لە پێش هەموو بەرژەوەندییەکانییەوە بووە، هەردەم هەوڵی ئەوەی داوە کە ژنان لە کۆتوبەند ڕزگار بکات و لە ژوورە تاریکەکان بیانهێنێتە دەرەوە و لە پێناوی ڕۆشنبیربوون و دەرخستنی تواناکانیان خزمەتێکی بەرچاوی هەیە.

# لێکۆڵینەوە

**ناوم "حیسمەت"ە، تەمەنم شەست و پێنج ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من لە تەمەنی هەشت ساڵی خەتێنە کرام، دایکم دەستی گرتم و بردمی بۆ لای ئەو ژنەی کە ژنی خەتێنە دەکرد و گوێی ژنانی کون دەکرد بۆ گوارە لە گوێ کردن، دایکم هێندە ژنێکی توورە بوو نەماندەوێرا قسە لە قسەی بکەین، لە تەمەنی نۆ ساڵی بە مێردمیان دا و دامیان بە پیاوێکی بیست و حەوت ساڵە، ژن بە ژن گەورە بە بچووک بوو و من گەورەکە بووم و بچووکەکەش لەسەر لانکە بوو کە بۆ برایەکم بوو، باوکم منی پێ دا و هەشت سەد تمەنیشی وەرگرت، مێردەکەم دەیهەوێت ژن بهێنێت کچێک دیاری دەکات لەگەڵ ڕیش سپی گوندەکە قسە دەکات بەڵام بە هۆی ئەوە ڕیش سپییەکە لەگەڵ باوکی ئەو کچە کیشەی دەبێت ئەڵێ ئەو مەهێنە کچی کوێخا عەزە بهێنە، ئەو کوێخایە و بۆ تۆ باش دەبێت، پیاوە ڕیش سپییەکە دەچێتە لای باوکم و خوازبێنی منی لێ دەکات، ئەویش بەبێ ئەوەی کە بە دایکم بڵێت ئەڵێ شەو وەرن مارەی بکەن، بە ماڵی خەزورەمی وتبوو کە زاوا نەیەت وەکیلێک بهێنن و ئەمشەو مارەی بکەن، بەبێ ئەوەی کە من بزانم مارەش کراوم، منیش نەمدەزانی ئەمە مارەکردنی منە و وامزانی میوانییە لە خۆشی ئەوەی کە نان و چێشتی خۆشمان

بوو، تاکوو دایکم پێی وتم قورت بەسەر بۆ تۆ هاتووون و تۆیان داوە بە شوو، ڕۆژی زەماوەندەکە وامزانی کە شووکردن هەر ئەوەیە چێشت خواردن و هەڵپەڕینە دوایی هەرکەس دەچێتەوە ماڵی خۆی، بەڵام ئێوارەکەی و بەرەو ماڵی زاوا منیان خستە سەر مایینێک، ئەوەندە منداڵ بووم لەسەر مایینەکە نەمدەتوانی خۆم بگرم، پیاوێک هات منی لە باوەشی گرت و بردمی لە ماڵی خەزوورەم دامیان نا و مێردەکەم هات لەلام دانیشت بەڵام من چووم بەجێم هێشت، بەربووکەکە بە فێڵ منی بردە ژوورێک و بەجێمی هێشت، ڕۆژی دواتری بەگریانەوە ڕام کرد و چوومەوە ماڵی باوکم، دایکم دەرگای لێ نەکردمەوە وتی بڕۆڕەوە ماڵی خەزورت باوکت بزانێت بە خەنجەر دەتکوژێت، باوکم پیاوێکی زۆر توورە بوو و دایکم لە ترسی باوکم نەیدەوێرا دەرگام لێ بکاتەوە، بە گریان و بە ناکامی و لە ترسا گەڕامەوە ماڵی مێردەکەم تاکوو ماوەیەکی زۆر لەگەڵ براژن و هێوەرەکەم دەخەوتم و بە ڕۆژ دەچوومە دەرەوە لەگەڵ منداڵ یاریم دەکرد، براژنەکەم پێمی دەوت تۆ تازە مێردت کردووە نابێت بچیتە ناو منداڵان و منیش دەموت هەر دەچم بۆ ناو منداڵان یاری دەکەم، جارێک میوانمان هات کە پیاوێک بوو بۆ پیرۆزبایی بووکێنی هاتبوو کە منیش چوومە بەردەمی دانیشتم و وتم تۆ خەڵکی کوێیت و ناوت چییە و بۆچی هاتووی بۆ ئێرە، پیاوەکە پێمی وت بچۆ چاییەکم بۆ بهێنە جا وەرە پێت دەڵێم بۆچی هاتووم، چایەکەم بۆ هێنا وتی وەرە دانیشە جارێکی تر میوانت هات مەچۆ ئەو پرسیارانەی لێ مەکە نان و چایەکی پاکی پێ

بده و ڕەوانـەی بکە با بڕوات، چوار ساڵ لە ماڵی مێردەکەم بووم، دواتر کە خۆم ناسی واتە چوومە قۆناغی باڵغبوون و پێریۆد بووم، لە ماوەی ئەم چوار ساڵە مێردەکەم یەک جار سێکسی لەگەڵم کرد و هەر وەکوو کچێک لەو ماڵەدا دەژیام، لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا یەکەم پێریۆدبوونم بوو، ئەو ڕۆژەی کە وام لێ هات بەهار بوو و کاتی گیا دوورین بوو و منیش کۆڵە گیام دەکێشا، ئێوارە کە هاتمەوە هەموو گیانم خوێناوی ببوو، براژنێکم بوو کە لە من گەورەتر بوو و ئەو منداڵی هەبوو، پێم وت زۆر نەخۆشم حاڵم باش نییە و ئەو کۆڵە گیایانەش قورس بوون بەڕاستی پساوم، براژنیشم لێمی پرسی بە چیدا دەزانی پساوی، وتم خوێنڕێژی دەکەم لەبەر ئەوە دەزانم پساوم لەشم بێهێز بووە، براژنیشم زانی کە من خۆم ناسیوە و چوومەتە قۆناغی باڵغبوون و پێریۆدبوونەوە، وتی مەترسە ئەوە تۆ خۆت ناسیوە دوای چەند ڕۆژیتر خوێنەکەت ڕادەوەستێت و تۆ دەبێ خۆت بشۆریت و لەمەودوا تۆ منداڵت دەبێت بەو هۆکارەشەوە تاکوو ئەمڕۆ مندالت نەبووە کە تۆ پێریۆد نەبوویت، یەک مانگ پێریۆد بـووم و مانگی دووهـەمـم حامله بـووم، ئیتر پێریۆد نەبوومەوە تاکوو منداڵەکەم بوو و دیسان دوای چلەی منداڵەکەم پێریۆد نەبوومەوە، بۆ جاری دووهـەم حامله بوومەوە تاکوو تەمەنی بیست ساڵی و چوار منداڵم هەبوو، لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا هەر چوار منداڵەکەم مردن کە دووانیان تەمەنیان حەوت و هەشت ساڵانە بوو و سوورێژەیان گرت و خەڵکیش نەیدەزانی، پێیان دەوتم شیریان پێ بدە و گەرمیان داپۆشن،

دەچووم کوورەی دارم پڕ دەکرد لە دار و گەرمم دادەهێنا و منداڵەکانم لە تەنیشت کوورەکە دادەنا و پەتووم پێیاندا دەدان، ئێستا هەست دەکەم ئەو مندالانەم خۆم کوشتوومن، ئەوەندەم گەرمیان داهێنان تا خنکاون و سوریژەکەیان دەر نەدابوو و چووبووە ناو زگیان تاکوو ئەوەی هەردووکیان بە شەوێک مردن و دوو ڕۆژ بوو دەمزانی کە کچەکەم دەمرێت، کچەکە لەسەر باوەشی من بوو و کوڕەکەشم لەسەر باوەشی باوکی بوو، کچەکەم داوای ئاو و گوێزی لێم دەکرد کە بەوەدا دەمزانی دەمرێت، بەڵام ئومێدم بە کوڕەکەم هەبوو، شەو بوو لەگەڵ مێردەکەم هەرکام لە منداڵەکانمان لە باوەش گرتبوو، سەیرم کرد مێردەکەم فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە و بە کوڕەکەمانی وت ئەوە بەجێمت هێشت، منیش کچەکەم فڕێدا و ڕام کردە سەر کوڕەکەم مێردەکەم وتی کچەکە فڕێ مەدە تازە کوڕەکەمان مرد، منیش وتم من کچەکەم چەند ڕۆژە دەزانم دەمرێت بەڵام من ئومێدم بە کوڕەکەم بوو، تەرمی کوڕەکەمی خستە باوەشم و وتی با لە باوەشی خۆتدا بێت تا دەچم بانگی دراوسێ دەکەم، ماڵی باوک و دراوسێیەکانمان لێم کۆ بوونەوە کە لێرەشدا باوکم زاڵمی خۆی نواند و وتی ئەگەر بگریت یەک خەنجەرت لێ ئەدەم، خودا داویەتی و خوداش دەیباتەوە، شەو کوڕەکەمیان برد بۆ مزگەوت و بەری بەیانیش کچەکەم مرد وهاتن بردیان بۆ مزگەوت و لەوێش وتیان نەگریت لەناو ئەو پیاوانەدا باوکت یەک خەنجەرت لێ دەدات و ئەتکوژێت تاکوو ئەو کاتەی نەچوومە قەبران لە ترسی باوکم نەمدەوێرا بگریم بۆ منداڵەکانم.

ئەوەندە بەسەر منداڵەکانەوە ڕەنجم کێشابوو ئیتر دوای مەرگی ئەو دوو منداڵم وام لێ هات چاوەکانم نەیدەبینی، دوای ئەوە دیسان دووگیان بوومەوە و کوڕێکی ترم بوو، ئەو ڕۆژەی کوڕەکەم بوو کەس لەلام نەبوو و مێردەکەم و مامانێک لەلام بوو، کاتێک منداڵەکەم بوو ئەوەندە لاواز و بێهێز بووم کە بێهۆش بووم، کاتێک هاتمەوە هۆشی خۆم منداڵەکەیان بۆم پێچابوو و لە تەنیشتم دایاننابوو، پاش سێ مانگ جارێکی تر دووگیان بوومەوە و منداڵێکی ترم بوو کە ئەویش کچ بوو و تەمەنی شەش ڕۆژ بوو نەخۆش کەوت و مرد، لەماوەی دووساڵدا من چوار منداڵم مردن و دوای ئەوەش دیسان دووگیان بوومەوە کە بەسەر یەکدا دوو کوڕی ترم بووە، ئەم دوو کوڕەشم هەردووکیان لە تەمەنی بیست و سێ و بیست و پێنج ساڵیدا پێکەوە شەهید کران و مردن، چوار شەو پێش ئەوەی کوڕەکانم شەهید بکرێن خەوم بینی، لە خەومدا دوو ددانم کەوتبوونە ناو دەمم و زۆر بێتاقەت بووم، ڕۆژێک کوڕەکەم هاتەوە وتی حەزم لە چێشتی دۆکلێوە (دووینە) منیش چووم چێشتەکەی بۆ لێ بنێم کوڕەکەم کارێکی بۆ هاتە پێش کە بچێت بۆ مەهاباد، کوڕەکەی تریشم لەگەڵی چوو، نانیان نەخوارد چوون لە ڕێگادا تووشی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران بوون و هێزە تیرۆریستییەکان تەقەیان لێ کردن و ئەوانیش دەوەستن و دارێک لە پشتی ماشێنەکەیان دەبێت یەکێک لە کوڕەکانم دای دەگرێت و بەرەوڕوویان دەچێت دەڵێت بۆ بەبێ هۆکار تەقەمان لێ دەکەن، شەش مەتری ماوە بگاتە سەربازەکەی ڕێژیم تەقەی لێ دەکەن و فیشەکێک دەنێن بەناو چاویەوە و شەهیدی دەکەن، کوڕەکەی ترم کاتێک دەبینێت براکەی کەوتووە

ئەویش دارەکە بەدەستەوە دەگرێت و بۆیان دەچێت فیشەکێک لەسەر دڵی ئەویش دەدەن و ئەویش شەهید دەکەن.

کاتژمێر دوازدە نیوەڕۆ بوو کە هەردوو کوڕەکەم شەهید کراون و ئیمەش نەمانزانبووە، کاتژمێر حەوتی ئێوارە بوو تەلەفۆنمان بۆیان دەکرد نەیدەگرت، منیش هەر دەموت کوڕەکانم بۆ نەهاتنەوە هەواڵێکیان بپرسن، بوو بە کاتژمێر نۆی شەو پیاوێک تەلەفۆنی کرد و هەواڵی کوڕەکانمی پرسی و وتی ئەوە لە کوێن، منیش زۆر ترسام و تێک چووم و وتم بۆ هەواڵی کوڕەکانم دەپرسی، خێرە؟ وتی هەروا تەلەفۆنم کردووە وتوومە بزانم لە کوێن، پاش کاتژمێرێکی تر دیسان کەسێکی تر تەلەفۆنی بۆمان کرد و هەواڵی کوڕەکانی پرسی، ئیتر بەبێ ئەوەی کە کەسێک شتێکم پێ بڵێت وتم کوڕەکانم نەماون بۆیە ئەمشەو ئەو خەڵکە تەلەفۆن دەکەن وهەواڵیان دەپرسن، بۆ چەند شەوە کەس زەنگی لێ نەداوە، پاش گەڕان و پرسیار و بێ هەواڵییان، خزموکەس هاتن بۆ ماڵمان و دوای ئەوە تەلەفۆنیان کرد بۆ نەخۆشخانەکان بەڵکوو لەوێ هەواڵێکمان دەست بکەوێت، تەلەفۆنیان کرد بۆ نەخۆشخانەی شاری مەهاباد پرسیاریان کرد نەخۆشتان هەیە بەو ناوانەوە، کابراش لە پشت تەلەفۆنەکەوە وتی هەردووکیان لە ساردخانەن، هەمووومان دانیشتبووین و گوێمان لێ بوو، وتم دەمزانی کوڕەکانم مردوون خەوم بینیبوو، هەموویان هەوڵیان دا ئارامم بکەنەوە و منیان بردە ژورەکەی تر و تەلەفۆنیان بۆ نەخۆشخانەی مەهاباد کردەوە لێیان دووپات کردەوە و ئەوانیش وتیان بەڵێ ئەمڕۆ کاتژمێر یەک هەردووکیان هێناون بۆ مەهاباد و هەردووکیان بە فیشەک شەهید کراون و ئیستا لە ساردخانەدان.

**ناوم "پەری"یە، تەمەنم پەنجا ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووم و هەر لەوێش خوێندنم کۆتایی پێ هێناوە و لە ئیستاشدا لە یەکێک لەقوتابخانەکانی ئەو شارەی کە یەکەمین ئەزموونی باڵغبوون بەناوی پیریۆدبوونی من لە تەمەنی مێرمنداڵی لە کچاندا دەست پێ دەکات و گۆڕانکارییەکی جەستەیی و ڕۆحی ڕوو ئەدات، مامۆستام.

لە سەردەمی ئێمەدا بە هۆی دابونەریت کە شتێک بەناوی شەرم و حەیا و عەیبەوە هەبوو پیریۆدبوون ببووە هۆی گرفت و ئازار بۆمان، تەنانەت نەماندەتوانی لای دایکی خۆشمان باسی بکەین، من تاکوو ئیستاش بۆ جارێکیش ڕووم نەبووە لای دایکم باسی بکەم یان لای کوڕەکەم باسی بکەم و نەمهێشتووە هیچکات پێم بزانن کە چە کاتێک پیریۆدم، یەکێک لە گرفتەکانی دیکەمان کاتی ڕەمەزان بوو کە حەوت ڕۆژ پریۆدبوون گەورەترین کێشە دەبوو بۆمان و هەستانی پارشێو و نان نەخواردن و بە ڕۆژ کارێکی ئاسان بوو بەڵام ئەوەی کە لەلامان قورس بوو ئەوە دەبوو کە بچین نوێژ بکەین بە هۆکاری ئەو باوەڕەی کە هەمانبوو نوێژکردن لە کاتی پیریۆدبووندا بۆمان عەزابی وێژدان بوو و دەترساین ئەگەریش نەیکەین پێمان دەزانن کە پیریۆد بووین، ئەوەندەی کە لە ڕووی ڕۆحییەوە کاریگەری نیشان دەدا لە ڕووی جەستەیی بەو ڕادەیە نەبوو.

ئەزموونی من لەو کاتەدا کە تەمەنم نزیکەی پانزە ساڵ بوو و لە سەردەمی شەڕی نێوان ئێران وعێراق بوو، یەکێک لە تاڵترین

ئەزموون و ڕۆژەکانی ژیانم بوو کە تاکوو ئیستاش کاریگەریی ڕۆحی لەسەرم جێ ماوە و بە بیرکردنەوەی ئازار دەکێشم، ڕۆژێکی ساردی زستان قاچەکانم تەڕ ببوون و تەزیبوون، نە جلێکی گەرممان بوو نە شۆرت هەبوو نە پەدی بێهداشتی هەبوو، لە دواین کاتژمێری قوتابخانەم من پێریۆد بووم، زەنگی قوتابخانە لێ درا و هاوپۆلەکانم هەموویان چوونەوە بۆ ماڵ و منیش بە تەنیا مامەوە نەمدەتوانی لە شوێنی خۆم جووڵە بکەم، بە ئازارێکی زۆرەوە سەرم نایە سەر کورسییەکەم و وەکوو بێهۆشم لێ هات، "کافیە"ی هاوڕێم هاتە لام و بانگمی کرد و وتی "پەری" هەستە درەنگە کەسی لێ نەماوە، کاتێک سەرم هەڵبڕی "کافیە" زۆر ترسابوو و وتی ڕە نگ بە ڕووتەوە نەماوە، ڕەنگم زەرد ببوو و دواییش ئەوەندە خوێنم لەبەر ڕۆیشتبوو کە هەموو جلەکانم و کورسییەکەم خوێناوی کردبوو، لەو سەردەمەشدا نە تاکسی هەبوو نە پارەمان پێ بوو کە پێی بچمەوە بۆ ماڵ، بە حاڵێکی زۆر دژوارەوە چوومەوە بۆ ماڵ و هەر ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی کە لە ساڵی داهاتوودا بڕیارم دا درێژە بەخوێندن نەدەم، بیرم دەکردەوە کە ئەگەر بچمەوە قوتابخانە و لەوێ پێریۆد ببم چی بکەم، بە دایکیشمم نەدەوت لەبەر چی ناچمەوە قوتابخانە هەر بۆیە بە دایکیشمم وت کە من چیتر ناچمەوە قوتابخانە و حەزم لە خوێندن نییە، دایکم لەم بڕیارەم زۆر نیگەران بوو و بەبێ ئەوەی کە من ئاگادار بکاتەوە بۆ ساڵی داهاتوو ناومی نوسیوو و لە قوتابخانە کتێبی بۆ کڕیبووم و درێژەم بە خویندن دایەوە تاکوو ئیستاش سپاسی دایکم دەکەم کە ڕێگای نەدا لەخوێندن دابڕێم.

هەموو جارێک لە کاتی پێریۆدبوونم چوون و مانەوەم لە قوتابخانە و نەبوونی پێداویستی وای لێ کردبووم کە بۆم ببوو بە وەهم و بە ئازارێکی زۆر، دوا بە دوای ئەوە هەر کاتێک پێریۆد دەبووم پارچە پەڕۆیەکی بچووکم لە باتی پەدی بێهداشتی بە کار دەهێنا کە ئەویش لە ترس و لە شەرما نەمدەزانی چۆن بیشۆرم و چۆن وشکی بکەمەوە، پێریۆدبوون هەردەم وەکوو عەیبێک لەلام بووە و لە ناخی خۆمدا بووە و لەلام قورس و دژوار بووە.

**من ناوم "ئەفسانە"یە، تەمەنم چل و هەشت ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من لە تەمەنی چواردە ساڵیدا گەیشتم بە قۆناغی باڵغبوون، ئەو کاتە پۆلی حەوت بووم لە قوتابخانە، کچێکی هار و پڕجموجووڵ بووم، هێشتا لە سەردەمی یاریکردن و ڕاکەڕاکی منداڵیم تێنەپەڕیبوو کە گۆڕانکارییەکی جەستەییم لەخۆمدا هەست پێ کرد، ئەو گۆڕانکارییە جەستەییە بووە هۆی ئەوەی کە لەسەر ڕۆحیشم کاریگەریی هەبێت، یەکەم ئەزموونم بۆ ئەو گۆڕانکارییە بەنێوی "پێریۆد" لە ڕۆژێکی ساردی زستاندا بوو کە بەفرێکی زۆر باریبوو، بۆ یاریکردن بە بەفرەکە لە دەرەوە بووم لەسەر حەساری ماڵی خۆمان بازم ئەدایە ناو بەفرەکە، دوای دوو سێ جار بازدانم دواین جار کە دانیشتم سەیرم کرد بەفرەکە لە ژێرمدا سوور بووە، نەمەزانی ئەو شتە چییە زۆر ترسام وتم حەتمەن خۆم لەسەر حەسارەکە فڕێ داوەتە خوارەوە جێگایەکم بریندار بووە، چوومەوە بۆ ماڵەوە بە دایکمم وت کە شتێکی وام

بەسەر هاتووە، ئەوکات دایکم بۆی باس کردم کە پێریۆد بووم و پێم ناوەتە قۆناغی باڵغبوونەوە.

**من ناوم "سروە"یە، تەمەنم سی و شەش ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

باری ئابووریمان باش بوو، لە نبەماڵەیەکی دە کەسیدا گەورە بووم، کچی ناونجی بووم، بۆ یەکەمجار کە چوومە قۆناغی باڵغبوونەوە پۆلی حەوتی قوتابخانە بووم (یەکەمی دواناوەندی)، ئەزموونم بۆ پێریۆدبوون ئێوارەیەک بوو کە میوانێکی زۆرمان هەبوو و خەریکی کارکردن بووم، لە کاتی کارکردن هەستم کرد ناو لەشم تەڕە، چەند ژوورمان هەبوو کە یەکێک لە ژورەکانمان بە ژووری جلەکان ناودێر کردبوو، منیش ڕامکردە ژووری جلەکانەوە، ئەو کات جلەکان لەناو سندووقمان دەخستن، سندووقێک هی دایکم و باوکم و ئەوی تر هی براگەورەکەم و ئەویترهی خوشکم و هی منداڵەکان، هەمووی لەناو سندووقێکدا بوو، منیش کە ناو لەشم تەڕ ببوو هەوڵ ببوم دەستم کرد بەناو سندووقی منداڵەکان بۆ شۆرت ئەگەڕام، ئیسترێسێکی زۆرم بوو، دڵیشم پڕ ببوو لە گریان و دەترسام ئەموت ئاخۆ بە چی وام لێ هاتبێت، لەناو سندووقەکەدا شۆرتێکی برایەکم کە لە خۆم گەورەتر بوو دۆزیمەوە، شۆرتێکی شین بوو نافەکەی هەمووی کوون ببوو، منیش هاتم لەبەری بکەم خوشکە گەورەکەم لەپشت سەرم بوو، وتی ئەوە چی ئەکەیت، وتم هیچ نییە کارم هەیە، وتی نا پێم بڵێ بزانم چی ئەکەیت و بە دوای چیدا دەگەڕێت، وتم هیچ

نییە کارم هەیە بەدوای جلی خۆمدا دەگەڕێم، وتی نا نا تۆزێک سەیرمی کرد ئەوەندە ڕەنگم تێکچوو بوو، دڵم پڕ بوو دەستم کرد بە گریان وتم تەواوی گیانم خوێنە، ئەویش پێم پێکەنی و وتی شتێکی نۆرماڵە و بۆی باس کردم کە ئەمە شتێکە بەناوی "پێریۆد"، لە کاتی باس کردنەکە من هەر لە وەهم و ترسدا بووم، ئەو کاتە پەدی بێهداشتی نەبوو خوشکم فێری شۆرت لە پێ کردنی کردم و پارچە پەڕۆیەکی پاکی بۆ هێنام و شێوازی بەکارهێنان و شتنەکەی فێرکردم کە چۆن لەبەر هەتاو وشکی بکەمەوە و جارێکی تر دووبارە بەکاری بهێنمەوە.

**من ناوم "مونیرە"یە، تەمەنم سی و پێنج ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

یەکێک لە ناخۆشترین ئەزموونەکانی ژیانم کە خەریک بوو تەمەنی مێرمنداڵیم تێپەڕ بکەم و بەرەو تەمەنێکی تازەی ژیانم هەنگاوم دەنا و دەچوومە قۆناغێکی ترەوە بە نێوی قۆناغی باڵغبوون، من بە هۆی ئەوەی کە کچی گەورەی ماڵ بووم هیچ ئەزموونێکم نەبوو، زۆر ناخۆش بوو بۆم ئەو کاتەی کە بۆ یەکەمجار "پێریۆد" بووم تەمەنم شازدە ساڵ بوو و ساڵی پێشوتری دەستم لە خوێندن هەڵگرتبوو، چووم بۆ خولی درومان و کاری دەستی، ئەو ڕۆژەی پێریۆد بووم لە قوتابخانە بووم و وانەی دینیمان هەبوو کە مامۆستاکەم پیاو بوو، هەستم بە ئازارێکی زۆر لەناو زگم دەکرد، هەستم دەکرد کە پێریۆدە چونکە پێشتر هاوڕێیەکانم پێیان وتبووم کە تۆ بۆ پێریۆد نابیت، تۆ

پیاویت ئێمە هەمووومان پێریۆد بووین، تۆ بۆ وات لێ نایات، کاتێک وام لێ هات چۆنکە پێشتر ئەوەندەیان پێ وتبووم زانیم ئەو نەخۆشییەیە، لەسەر پۆلەکەم چەند جار داوای ڕێپێدانی چوونە دەرەوەم کرد، دواینجارکە داوای ڕێپێدانم کرد و ڕۆیشتم نەگەڕامەوە ناو پۆلەکەم لەبەر ئەوەی کە نەمدەتوانی دابنیشم، کاتێکیش گەڕامەوە ماڵەوە نەمدەزانی چی بکەم، ڕووم نەبوو لەلای دایکمەوە دەنگ بکەم، هاتم لەوهەورانەی کە بۆ کاری درومان بەکارم دەهێنان باریک بڕیم و پارچەم لە دەورەکەی دا و لە شێوەی شۆرت دروستم کرد و لە کاتی پێریۆدبوون ئەوەم بەکار دەهێنا و کاتێک پیس دەبوو نەمدەزانی چۆنی فڕێ بدەم و چۆن بیشارمەوە، ئەزموونی پێریۆدبوونم ناخۆشترین ئەزموونی ژیانم بوو، چۆنکە خۆم خۆشکە گەورە بووم لەبەر شەرم و ترس نەمدەتوانی بە دایکیشم بڵێم، بۆیە ناخۆشترین ئەزموونم بوو.

**من ناوم "کازیوە"یە، تەمەنم چل و سێ ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

بیرەوەریی خۆم باس دەکەم لەوانەیە بۆ ئەو دایکانەی کە کچیان هەیە و کچەکانیان بەرەو تەمەنی پێریۆدبوون دەچێت و بە کوردیەکەی خۆی دەناسێت جێگای سەرنج بێت، دیارە بە هۆی بارودۆخی جۆگرافیایی گۆڕانکاری بەسەر جەستەی ژناندا دێت، هۆرمۆنەکان کەمتر یان زۆرتر تەڕ دەبنەوە و پێریۆدبوون زووتر دەست پێ دەکات، من لە پۆلی شەش کە تەمەنم دوازدە ساڵ بوو، پێریۆد بووم و تاکوو ئەو کاتە کە دایکم قسەی لەگەڵم نەکردبوو

و بۆمی باس نەکردبوو و نەمدەزانی پیریۆدبوون چییە و تەنانەت نەشمبینیبوو، تەنانەت کاتێک دایکیشم پیریۆد بووبێت نەمزانیبوو بۆیە هیچ شارەزای پیریۆدبوون نەبووم، پێشتریش لە ناوچەیەکی ساردسێری شاری مەراغە بووم، نە کچەکانی هاوڕێم و نە مامۆستاکانمان باسیان نەکردبوو و لە کتێبەکانیشدا نەهاتبوو، بۆ ئێمە لەو سەردەمەدا شتێکی وا نەبوو بەڵام کاتێک کە ڕۆیشتین بۆ ناوچەی گەرمەسێری مەسجدسلێمان و ئەهواز، من پیریۆد بووم و یەکەمجار کە پیریۆد بووم بەڕاستی زۆرترسام، دایکم بڕێک هەڵسوکەوتی توند بوو لەگەڵمان، توندیەکەی بە شێوەیەک بوو کە تەنانەت ڕێگەی نەدەدا لە شوێنێک لەگەڵ خاڵ و مامی خۆمان بە تەنیا بمێنینەوە، بیستبووی و بینیبووی و بە حوکمی ئەوەی کە باوکم نیزامی بوو، ئەو کێشانەی زۆر بینیبوو کە خاڵ ومام زۆر دەستدرێژیان کردووەتە سەر خوشکەزا و برازایان و هەروەها دەستدرێژی بە کچی بچووک و منداڵ دەکرێت، بۆیەش دایکم زۆر هەستیار بوو لەسەر ئەو شتانە، منیش کە یەکەمجار خوێنم بە شۆرتەکەمەوە بینی زۆر ترسام، لەبەر ئەوەی کە لە منداڵییەوە پێیان وتبووین لەجێگای بەرز باز مەدە بنت دەکەوی، ترشی مەخۆ، سماق مەخۆ بنت سپی دەبێت، ئەو ترسە لە هزرمدا جێگیر ببوو، کە یەکەمجار کە ئەو خوێنەم بینی زۆر ترسام لەبەر ئەوەی کە ساڵی پێشتر لەسەر دیوار کەوتبوومە خوارەوە، من ئەو ترسەم هەر لە دڵدا هەبوو و دەموت ئەمن ئەوە بنم ڕژاوە، دوای ئەوە یەک ساڵی تەواو من نەموێرا لای دایکم باسی بکەم و نەمهێشت بیزانێت چۆنکە دەموت هەر دەمکوژێت یان دەمخنکێنێت، لە باوکم نەدەترسام لە دایکم دەترسام، دەموت دەڵێت پێتم وتووە

کە وامەکە و باز مەدە، ترشیات مەخۆ و سماق مەخۆ، یان کاتی وابوو بیرم دەکردەوە کە لە ئاودەست پەنجەم زۆر بردووەتە ناو گیانی خۆم، خەیاڵێکی ناخۆشم دەکرد و نەمدەزانی چییە.

من یەک ساڵ بە پیریۆدبوونێکی قورسەوە کە هەر مانگێک چواردە ڕۆژی دەخایاند، لە کاتی پیریۆدبووندا ڕۆژێک پێنج جار دەچووم لە ئاودەست شۆرتەکەم دەشۆرد و ڕامدەوەشاند و بە گریانەوە دیسان بە تەڕی لەبەرم دەکردەوە و دەترسام خوێنەکەی پێوە بێت، زستانی ئەو ساڵە لەشانسی من دوای دوانزە ساڵ بۆ یەکەمجار لەشاری مەسجدسلێمان بەفر باری، من بەو زستانە و بەو سەرمایە بە شۆرتی تەڕەوە قوتابخانە دەچووم و دەچوومە دەرەوە و دەچوومەوە ژوورەوە، هەموو کات نەخۆش بووم و زگم ژانی دەکرد و ڕەنگم زەرد بوو، دایکم نەیدەزانی بۆ وام و منیش نەمدەوێرا باس بکەم، ساڵێک تێپەڕی و ئێمە لە شاری مەسجدسلێمان بووین، من لەو ماوەیەدا نەمهێشت دایکم پێی بزانێت، تاکوو ئەو کاتەی کە باوکم کارەکەی گوازرایەوە بۆ شاری بانە، من لەوێش نەمهێشت دایکم بزانێت ئەوکاتیش لە بانە بەفرێکی زۆر دەباری و بەفری کۆڵانەکان تاکوو سەربانەکانی دەگرت، لەو بەفر و سەرمایەشدا من بەهەمان شێوە شۆرتەکەم دەشۆرد و لەبەرم دەکردەوە، تاکوو ئەو کاتەش هەر لەگەڵ دایکم دەچووینە حەمام دایکم ئێمەی دەشۆرد، ئێمە پێنچ منداڵ بووین کە سێ خوشک و دوو برا بووین، دایکم یەک یەک ئێمەی دەیشۆرد و باوکیشم وشکمانی دەکردەوە و جلی لەبەرمان دەکرد و دەمانیخەواند، دواتر باوکم

دەچووە حەمام لەگەڵ دایکم خۆیان دەشۆرد، ئەو ڕۆژە باوکم کە دەچێت دایکم جلی دەشۆرد کە شۆرتەکەی من تێکەڵ بە جلی خوشک و براکانم ببوو، لە سووچێکەوە باوکم شۆرتەکە دەبینێت و لە دایکم توڕە دەبێت، پێی دەڵێت تۆ پیریۆدی بۆ ئەو شۆرتەت تێکەڵ بە جلی منداڵەکان کردووە، دایکیشم دەڵێت نا خۆ من پیریۆد نیم، باوکیشم دەڵێت ئەی ئەوە نییە ئەو شۆرتە خوێنی پێوەیە، کاتێک دایکم تەماشای دەکات ئەڵێت ئەوە شۆرتی من نییە، ئەوە شۆرتی کازیوەیە دیارە خۆی ناسیوە، لەوێ دایکم و باوکم دڵخۆش دەبن لەوەی کە من گەورە بووم و خۆم ناسیوە و بوومەتە مێرمنداڵ، ئەو شەوە کە دایکم هات پێمی وت میوانمان بوو، خاڵم لە ماڵمان بوو، دایکم هەڵوایەکی زۆری ساز کردبوو، دواتر هاتە لام وتی ئەوە بۆ تۆم ساز کردووە خۆت ناسیوە و پیرۆزت بێت، من زۆر گریام دەترسام دەموت دایکم پێی زانیوە و دەمکوژێت، دوای ئەوە ترسەکەم ببوو بە شەرم کە من ساڵێکە وام و لەلای دایکم باسم نەکردووە و ئیستاش دایکم هەڵوام بۆ ساز دەکات و دامدەپۆشێت و جلی وشکم پێ دەدات، ئەو کاتە پەدی بێهداشتی کەم بوو و هەموو کەس بەکاری نەدەهێنا، بەڵام دایکم بڕێک پارچەی بۆم هینا و وتی ئەوانە هەڵبگرە، بەم شێوە بوو کە دایکم زانی، بابم و خاڵم هاتن نێوچاوانمیان ماچ کرد، دوای ئەوە دایکم نیگەرانی ئەوە بوو کە من چواردە ڕۆژ پیریۆد دەبووم، جاری یەکەم وتی نۆرماڵە ئەو وایدەزانی یەکەمجارە نەیدەزانی یەک ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، دوای ماوەیەکی تر کە دیسان پیریۆد بوومەوە و هەر چواردە ڕۆژی خایاند دایکم

زۆر نیگەران بوو بۆیەش لەگەڵ ئەو دوکتۆرە ژنانەیە کە خۆی سەردانی دەکرد قسەی کردبوو و دکتۆرەکەش وتبووی بیهێنە ببیبینم، بە شەڕ و گریان و شەرم و ترسێک بردمیان بۆ لای دوکتۆرەکە، بە هۆکاری ئەوەی کچ لەو تەمەنەدا زۆر ئاگای لەو شوێنە هەستیارەی خۆیەتی، بە زۆر دەستیان ڕاکێشام و بردمیان بۆ لای دوکتۆر، لەوێ دوکتۆرەکە سەیری کردم و وتی کە جێی نیگەرانی نییە هێندێک کەس لە سەرەتاوە هێلکەیان زۆرە و ماوەی پێریۆدیان درێژخایەنە، دوکتۆرەکە هەستی بەوە نەکرد کە من لە ساڵێک پێشترەوە پێریۆد بووم، بۆیە تا ئیستاش لای دایکم باسم نەکردووە کە من ساڵێک وا بووم و لەلای ئەو دەنگم نەکردووە، ئەو یەک ساڵە ئەزموونێکی تاڵ بوو بۆ من کە هەموو ژیانی منی شێواند کە تا ئیستاش کاریگەریی ماوە لەسەرم، هەرکات من پێریۆد دەبم ئازارێکی زۆرم هەیە و زۆر نەخۆش دەبم و حاڵێکی زۆر خراپم هەیە و تەنانەت ئەو حاڵەتە کاریگەریی لەسەر سێکسیشم داناوە کە حەزی زۆرم بۆ سێکس نییە و لە کاتی سێکسیشدا ئازارێکی زۆرم هەیە و زۆر ئەزیەت دەبم، بۆیە ئەوەش وای کردووە کە لە سێکس دەترسم و سێکسم پێ خۆشە بەڵام لێی دەترسم، هەروەها ئازاری پشت و قاچم هەتاکوو ئیستاش لەگەڵمدایە و لەکاتی منداڵبوونمدا زۆر ئازارم کێشا، هەرچەندە دەیانوت دوای منداڵبوون ئازارت نامێنێت بەڵام هیچ جیاوازیەکی نەبوو، ئازارەکان وەکوو خۆی ماوە تاکوو ئێستاش کە تەمەنم چل و سێ ساڵە هەر بە کاریگەریی ئەو ئەزموونە تاڵەی مێرمنداڵیمەوە دەناڵێنم.

**من نێوم "هاوار"ە، تەمەنم سی و نۆ ساڵە و لە شاری مەهاباد لەدایک بووم.**

من لە بنەماڵەیەکی خێزاندار هاتوومەتە دنیا، لە ماڵەوەمان منداڵی گەورە تر و بچووکتر لە خۆم هەیە، لەو سەردەمەدا نەماندەتوانی کێشە و گرفتەکانمان لەلای دایک و باوکمان باس بکەین یان باسی پێریۆدبوونی خۆمان بکەین، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە من خۆشکی لە خۆم گەورەترم هەبوو و دەمتوانی هەموو شتەکانی خۆم لەلای باس بکەم، یەکەمجار کە پێریۆد بووم لە قۆناغی نۆهەمی (سێهەمی ناوەندی) قوتابخانە بووم، هاوین بوو چووبووم کارنمەی ئەو ساڵەم وەرگرمەوە، پانتۆڵێکم لەبەردا بوو کە زۆر خۆشم دەویست، کاتێک هاتمەوە چووم جلەکانم بگۆڕم بینیم جلەکانم هەمووی خوێنی پێوەیە، منیش زۆر ترسام و بێتاقەت بووم لەوەش کە پانتۆڵەکەم پیس ببوو و لەوەش بێتاقەت بووم کە چۆن بە دایکم بڵێم و چیی پێ بڵێم، دەشمزانی نە کەوتووم و نە ڕام کردووە ئەی بۆچی وام لێ هاتووە، لە سەرەتا وامدەزانی نەخۆشینێکم گرتووە زۆر نیگەران بووم، تاقەتم زۆر نەهێنا چووم بە خۆشکە گەورەکەمم وت، دواتر خۆشکەکەم ئارامی کردمەوە و وتی هیچ نیگەران مەبە ئەوە گەورە بوویت و پێویستە لەمەودوا پەڕۆ هەڵبگریت و شۆرت و جلی گەرم و گۆرەوی لەبەر بکەیت هەم لە ماڵەوە و هەم لە دەرەوەش بۆ

ئەوەی پەڕۆکەت نەکەوێتە خوارەوە، ئەو ڕێنماییانە وای کرد کە من زۆر زوو نیگەرانیم نەمێنێت و تووشی ئازاری زۆر نەبم.

به داخـەوە ئێمە سیستەمی خوێندنمان بەو شێوەیە نەبوو کە فێرمان بکەن کاتێک ئێمە پێریۆد دەبین ڕێنماییمان بکەن و نەترسین، لەوەش کە دایک و باوکانیشمان ئەو زانیارییانەیان نەبوو پێمان ڕابگەیەنن بۆ ئێمە ناخۆش بوو، بۆ ئێمە کە ئازارمان بەو پێریۆدیەوە کێشاوە، من لە ئێستادا کە بیری لێ دەکەمەوە بێتاقەت دەبم کە ئێمە نەماندەتوانی لەسەر شتێکی ئاوا لەگەڵ دایکمان قسە بکەین و دەچووین لەگەڵ خۆشکمان قسەمان دەکرد، ئەگەر کەسێک خۆشکی نەبێت دوبوو چی بکردبایات، ڕووی لە کوێ یان ڕووی لە کێ بکردبایات، دایکم ژنێکی کوڕپەرەست بوو و هۆکاری ئەوەش کە کوڕپەرەست بوو ئەوە بوو کە دوو کوڕی لەدەست دابوو و هەمیشە نیگەرانی ئەوەی بوو کە ئەوانی تریش لەدەست نەدات بۆیە ئەو وزەیەی لە کوڕەکانیدا دەیبەخشی و نازی ئەوانی دەکێشا، بۆ ئێمەی کچەکانی وا نەبوو و تاکوو ئێستاش براکەم زۆر لە من بەنازترە، زۆر جار ئەحواڵی دایکم لە براکەم دەپرسم هەموو ڕۆژێک پێکەوە قسە دەکەن، براکانم پێوەندییان نزیکتر بوو لەگەڵ دایکم تاکوو کچەکانی، نەبوونی ئەو پێوەندییەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە کەمتر بتوانی دەردەدڵەکانت باس بکەیت لەگەل دایکت.

**من نێوم "تەنیا"یە، تەمەنم سی ونۆ ساڵە و لە پارێزگای ئیلام لەدایک بووم.**

یەکەمین ئەزموونی پێریۆدبوونی من لە پۆلی دەهەم (یەکەمی دواناوەندی) بوو، ئەو وڵاتەی کە من تێیدا دەژیم و هاتوچووی تێیدا دەکەم لەگەڵ هاوڕێ و دایک و خۆشکم لە بواری کێشە یان گۆڕانکارییە جەستەییەکانی ژنان زۆر زۆر شەرمیان دەکرد کە لە پێریۆدبوون لەگەڵ کچەکانیان قسە بکەن، بنەماڵەی منیش و بەتایبەت دایکم هەمیشە شەرمی دەکرد و لەو بوارانەدا هیچکات قسەی لەگەڵمان نەدەکرد و شەرمی دەکرد، نازانم هۆکاری چییە؟ ئایا کۆمەڵگایە، دابونەریتە یان چی؟

یەکەم ئەزموونی من کە لە پۆلی دەهەم (یەکەمی دواناوەندی) بووم بنەماڵەم لەو بڕوایەدا بوون کە ئیمە لە قوتابخانە فێر دەبین و لە قوتابخانەش هیچ لەو بوارانەدا باسیان نەدەکرد و ئەزموونێکمان نەبوو، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی کە تا ڕادەیەک من گەورە ببوم و زانیاریم لەسەری هەبوو، دەمزانی پێریۆدی چییە، بەڵام بەو جۆرەش ئامادەییم تێدا نەبوو، لە ماڵەوە پەدی بێهداشتیم نەبوو، هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو، بۆیە تاکوو ئیستاش ڕەقم لە پێریۆدبوونە، ئەو کات ڕووم نەبوو بە خۆشکە گەورەکەم بڵێم پەدی بێهداشتیم پێ بدات، برا گەورەکەم کراسێکی تازەی بۆ خۆی کڕیبوو بە هۆی ئەوەی تازە بوو پاک بوو، مقەستێکم برد و چووم بۆ باڵکۆنەکە بۆ ئەوەی کەس نەمبینێت، لەوێ کراسەکەم لە قۆڵەکەیەوە لەت کرد و بەکارم هێنا.

هیوادارم ئەو قۆناغە بۆ کچەکانمان و بۆ دایکانمان ئاسایی ببێت و دایکان ڕاحەتتر بۆ کچەکانیان باس لەو قۆناغە بکەن.

**من نێوم "شەوبۆ"یە، تەمەنم سی و سێ ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من لە بنەماڵەیەکی هەشت کەسیدا ژیاوم کە شەش خۆشک و برایەکم هەبوو، من کچە گەورەی ماڵ بووم و یەکەم ئەزموونی پێریۆدبوونم لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بوو کە یەکێک لە تاڵترین بیرەوەری و ئەزموونەکانی ژیانم بوو، لەبەر ئەوەی من کچە گەورەی ماڵ بووم بنەماڵەکەم زۆر مەزهەبی و ئایینی بوون، لەگەڵ ئەوەی کە دایک و باوکم خوێندەوار بوون بەڵام بەداخەوە بیرکردنەوەیان بە شێوەیەک بوو کە دەیانوت هەر کچێک زوو پێریۆد ببێت بەرەو ڕووداری دەچێت، بەڵام ئەو بیرکردنەوەش لە ڕووی زانستەوە نەبوو، لەو کاتەی کە من پێریۆد بووم بە هیچ شێوەیەک ڕووم نەبوو لەلای دایکمەوە باسی بکەم و دەمشاردەوە، بەڵام بەخۆشییەوە من لەو کاتەی کە پێریۆد دەبووم خوێنم کەم بوو و بەو هۆکارەشەوە کەم لێم دەردەکەوت، نەمدەتوانی زوو زوو بچم بۆ حەمام یان جلم زوو زوو دەگۆڕی دایکم گومانی لێ دەکردم و پێمی دەوت تۆ بۆ ئەوەندە جل دەگۆڕی، دواجار بە هەر بەدبەختییەک بوو بە دایکمم وت بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە بیرکردنەوەی شتێکی تر بوو کاتێک زانی دروست هەلسوکەوتی کرد لەگەڵمدا، نەیپرسی کە بۆ زوو پێریۆد بووم یان بمباتە دوکتۆر بزانێت هۆکاری چییە کە من زوو کەوتوومەتە ئەو قۆناغەوە، لە بەر ئەوەی کە دایکم چاوەڕێی دەکرد کە من درەنگتر لەو کاتە پێریۆد ببم، بەڵام ئەو یەک هەفتە کە تێدەپەڕی و تا بە دایکمم وت تاڵترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو، زۆر دەترسام لەوەی کە جلەکانم پیس ببێت و باوکم یان براکانم بیبینن.

**من نێوم " قومریـ"یه و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستانم.**

ئەو کاتەی کە من پێریۆد بووم بە هۆی خوێندنەوە دوور بووم لە بنەماڵەکەم و ڕۆژێکی زۆر سەخت و دژوار بوو بۆ من، ئەو ڕۆژە بە زۆر بردمانیان بۆ نوێژی جەماعەت لە مزگەوت منیش پەڕۆیەکم هەڵگرتوو ڕۆیشتم، پانتۆڵێکم لەبەردا بوو زۆر شل بوو، لە ناوەڕاست نوێژەکە کە هاتمە ئەم لاوە پەڕۆوەکە بە دوامدا بەر بووە عەرز و پێشنوێژەکە کە هاتە ئەملاوە پێی پێدا نا و ئەو مامۆستایەی کە لەگەڵمان بوو پێی زانی زۆر ناخۆش بوو، تاکوو ئێستاش ئەو بیرەوەرییە ناخۆشەم بیر ناچێتەوە.

**من نێوم "کوبرا"یه و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

لە تەمەنی شازدە ساڵیدا چوومە قۆناغی پێریۆدبوون، ئەو ڕۆژەی کە وام لێ هات لەگەڵ ماڵی مامم چووبووم بۆ سەیران، کاتێک چوومە توالێت (W C)زانیم پێریۆد بوومە زۆر نیگەران بووم، ئێوارە چوومە ماڵی خۆشکم پێیم وت، ڕێنماییمی کرد و وتی ئەوە شتێک نییە کە تۆ خۆتی بۆ بێتاقەت بکەیت، قۆناغێکە کە هەموو کچێک بەسەری دێت، دواتر فێری غوسڵ دەرکردنمی کرد، دوای ئەوە پێمی وت برۆ دەست بخەرە ناو هەموو پاشکەوتەکانی ماڵەکەم و دەستمی کرد بە ناو هەموو نیسک و نۆک و برنج و ڕۆن و ... هتد و وتی خێر و بەرەکەت دەهێنێت بۆ ماڵەکەم، ئێستا خۆشکم لە ڕووی داراییەوە زۆر باشە و من پێم وایە ئەوە شتێکی ڕاست بووە.

**ناوم "سەحرا"یە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من لە قۆناغی نۆی (سێهەمی دواناوەندی) خوێندن بووم، لە ڕۆژێکی هاویندا کاتی شەڕی ئێران وعێراق بوو و ئێمە لە گوندێک بە ناوی زەرواو لای شاری بانە ئاوارە بووین، ژانە زگێکی زۆر توندم گرت، بردمیان بۆ دوکتۆر و لەوێ دەرمانیان پێم دا و هاتمەوە بۆ ماڵەوە، ڕۆژی دواتر کاتێک چوومە توالێت (W C) بینیم میزەکەم سوورە زۆر ترسام، شەرمم دەکرد باسی بکەم و لەلای کەس دەنگم نەکرد، دوای چەند جاری تر کە وام لێ هات ئەوکات زانیم کە ئەمە قۆناغێکە کە تێی کەوتووم بەناوی پێریۆدبوون.

**ناوم "ئیلهام"ە، تەمەنم بیست و پێنج ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

کاتێک پێریۆد بووم تەمەنم چواردە ساڵ بوو، پێشتر دایکم لەسەر پێریۆدبوون بۆمی باس کردبوو و دەمزانی چۆنە و زانیاریم لەسەری هەبوو، لەبەر ئەوەش کاتێک پێریۆد بووم شۆکە نەبووم و دەمزانی چییە، بەڵام ئێسترێسێکی زۆرم گرت، یەکەم ڕۆژ دەترسام کە لەلای دایکم باسی بکەم، ڕۆژی دواتر بە دایکمم وت، کاتێکیش پێم وت دایکم زیاتر تووشی ئێسترێسمی کرد چۆنکە دایکم خۆی لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا پێریۆد ببوو، بە ڕای ئەو زوو بوو کە من لە تەمەنی چواردە ساڵیدا پێریۆد ببووم، دەترسا

لەوەی کە زیاتر گەورە نەبم، کاتێک دایکم ئەو ئێسترێسەی هەبوو ئەو ئێسترێسە بۆ من زۆر زیاتر لەو بوو و ئێسترێسێکی زۆرم هەبووو، ئەو ڕۆژە زۆر خەفەتم خوارد و تووشی خەمۆکی بووم، نەمتوانی هیچ شتێک بخۆم و لەگەڵ کەسیشدا قسە بکەم، تاکوو ئەوەی کە چەند جارێکی تر دیسان پێریۆد بوومەوە و وردە وردە لەلام ئاسایی بوو، کاتێکیش دەڕۆیشتم بۆ قوتابخانە پەدی بێهداشتیم هەڵنەدەگرت، دەترسام هاوڕێیەکانم پێی بزانن و گاڵتەم پێ بکەن.

**ناوم"جەمیلە"یە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من لە بنەماڵەیەکی مامناوەندا لەدایک بووم و خانوویەکی بچووکمان هەبوو و سەر بانەکەی گڵەبان بوو، ژیانێکی زۆر سادەمان هەبوو و هیچ پێداویستی و کەلوپەلێکمان نەبوو، یەکەمجار کە پێریۆد بووم لەگەڵ هاوڕێیەکەم چوومە حەمام، ئەو کات لەماڵەوە حمام نەبوو و دەبوو بچینە دەرەوە خۆمان بشۆرین و لە کاتی گەڕانەوەم لە حەمام هەستم کرد شتێکی گەرم بەناو لەشمدا دێتە خوارەوە، هاوڕێیەکەم ناوی "پەری" بوو و بە "پەری"م وت، وتم ئەی هاوار "پەری" شتێکی گەرم بەناو لەشمدا دێتە خوارەوە، وتی چییە؟ وتم نازانم چییە، وتی پەلە مەکە ئیستا دەگەینەوە ماڵەوە بچۆ توالێت (W C) و سەیری خۆت بکە، گەیشتینەوە ماڵ من چوومە توالێت و ئەویش لەپشت دەرگاکەوە ڕاوەستا، هاتمە دەرەوە وتی چی بووە؟ چییە؟ وتم نازانم بەخوا

هەموو ناوزگم بووتە خوێن و خوێنم لێ دێت، وتم تازە من دەمرم چۆنکە زۆر پەرێشان و ناڕەحەت بووم و دەترسام، دوو مانگ بەر لەوەش خۆشکم بۆمی باس کردبوو کە شتێکی هەیە بەناوی پێریۆدبوون بەڵام من شعوورم پێی نەدەشکا، ئەو هی خۆی بۆم باس کردبوو، لەو کاتەدا هەر زۆر ترسام پەری پێمی وت مەترسە ئاخۆ چییە، لەوانەیە شتێک چوو بێت بە لای ڕانتدا، منیش وتم لای ڕانم نییە، وتی مەترسە هیچ نییە خۆی دەوەستێتەوە، ئەویش لەمن بێ ئەزموونتر، وتم با بچم بە "فاتمە"ی خۆشکم بڵێم کە دوو ساڵ لە من گەورەترە و کاتی خۆی پێی وتبووم کە هەر کات شتێکی بەو شێوەیە ڕوویدا بۆت وەرە پێمی بڵێ، لەو کاتەدا خۆشکم لە ماڵی دراوسێیەکمان بوو چووم بانگم کرد و وتم وەرە فاتمە پێم وابێ پێریۆد بووم زۆر دەترسم، دەترسم زگم پڕ بووبێت لەخوێن و من دەمرم، دوای هات سەیری کرد وتی مەترسە ئەوە پێریۆد بوویت هەموو مانگێک وات لێ دێت، بەڵام لە کاتی خەوتن پێت دەڵێم چی بکەیت، نیوەڕۆ نانمان خوارد و تا کاتی شەو، شەویش نانمان خوارد و تا کاتی خەوتن، لەگەڵ خۆشکم زۆرمان یەکتر خۆش دەویست دەستمان لە ملی یەک کرد و وتی جەمیلە گیان پێت خۆشە چەند ڕۆژ وا بیت، وتم نازانم، وتی ژمارەیەک بڵێ، منیش وتم پێنج، وتی دڵنیای پێنج، وتم بەڵی، وتی دەی پێنج دانە دار لەو دارانەی سەقفی ماڵەکە بژمێرە تا بەری بەیانی، وتم بۆ؟ وتی ئەگەر پێنج دار بژمێریت هەر پێنج ڕۆژ پێریۆد دەبیت، ئەگەر نەیژمێریت تا دە ڕۆژ زیاتر وا دەبیت، منیش لە ترسان تا بەری بەیانی ڕۆژ بووە لە یەکەوە تا پێنج لە دارەکانم دەژمارد.

**ناوم "ئەسرین"ـە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

ئێمە سێ خۆشک و دوو برا بووین، خۆشکەکانم هاوتەمەنی خۆم بوون بەڵام براکانم گەورە بوون و ژیانی هاوبەشیان پێک هێنابوو، یەکێک لە براژنەکانم لەگەڵ ئێمەدا دەژیا، تەمەنم پانزە ساڵ بوو کە پێریۆد بووم، یەکەمجار کە چوومە ئەو قۆناغەوە شەو بوو و زەماوەندی دراوسێیەکمان بوو، من بە هۆکاری تاقیکاریی قوتابخانەوە لە ماڵەوە بووم، ژانە زگێکی زۆر قورسم گرت، لەشم گەرم دەبوو و دیسان سارد دەبووە، وەکوو جاران نەمابووم و گەرماییەک بە ناو لەشمدا هات، سەیری خۆمم کرد خوێنێکی زۆر گەرم لە لەشم دەهاتە خوارەوە زۆر ناڕەحەت بووم، پێشتر بیستبووم کە پێریۆدبوون هەیە و هەموو ژنێک وای لێ دێت زۆر ناڕەحەت بووم دەستم کرد بەگریان، چوومە سەربانەکە و سەیری زەماوەندەکەم دەکرد و دەگریام هەر سەیری زەماوەندەکەم دەکرد و دەگریام، سەیری ژنەکانم دەکرد و دەموت تۆ بڵێی ئەم خەڵکە وەکوو منیان لێ هاتبێت، ئەوان چە ئەزموونێکیان بووە و ئەی ئێستا بۆ ئەوەندە نۆرماڵن، کچێکی هاوڕێم دراوسێمان بوو چوومە ماڵی ئەوان وتم "مەعسومە" شتێکی ئاوا لە من ڕووی داوە، وتی من وام لێ نەهاتووە بەڵام منیش چەند مانگی تر لەوانەیە وام لێ بێت، چی بکەم چی نەکەم ئەو ڕێنماییمی کرد و وتی بگەڕێ لەماڵەوە بزانە پەڕۆی پاکی لێیە بەکاری بهێنە و دوایی بە دایکت بڵێ، کاتێک هاتنەوە لە زەماوەند هەموویان وتیان بۆ وات لێ هاتووە بۆ گریاوی، وتم ئیسترێسی تاقیکاریم هەیە تاکوو خۆشکە گەورەکەم هەستی پێ

کرد و وتی هەست دەکەم وات لێ هاتووە، دەمێکەیە چاوەڕێم شتێکم پێ بڵێت، بە خۆشکەکەمم وت هاوکاری و ڕێنماییمی کرد بەڵام لەلای دایکم تاکوو چەند مانگ باسم نەکرد، پەشیمانم کە بە دایکمم نەوت ئەگەر پێم بوتبایا لە ڕووی دەروونییەوە ئەو قۆناغەم باشتر تێدەپەڕاند، هەموو کات زۆر ئیسترێسم هەبوو بۆ حەمام کردن و خۆگۆڕینم و ئازارم دەکێشا و دەترسام، بەڵام دوای چەند مانگێک خۆشکم بە دایکمی وت ئەگەرچی خۆشکم زۆر باش بوو و وەکوو دایکم ڕێنماییمی کرد.

**من "ڕەسوڵی"، تەمەنم بیست و نۆ ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

ئەم ئەزموونەی کە باسی دەکەم دەگەڕێتەوە بۆ حەڤدە ساڵ پێش لە ئێستا، ئیمە بنەماڵەیەکی سونەتی و زۆر بووین، لە کۆمەڵگایەکدا بووین کە قۆناغی خۆناسین و باڵغبوون لە کوڕەکاندا دەبووە هۆی دڵخۆشی دایک و باوک، بەڵام ئەو قۆناغە لە کچەکاندا دەبووە هۆی شەرمەزاری و ناڕەحەتی و دەستپێکی کێشەیەکی زۆر بۆ کچەکە و بنەماڵەکەی، لەو بارودۆخەشدا ئەگەر کچێک پێریۆد ببوایە زۆر زۆر بۆی دژوار دەبوو و هەم هەستی بە شەرمەزاری دەکرد و هەم هەستی بە ناڕەحەتییەکی زۆر دەکرد، من دوایین منداڵی ماڵەوە بووم، تەمەنی من و دایکم مەودای زۆر بوو، بێگومان هیچکات ڕووم نەدەبوو ئەو باسە لەلای دایکم بکەم و ئەویش لە بیری ئەوەدا نەبوو کە پێویست بکات ڕێنمایی و زانیاریمان پێ بدات، گلەییشی لێ ناکەم ئەو

سەردەمە بەو جۆرە بوو، خوشکێکم لە خۆم گەورەتر بوو و بڕێک زانیاریی پێم دابوو و تاکوو ڕادەیەک شتم دەزانی، ئەوە زۆر یارمەتیمی دا ئەگینا ئەوم نەزانیبایا و خوێنم بدیبایە وەمدەزانی ئیتر دەمرم، لەو قۆناغەدا دەموچاوم زیبکەی دەردابوو براکەم و گەورەکان دەیانزانی ئەم زیبکانە بۆ چییە و ئاماژەیەکە بۆ قۆناغی باڵغبوون، هەموویان بە جۆرێک سەیری منیان دەکرد، وەکوو ئەوەی هەڵەیەکی گەورە و گوناحێکی گەورەم کردبێت یان ڕووداوێکی گەورە بووبێت، ئەو ڕۆژانە گۆشەگیر بووم و تووشی خەمۆکی ببووم، ڕۆژێک کە هەستام لە خەو کاتێک چووم بۆ توالێت (W C) بینیم جلەکانم خوێناوی بووە، دنیا ڕووخا بە سەرمدا ئەوەندە ناڕەحەت بووم، وتم ئەی خودا چی بکەم چی نەکەم هانا بۆ کێ بەرم، لە توالێتەکە چوومە دەرەوە و بە شەرمەزاری و ناڕەحەتی و سەرکوڵمی سوور بووەوە و لەرزم کردبوو و لێدانی دڵم چووبووە سەرەوە، هەر چاوم بە خوێنەکە کەوت دڵم بە جۆرێک لێی ئەدا لەوانەبوو لە سینەم بێتە دەرەوە، ڕۆیشتم بۆ لای خۆشکم و بە شەرمسارییەوە وەکوو ئەوەی تاوانێکم کردبێت، وەکوو ئەوەی گوناحێکی زۆر گەورەم کردبێت وهانا بەرێم بۆ کەسێک بە خۆشکە گەورەکەمم وت و ئەویش بە پەرێشانییەوە وتی قەیناکا چی بکەین ئیستا خۆ نابێت بە دایکمان بڵێین، بە دایکم مەڵێ دواتر وتی بە دایکم بڵێ وتم نا پێی ناڵێین، چۆن دەبێت ترسناکە ناتوانم و ناکرێت پێی مەڵێ، ئەویش ڕازی بوو کە پێی نەڵێت، دواتر چوو پەڕۆی بۆم هێنا و پارچە پارچەی کرد و شۆرتی بۆم هێنا و دواتر پێی وتم کە هەموو جارێک پەڕۆوەکان بەکار بهێنم و دواتر

بیانشۆرم، کاتی شۆردنیان کە دەهات زۆر ناخۆش بوو، بێزم زۆر لێ دەکردن تاکوو دەمشۆردن دڵم دەهاتە دەرەوە و هێڵنجم دەدا، ئەویش بە دزییەوە کەس نەیەت و بمبینێت، وەکوو شتێکی قاچاخ دەبوو و دەبوو پێشتر بچووبوومایە سەری حەمامم بدایات بزانم کەسی لێ نییە، دایکم خەوتبێتب یان کاتێک بێت بەیانی زوو یان نیوە شەو بێت و لەو کاتانەدا بمشۆردبایات، دوای شۆردن ئینجا شوێنێک بۆ وشککردنەوەی بدۆزیبایاتەوە، لەسەر تەناف هەمووی دەیبینێت ناکرێت و لەماڵیشەوە تەڕە هەر وشک نابێتەوە، لەماڵەوە زۆر بووین و حەوشەیەکمان هەبوو لە پشتەوە دوو دانە داری تێدابوو، دەچووم دەمدا بەو دارانەدا و دەرگای حەوشەکەم قوفڵ دەکرد و کلیلەکەم حەشار دەدا بەڵکوو کەس نەچێت تاکوو ئەو پەڕۆیە وشک دەبێتەوە، بەردەوام پاسەوانی دەبووم و زوو زوو سەرم لێ دەدا کەی وشک ببێتەوە و بیهێنەمە ژوورەوە، بە ئیسترێسێکی زۆرەوە و بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەوە سەردانم دەکرد بەڵکوو کەسێک بە لای دەرگای حەوشەکەدا بڕۆیشتایە وەختوو دڵم بوەستێت و دەموت ئیستا پەڕۆوەکە دەبینێت، زۆر ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆش بوو، هەندێک کەس بەو ڕۆژانەی پێدەکەنێت بەڵام من ناتوانم پێی پێبکەنم ئەوەندەم ئازارم کێشاوە، دواجار پاش ماوەیەک لەم ڕووداو و نیگەرانییانە من هاتوچووی حەوشەکەی پشتەوەم دەکرد و پەڕۆوەکانم هەڵدەخست، دایکم پەڕۆوەکانی بینی و پێیمی زانی، نەدەکرا ئەو شتە بشاردرێتەوە، ئیتر خۆشکەکەم بە دایکمی وت کە منداڵە و نازانێت شت بشۆرێت نەخۆش دەکەوێت، پاک نایشۆرێت کوڕەکانیش هەن پێی عەیبە، با پەڕۆ

نەشۆرێت و پەدی بێهداشتی بۆ بکڕین، دایکم پەدی بێهداشتی بۆم کڕی و بۆمی هێناوە دای بەدەست خۆشکەکەمەوە ڕێک نەیدا بەدەست خۆمەوە، سنوورێکی زۆر لە نێوانماندا هەبوو وەکوو ئەوەی کە باوکێک چوبێت بۆمی کڕیبێت، چەندە ترسناک بوو هەر وابوو جیاوازی نەبوو، دایک و باوک وەکوو یەک وابوون لەگەڵ منداڵەکاندا سنوورێکی زۆریـان هەبوو، لەم دوایانەدا بڕێک گۆڕانکاریی بەسەردا هات و تۆزێک باش بوون، بەڵام ئەوکات زۆر ناخۆش بوو و هەستم بە گوناحێکی زۆر گەورە دەکرد، هەستم بە کەمی خۆم و بەدبەختی دەکرد، دایکم شێوازی بەکارهێنانی پەدی بێهداشتی نەدەزانی و وایدەزانی یەک دانە بەشی مانگێک دەکات، کاتێک من بەستەکەم تەواو کرد ئەو مانگە بۆ مانگی داهاتوو خۆشکم پێی وت بۆ پەدی تر پێی ناخۆش بوو و وتی بۆ مەگەر چۆنە دەبێت هەموو مانگێک یەک بەستە بەکار بهێنیت، ئەو هەر ناڕەحەت بوو لەوەی من پێریۆد ببوم و پێی ناخۆش بوو و کێشە بوو بۆ من، بۆ ئەوە پێیان ناخۆش بوو کە ئەگەر کچێک پێریۆد دەبوو گەورە ببێت.

لە بیرمە کاتێک بۆ مەمکم دەرهێنا نەمدەویست دایکم بمبات بۆ حـەمـام بمشۆرێت، دەمـوت دایـە تـۆ مەیە هـەر دەهـات بە زۆری کاتێک مەمکمی بینی زلەیەکی پێدا کێشام و وتی زووە جارێ گەورە نەبیت، ئینجا ئیستا بموتایە پێریۆدم پێمی زانی و شەرمەزاری و خەجاڵەتی و ناڕەحەتی و خۆشاردنەوە دەردێکی گەورە بوو لە کۆمەڵگادا بۆ کچ، دوای ئەوە کە بۆ خۆم جیرەی ڕۆژانەم کە پێیان دەدام بۆ قوتابخانە، کۆم دەکردەوە و مانگانە پەدی بێهداشتیم پێ دەکڕی.

**ناوم "گوڵاڵە"یە، تەمەنم چل و حەوت ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

ناخۆشترین ئەزموونی ژیانم قۆناغی پێریۆدبوون و خۆناسینم بوو، من لە تەمەنی پازدە ساڵیدا پێریۆد بووم، بە هۆی ترس و شەرمەوە نەمدەتوانی لەلای هیچ کەس تەنانەت دایکیشم باسی بکەم و دەمشاردەوە و خۆشم ئەزموونێکم نەبوو، بەو هۆکارەوە بۆ من قۆناغێکی زۆر دژوار بوو.
پاش سێ جار پێریۆدبوونم هەر لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بە مێردمیان دا.

**ناوم "پەریا"یە، تەمەنم بیست و سێ ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من یەکەم ئەزموونی خۆناسینم لەتەمەنی شازدە ساڵیدا بوو، من پێشتر زانیاریم لەسەر قۆناغی پێریۆدبوون هەبوو کە مامۆستای پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم لەو بارەیەوە قسەی زۆری بۆمان دەکرد، ئەوە بوو بە هۆکاری ئەوەی کە کاتێک خۆم پێریۆد بووم زۆر هاوکاری بوو بۆ من، دیارە یەکەم جار ئیسترێسم زۆر بوو و دەترسام چۆنکە هەستێکی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام چۆنکە زانیاریم لەسەری هەبوو توانیم لەگەڵی ڕابێم، بەڵام دوای ماوەیەکیش دایکم پێی زانی و ڕێنماییمی کرد و پیرۆزبایی لێم کرد و ئازاری زۆرم نەکێشا.

**من ناوم "سەحەر"ە، تەمەنم بیست و حەوت ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانم.**

من یەکەم ئەزموونی پێریۆدبونم لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا بـووم، بـەبۆنـەی ڕۆژی لـەدایکبـوونمـەوە لـەگـەڵ بنەماڵەکەم ڕۆیشتبووین بۆ سەیران، پێشتر مامۆستاکەم باسی پێریۆدبوونی بۆمان کردبوو، بەڵام هیچ ئامادەییم نەبوو ئەو ڕۆژە لە سەیران بۆ یەکەمجار پێریۆد بووم، ئازارێکی ناو زگم گرت، تەنیا کەسێک توانیم پەنای بۆ ببەم خوشکم بوو، ئەویش زۆر بەباشی ڕێنماییمی کرد و دوای چەند ڕۆژ بە دایکمی وت، دایکم هات بۆلام و زۆر ڕێنمایی و قسەی بۆم کرد و پیرۆزبایی لێم کرد.

**من ناوم "شاناز"ە، تەمەنم چل و هەشت ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

یەکەم ئەزموونی من لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بوو، هاوین بوو بەیانییەک کە لە خەو هەستام هەستم کرد هەموو گیانم تەڕە، چوومەتوالیت (W C) و سەیرم کرد جلەکانم هەمووی خوێنە زۆرترسـام، لە ترسا نـەمدەزانی چی بکەم، لە تاوا جلەکانم گۆڕی و شۆردنم، بە تـرس و لـەرزەوە هەتا ئەو جلانەم وشک کردنەوە تاکوو ئێوارە ترسێک چووبووە دڵمەوە لەوانە بوو بمرم، یەکێک لە ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو، لەگەڵ خوشکەکەشم زۆر نزیک نەبووم، لە کۆڵانەکەمان کچێکی هاوڕێم هەبوو تۆزێک سەر بـەدەرەوە بوو و شتی دەزانـی،

کاتێک لەلای ئەو باسم کرد پێکەنی و بە زمانێکی عەوامانە وتی ئەوە قاعیدە بووی، وتم چی بکەم، وتی هیچ مەکە پەڕۆ هەڵبگرە و خۆت زوو زوو بشۆرە بەڵام بەدایکت نەڵێیت ئەتکوژێت، ئەویش ئەوەندەی تر ترساندمی، بیرەوەریەکی زۆر تاڵ بوو کە قەد لە بیرم ناچیتەوە، بۆیە بڕیارم دا کە لە داهاتوودا منداڵم هەبوو نایترسێنم بۆ ئەوەی لێم نزیک ببێت و وەکوو من تووشی ئازار نەبێت.

**من ناوم "ئارەزوو"ـە، تەمەنم چل و سێ ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من لە بنەماڵەیەکی پێنج کەسیدا لەدایک بووم و خۆم یەکەم منداڵ و کچی گەورەی ماڵ بووم، دوو برام لەخۆم بچووکترە، یەکەم ئەزموونی پێریۆدبوونی من لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بوو، شەڕی نێوان ئێران وعێراق بوو، بە ئاوارەیی لە شاری بۆکان بووین، جێژنی قوربان بوو، جلێکی ڕەنگی شینی ئاسمانیم لەبەردا بوو لەگەڵ براکانم یاریم دەکرد، جلەکانم خوێناوی ببوو من پێم نەزانیبوو دایکم بینیبووی بانگی کردم و منی بردە حەمامەکە و جلەکانی بۆم گۆڕی و پەدی بێهداشتی پێم دا و هەموو ڕێنماییەکانی پێم وت، من هیچ ترسێکم نەبوو لەبەر ئەوەی کە لە قوتابخانە بۆمانیان باس کردبوو و لێی شارەزا بووم، دایکیشم پێشتر بۆمی باس کردبوو و پێمی وتبوو کە هەرکات وات لێ هات هیچ ترست نەبێت و زوو خۆم ئاگادار بکەرەوە، بۆیە کە من هیچ ترس و شەرمێکم لەو قۆناغەدا نەبوو.

**دایکی ئاشتی، بە هۆکاری تایبەت خۆی نەناساندووە.**
**ئەزموونی یەکەم جاری پێریۆدبوونی ئاشتی لە زمانی دایکیەوە باسی دەکات.**

ئاشتی تەمەنی حەڤدە ساڵە و لە بنەماڵەیەکی چوار کەسیدا هاتووەتە دنیا و دووهەم منداڵی ماڵەوەیە، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا شەوێک لە ماڵی باوکم دەخەوێت، بەیانی کە لە خەو هەڵدەستێت جلەکانی خوێناوی دەبێت و برازاکەم دەیبینێت و بە ئاشتی دەڵێت جلەکانت خوێناوییە، ئەویش جلەکانی دەگۆڕێت و ناهێڵێت کەس بیبینێت، تاکوو ئەو کاتەی کە هاتەوە ماڵی خۆمان و پێمی وت کە شتێکی وای بۆ پێش هاتووە، منیش ماچم کرد و پێیم وت کە نیگەران نەبێت و نەترسێت، هەموو ڕێنماییەکانم پێی دا و پێداویستیەکانیم بۆی دابین کرد، پێشترهەموو پێداویستیەکانیم بۆی ئامادە کردبوو دەمزانی کە نزیکە لەوەی بگاتە ئەو قۆناغە، دوای چەند ڕۆژ چووم جلی کووردیم بۆی کڕی، بۆ ئەوەی هیچ ترسێکی نەمێنیت.

**ناوم "لەیلا"یە، تەمەنم چل و یەک ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

یەکەمجار کە پێریۆد بووم چواردە ساڵم بوو، ڕۆژی هەینی بوو دایکم و خۆشکە گەورەکەم چووبوون بۆ حەمامی دەرەوە، کاتێک کە لە خەو هەستام هەستم بە تەڕی کرد، زانیاریم لەسەری هەبوو، لەبەر ئەوەی کە یەکێک لە هاوڕێیەکانم پێشتر وای لێ هاتبوو و من دەمبینی کاتێک پەڕۆوەکانی دەشۆرد، کاتێک سەیرم کرد وتم

منیش وەکوو ئەوم لێ هاتووە، گەڕام بۆ پەڕۆ، دەگەڕام پەڕۆیەک بدۆزمەوە لە شێوەی پەڕۆی هاوڕێیەکەم وامدەزانی لەوە نەبێت بەکار نایات، زۆر گەڕام شتی وام نەدۆزیەوە، ناچار بووم پەڕۆیەکی تر بەکار بهێنم، دواتر بیرم لە قسەکانی دایکم و ئەوانی تر کردەوە کە لە ناویاندا باو بوو و دەیانوت کاتێک وات لێ هات دەست بکەیت بە ناو پاشەکەوتەکانی ماڵەوەدا، وکوو نیسک و نۆک و برنج و ...هتد بۆ ئەوەی کە دەستاوم خۆش بێت، دوای حەوت مانگ دایکم پێی زانی بەیانییەک کاتێک لە خەو هەستام جێگای خەوەکەم سوور کردبوو، گوێم لێ بوو دایکم بە ئەسپایی بە باوکمی دەوت هیچ دەنگ مەکە، هیچ دەنگێک نەکرا بەڵام لەوەدوا کاتێک دایکم دەیزانی پێریۆد بووم ئەو کاتە باو بوو بێزیان لەو ژنانە دەکرد کە پێریۆدن ڕێگای هیچی پێ نەئەدام، نەیدەهێشت لەسەر بەرماڵی ئەوان نوێژ بکەین یان دەست بۆ هیچ شتێکی تر ببەین و هەموو شتێکیان لێمان قەدەغە دەکرد، ئینجا ئەوە بوو بە هۆکاری ئەوەی کە من مانگانە پێریۆد بوومایا دەمشاردەوە، لەژێر ئەو پەڕۆوەی کە هەڵمدەگرت پارچەیەک نایلۆنم دادەنا بۆ ئەوەی کە درەنگ تەڕ ببێت و زوو زوو نەچمە ئاودەست و ئەوان هەست نەکەن من پێریۆد بووم، دواجار پەڕۆوە پیسەکانم دەبرد لە کونێکدا دەشاردنەوە.

**من ناوم "سورەیا"یە، تەمەنم چل و نۆ ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

یەکێک لە تاڵترین ئەزموونەکانی ژیانم کاتێک بوو کە بۆ یەکەمجار پێریۆد بووم، تەمەنم دوانزە ساڵ بوو کاتێک کەوتمە

ئـەو قۆنـاغـەوە، ئـەو کاتە هیچ پێداویستییەکمان نـەبوو، لە بەیانییەکی زستاندا کاتێک لە خەو هەستام جلەکانم و جێگاکەم هەمووی خوێناوی ببوو، ئەو کاتەش نەدەبوو کەس پێی بزانێت چۆنکە شەرمم دەکرد و دەترسام، نەمدەزانی ئەو پەتووانەی کە خوێناوی بوو چی لێ بکەم، هاتمە دەرەوە بەفرێکی زۆر باریبوو، دوانزە ساڵم بوو زۆر ئەقڵم بە شت نەدەشکا، بە خۆمم دەوت چی بکەم کە دایکم و براژنم نەزانن چۆنکە حەوشەکانمان نزم بوون وماڵی دراوسێکانیشمان دیار بوون و لەوانیش دەترسام بزانن، نوێنەکانم هێنانە سەر حەوزەکە و بە هەر حاڵێک بوو تۆزێک خوێنەکەم لێ کردنەوە، کاتێک لەسەر حەوزەکە هەستام بەفرەکەی ژێرم هەمووی سوور ببوو، زۆر ترسام نەمدەزانی چی لەو بەفرە بکەم، هەرچی بەفرم ئەکردەوە بەسەریدا هەر دیار بوو، بە هەر چۆنێک بوو بە بەفرەکە شاردمەوە و دوای ماوەیەک دیسان دەرکەوتەوە، جلەکانم هەمووی خوێناوی ببوو، چوومە ژوورەوە جلەکانم گۆڕی و ویستم بیانشۆرم بەڵام نەمدەزانی لە کوێ وشکیان بکەمەوە، قۆناغێکی زۆر ناخۆش بوو، دایک و براژن نەزانێت و جلەکانیشمان ئەوەندە کەم بوو کە ئەگەر بمانشۆردبا هیچ نەبوو لەبەری بکەینەوە، پەدی بێهداشتی نەبوو، ئەگەر پارچە پەڕۆیەکمان دەست بکەوتبا و بەکارمان بهێنایە، زۆربەی کاتەکان نەماندەوێرا دابنیشین و دەترساین چۆنکە زەوین و جلەکانمان پیس دەبوون، ساڵێک تێپەڕیبوو کە دایکم پێمی زانی.

لەو سەردەمەدا کاتی پێریۆدبوون تووشی کێشە و ناڕەحەتی زۆر دەبووین.

**بە هۆکاری تایبەت خۆی نەناساندووە.**

یەکێک لە تاڵترین بیرەوەرییەکانی من ئەو قۆناغەیە کە پێی ئەڵێن پێریۆدبوون، باوەژنم هەبوو و لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا دامیان بە شوو و دامیان بە برای باوەژنەکم، ماوەی پێنج مانگ بوو لە ماڵی مێردەکەم بووم کە پێریۆد بووم، زۆر ترسام چۆنکە هیچ کەس بۆمی باس نەکردبوو کە قۆناغێک هەیە بە ناوی پێریۆدبوون و کاتێک کە وام لێ هات چوومە ماڵی دراوسێیەکمان زۆر بەزەیی پێمدا هاتەوە و وتی چۆن تۆ تاکوو ئێستا نەبوویت و ئێستا وات لێ هاتووە، دراوسێیکەمان زۆر باش بوو و زۆر ڕێنماییمی کرد کە چۆن شۆرت لەبەر بکەم و پەڕۆ هەڵگرم، من کە پێنج مانگ لەلای مێردەکەم بووم هیچ هەستێکی ژن و مێردایەتیم نەبوو و هیچم نەدەزانی، زۆر یارمەتیمی دا و هاوکارم بوو.

**ناوم "سایدا"یە، تەمەنم چل و هەشت ساڵە و**
**لە ئیلام لەدایک بووم.**

یەکێک لە تاڵترین ئەزموونەکانی ژیانم ئەو کاتە بوو کە چوومە قۆناغی باڵغبوونەوە و پێریۆد بووم، کاتی شەڕی نێوان ئێران وعێراق و بۆمباران کردن بوو، یەکەمجار کە پێریۆد بووم، لەگەڵ ئەوەی کە چوار خوشک لە خۆم گەورەترم هەبوو، بەڵام بەداخەوە زۆر شەرمیان دەکرد و هیچکامیان لەمبارەیەوە بۆمیان باس نەکردبوو، کاتێک جەستەی خۆمم بینی خوێناوی بوو وامدەزانی بەهۆی ئەو شەڕەوەیە ترساوم یان شتێکم لێ دراوە خوێنڕێژیم

کردووە، چووم بۆ پشت تەپۆڵکەیەک دوور لەو شوێنەی خێمەمان لێ دابوو، بە گەڵای دار خۆم پاک کردەوە و چووم، پاش کەمێکی تر بینیم دیسان خوێن دێت، جارێکی تر بە گەڵا و بە بەرد دەستم کردەوە بە پاک کردنەوەی خۆم، گەیشتمەوە خێمەکە بینیم جلەکانم هەمووی خوێنە نەمدەزانی چی بکەم، تاکوو چەند ساڵ هەر پارچە پەڕۆیەکم دەست بکەوتبا بەکارم دەهێنا، دوای چەند ساڵ دایکم پێی زانیوو و کاتێک بۆم باسک کرد زۆر بۆم گریا.

**من ناوم "سەحرا"یە، تەمەنم سی و نۆ ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردەستانم.**

من لە بنەماڵەیەکی سێزدە کەسیی زۆر هەژاردا لەدایک بووم، دایکم لەبەر ئەوەی کە کوڕی ببێت هەموو ساڵێک منداڵێکی دەبوو و ئەویش کچ دەبوو، من دوای چوار کچ هاتبوومە دنیا و پێنجەمین کچ بووم، خۆشکە گەورەکەم مردبوو و ئەوەی دوای ئەو ببووە خوشکە گەورەمان، باوکم کەسێک بوو کە هیچ حسابێکی بۆ کچەکانی نەدەکرد و هەموویانی بە چاوێکی سووک و بێکەڵک سەیر دەکرد، هیچ ئەرکێکی ماڵەوەی لە ئەستۆ نەدەگرت، هەموو ژیان بەدایکم و کچەکان بەڕێ دەکرا، لەو نێوەندەشدا من بە تەمەنێکی زۆر کەمەوە ببوومە پیاوی دەرەوە، هەموو شتومەک کڕینەکان و کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەوە لە ئەستۆی من بوو، بە گەرما و سەرمادا ڕۆژێک چەند جار دەچوومە بازار بۆ کڕینی پێداویستیەکانی ماڵەوەمان، هەموو بەیانییەک سێ بۆ چوار کاتژمێر دەچوومە نانەواخانە و لە نۆرەی نان دەوەستام، یەکێک

لە تاڵترین ئەزموونەکانی ژیانم ئەو قۆناغە بوو کە پێی دەڵێن قۆناغی باڵغبوون و پێریودبوون.

تاکوو بەر لەوەی بگەمە ئەو قۆناغە و پێریۆد ببم هاتوچوو کردنم بۆ دەرەوە و شتومەک کڕینەکانم باش بوو، ئازارەکانی من لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە پێریۆد بووم، خۆشکە گەورەکەم شۆرتێکی پێم دا و بەبێ ئەوەی هیچ ڕێنماییەکم بکات، شۆرتەکە زۆر لەلام جوان بوو دڵم نەدەهات لەبەری بکەم تاکوو ئەو کاتەی پێریۆد بووم، بەهۆی ئەوەی کە ئەو خۆشکانەم لە خۆم گەورەتر بوون دەمزانی شتێک هەیە لەناو ژنان بە ناوی پێریۆدبوون و خوێنیان لێ دێت، خۆشکێکم هەموو جار ئازارێک دەیگرت بۆی دەکەوت، لەگەڵ ئەوەی کە هیچکات باسی هیچیان بۆم نەکردبوو بەڵام خۆم هەستم پێ کردبوو، کاتێک خۆم وام لێ هات زۆر لێی نەترسام بەڵام ناخۆشییەکەی بۆ من ئەوە بوو کە زۆر لە ماڵ دەچوومە دەرەوە و پەڕۆ هەڵگرتن و ئەو شتانەم نەدەزانی، خوێنەکە هەروا بە لەشما دەهاتە خوارەوە، زوو زوو دەچوومە توالێت (W C) خۆم دەشـۆردەوە، ئەو کاتانەی کە دەچوومە دەرەوە زۆر بۆم دژوار بوو و خوێنەکە بە لەشمدا دەهاتە خوارەوە، ڕۆژێکیان لە دەم دەرگای نانەواخانەکەدا لەگەڵ دوو/ سێ ژن دانیشتبووم، کاتێک هەستامە سەرپێ ژێرم سوور ببوو، یەکێک لە ژنەکان پێی زانی کە زۆر بۆم ناخۆش بوو و وەکوو مردوو سارد بوومەوە و دەموت ئێستا ئەو ژنە لە دڵی خۆیدا وادەزانێت من لەشفرۆشم، ئێستا ئاخۆ چەندە شتی ناشرین پێم بڵێت، لە دڵی خۆمدا دەیان بیری خراپم دەکردەوە تاکوو چەند

مانگیش کە ئەو ژنەم دەبینی خۆم لێ دەشاردەوە، هەستم دەکرد من لە پێش چاوی ئەو کچێکی خراپم بۆیە خۆم دەشاردەوە، تا دوای ماوەیەک فێر بووم کە دەبێت پەڕۆ هەڵگرم، نەمدەزانی چۆن هەڵیدەگرن، دەچووم تاکە گۆرەویم دەهێنا لوولم دەکرد و لەناو گیانی خۆمم توند ئەکرد، ئیتر هەموو خەیاڵی من ببووە ئەوەی کە تاکە گۆرەوییە نەکەوێتە خوارەوە، دواتر کە تاکە گۆرەوییەکە زۆر پیس دەبوو و دەچووم دەمخستە ناو ئاوەڕۆی حەمامەکەمانەوە، چەندین جار ئاوەڕۆکە دەگیرا و دایکم شتی تێ ڕۆ دەکرد و تاکە گۆرەویەی دەردەهێنا هاواری ئەکرد و دەیوت تاکە گۆرەوی بۆ دەخەنە لوولەی ئەو حەمامەوە، دوای ئەوە تاکە گۆرەوی نەما لە ماڵمان هاتم پارچە پەڕۆم باریک بڕی و وەکوو تاکە گۆرەویەکە لوولم دەکرد و لەناو گیانی خۆم توند دەکرد کە زۆر پیس دەبوو نەمدەشۆرد، کاتێک ژوورەکە چوڵ ببوایە زوو پەڕۆکەم لەناوگەڵم دەردەهێنا و دەمنا بە دەوری چراعەلادینەکەیا، پەڕۆ خوێناویەکەم وشک دەکردەوە و لەناو گیانم توند دەکردەوە، دوای ماوەیەک ئیتر فێر ببووم کە پەڕۆکە فڕێ بدەم و هەموو جار پەڕۆی خاوێنم هەڵدەگرت تاکوو ئەم دواییانەش هەر بەو شێوازە لوولم دەکرد، تاکوو ئەو کاتەی فێری پەدی بێهداشتی بووم وهەڵمدەگرت.

دوای ئەوە ئینجا مەمکم کرد، ئەویش بوو بە بەڵایەکی تر بۆ گیانم، لەبیرمە یەکەم جار کە لە حەمام بە دایکمم وت، وتم دایە سنگم ئێشێت و وتی پێ نەگەیت مەمک دەردەکەیت، مەمکم خڕ بوو کاتێک دەچوومە دەرەوە بە جلێکی شڕۆڵەوە نەمدەزانی چۆنی بشارمەوە.

**ناوم "ئازادە"یە، تەمەنم چل و پێنج ساڵە و لە ئیلام لەدایک بووم.**

من یەکەم منداڵی ماڵەوەم و لە تەمەنی سێزدە ساڵی چوومە قۆناغی باڵغبوون و پێریۆدبوون، ئەو کاتە شەڕی نێوان ئێران وعێراق بوو، لە کێو لەناو خێمەدا ژیانمان دەکرد، زستان بوو و سەرمایەکی زۆر بوو و منیش هیچم لەسەر پێریۆدبوون نەدەزانی، ڕۆژێک کە پێریۆد بووم خەریک بوو شێت ببم نەمدەزانی چە بەڵایەکەم بەسەردا هاتووە و وامدەزانی نەخۆش کەوتووم و توانای دەربڕینم نەبوو، ئازار و یاو و لەرزێکی زۆرم گرتبوو، لە سووچێکی خێمەکەوە پەتوویەکم بە خۆمدا دابوو و خۆم کۆ کردبووە، بنەماڵەیەکی زۆر بووین و فریای ئەوان دەکەوتن و لەو قۆناغە ناخۆشەی ژیاندا کەس لەبیری مندا نەبوو، تاکوو پوورم کە دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو هات بۆ لام و کە منی بینی تێگەیشت منیش بە گریانەوە وتم نازانم بۆ وام لێ هاتووە ئێستا من چی بکەم، وتی هەموو ژنان وایان لێ دێت خۆپت بێتاقەت مەکە، چوو پەڕۆی بۆ هێنام و هەموو ڕێنماییەکمی کرد.

**من ناوم "هومەیلا"یە، تەمەنم چل و هەشت ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

یەکەم ئەزموونی من بۆ چوونە قۆناغی باڵغبوون و پێریۆدبوونەوە لەتەمەنی سێزدە ساڵیدا بوو، ئەو ڕۆژەی کە

وام لێ هات لە کۆڵان خەریکی یاریکردن بووم و هەستم کرد قاچم خوێناوی بووە، چووم قاچم شۆرد و جلەکانم گۆڕی و چوومەوە کۆڵان بۆ یاریکردن، چەند جارێک بەو جۆرە دەچووم قاچ و شتم دەشۆردەوە و جلەکانم دەگۆڕی و دەمشۆرد و هەڵمدەخستن، دایکیشم هیچ لێپرسینەوەی نەدەکرد کە بزانێت ئەمە چییە، بەس ئەوەندەی لێ پرسیم ئەو هەموو جلە چییە شۆردووتە منیش وتم یاریم کردووە پیس بوون و شۆردوونم، پێم عەیب بوو لە کەس بپرسم بزانم ئەمە چییە، هەموو ڕۆژێک هەر درێژەی هەبوو و خوێنم لێ دەهات، نە لەلای هاوڕێیەکانم و نە لەلای دایکم باسم نەکرد، تاکوو ئەو کاتەی چوومە تەمەنی چواردە و پانزە ساڵییەوە و مامۆستایەکمان بوو زۆر بە جوانی هەمووی بۆمان باس کرد، ڕێنماییمانی کرد و ئینجا بەخۆمدا هاتمەوە کە ئەم چەند ساڵە من چەندە گوناح بووم و هیچم نەزانیوە و ئەو هەموو ئازارەم کێشاوە، هەر ئەو کاتە بڕیارم دا ئەگەر هەرکات هەر کچێک لەو بارەیەوە پرسیاری لێم کرد بەباشی هەموو ڕێنماییەکی بکەم یان ئەگەر خۆم کچم هەبوو پێش ئەوەی کە بچێتە ئەو قۆناغەوە هەمووشتێکی پێ بڵێم و ڕێنمایی بکەم، تا وەکوو خۆم ئەو هەموو ئازارە نەکێشێت.

ئەو ڕۆژە بۆ من تاڵترین ڕۆژ بوو کە نەمدەزانی بۆ وام لێ هاتووە و نەمدەوێرا لەلای کەس باسی بکەم و دەترسام دەموت لەلای دایکم باسی بکەم لێم دەدات.

**ناوم "فاتمە"یە، تەمەنم پەنجا و چوارساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

یەکەم ئەزموونی قۆناغی باڵغبوون و پێریۆدبوونی من لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بوو، ئەو کاتە شەرم و شکۆ لەناو بنەماڵەکاندا زۆر باو بوو و هیچ کەس لەو بارەیەوە هیچ باسێکی نەدەکرد، لەسەر عەشق و ئەوین و خۆشەویستی دەمانزانی چییە، بەڵام نەماندەزانی پێریۆدبوون چییە، یەکەمجار کە پێریۆد بووم زۆر بۆم ناخۆش بوو، ژێرکراسێکی خۆمم هێنا هەڵمگرت لەبەر ئەوەی پیس نەبم، یەکەمجار کە وام لێ هات تاکوو دوای شەش مانگ وام لێ نەهاتەوە، دوای ئەو شەش مانگە کە وام لێ هاتەوە لەگەڵ هاوڕێیەکانم قسەم کرد و فێر بووم، پرسیارم لێ کردن ئێوەش واتان لێ دێت، وتیان ئێمەش وامان لێ دێت، وتم ئەی چی دەکەن، وتیان ئیمە جیرەی ڕۆژانەمان کۆ دەکەینەوە و پەڕۆی پێ دەکڕین و بەکاری دەهێنین، هەموو جار دەمانشۆرد و لە سەربان هەڵماندەخست تاکوو وشک دەبووە و هەڵماندەگرت بۆ جارێکی تر و بە کارمان دەهێنایەوە.

**ناوم "مەنیجە"ە، تەمەنم پەنجا و سێ ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

تاڵترین بیرەوەرییەکانم قۆناغی منداڵی و خۆناسینم بوو، تەمەنم نزیک بە دوانزە ساڵ بوو بە مێردمیان دا و ئەو ڕۆژەی هاتن مارەم بکەن چوومە ناو کەنووی ئاردەوە خۆم شاردەوە

و دایکم هات منی دۆزیـەوە و لە ناو کەنووەکە دەرمی هێنا، باوکم وتی ئەگەر نەیەت مارەی بکەن دەیکوژم، زۆر ترسام و مێردم کرد، ساڵ و نیوێک لەلای مێردەکەم بووم و دوای ئەو ماوە چوومە قۆناغی خۆناسین و پێریۆدبوونەوە شەوانە لە ترسی مێردەکەم دەچوومە ژێر لانکەی منداڵی براژنەکەم خۆم دەشـاردەوە، شەوێکیان منداڵەکە گریا و من لە ژێر لانکەکەدا بووم، براژنم کاتێک هەستایەوە مەمک بدات بە منداڵەکەی قاچی درا لە قاچم زۆر ترسا و وتـی ئـەو شتە چییە لە ژێـر ئەو لانکەیەدا.

**ناوم "فاتمە"یە، تەمەنم چل و پێنج ساڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من کچە گەورەی ماڵ بووم و دایکم لە هەموو شتێکم بە پەلە بوو، لە خەتەنەکردنم، لە مێردکردنم، لە کارکردنم، من لە تەمەنی سێ ساڵیدا خەتەنە کراوم و هەر کاتێک کە لەلای ئەو ماڵەوە تێپەڕ دەبووین ئەو ژنەمان دەبینی خەتەنە دەکات ئێمەی دەترساند و دەیوت ڕۆژێک دێن بۆلام بتان برم، ئێمەش زۆر لێی دەترساین تاکوو ڕۆژێـک دایکم بە فێڵ منی برد و وتی وەرە گوێچکەت بۆ کون دەکەم، بەڵام کە چووینە ئەوێ خەتەنەمیان کرد، هەستم دەکرد ئازارێکم هەیە بەڵام نەمدەزانی لە کوێوەیە و لە ئازاری خۆم هاوارم دەکرد و گازم لە دەستی دایکم دەگرت.

لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا چوومە قۆناغی خۆناسین و پێریۆدبوونەوە، لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بە مێرد درام بەڵام بە شێوەی ژن بە ژن بوو و زۆر لە مێردەکەم دەترسام و نەمدەزانی چی بکەم و چۆن هەڵسوکەوت بکەم لەگەڵی، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا منداڵم بوو کە دووانە بوون و هەردووکیان مردن، دوای ئەوە هەر زوو دووگیان بوومەوە و کوڕێکم بوو، دوای ئەویش زۆر زوو دیسان دووگیان بوومەوە و کچێکم بوو، تاڵترین قۆناغەکانی ژیانی من کاتی منداڵی و خۆناسینم بووە.

**ناوم "مەعسوم"ە، تەمەنم چل و سێ ساڵە و**
**خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من لە تەمەنی سێ ساڵیدا خەتەنە کراوم، زۆر درەنگ چوومە قۆناغی خۆناسین و پێریۆدبوونەوە و لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ئەو قۆناغەم تێپەڕاند، مەمکیشم هەر دەرنەکردبوو بەڵام چەند جار بردمیان بۆ لای دوکتۆر کە بۆچی تاکوو ئێستا نەچوومەتە قۆناغی پێریۆدبوونەوە، لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا مێردنم کرد و لە تەمەنی بیست و چوار ساڵی منداڵم بوو.

**ناوم "کلسووم"ە، تەمەنم چل ساڵە و**
**خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.**

من حەوت ساڵم بوو کە لە گوند بووین دایکم دەستمی گرت و بە زۆر بردمی بۆ لای ئەو ژنەی کە خەتەنەی دەکرد، من

ئەو ژنەم دەناسی و دەمزانی خەتەنە دەکات و ڕقیشم لێ بوو، خەتەنەمیان کرد بەڵام تاکوو مرد من شەرمم لەو ژنە دەکرد یان کاتێک کە منی دەبینی بزەیەک دەهاتە سەر لێوی منیش دەمزانی چی دەڵێت و بە جۆرێک منی تێدەگەیاند و دەمزانی دەڵێت کە من ڕۆژێک تۆم وا لێ کردووە، منیش لە ناخی خۆمدا هەستم بە بچووکی خۆم دەکرد و وەکوو خۆرە دەیخواردم، ئازارم دەکێشا کاتێک ئەو ژنەم دەبینی هەر بۆیەش نەمهێشت نە کچەکەی خۆم و نە هیچ کچێکی تری خزمم خەتەنە بکرێن، یەکێک لە ناخۆشترین قۆناغەکانی ژیانم قۆناغی منداڵی و خۆناسین و پێریۆدبوونم بوو کە لە تەمەنی یانزە ساڵیدا بوو، ئازارێکی زۆرم هەبوو و تا ڕادەیەک زۆر ئازارم هەبوو کە دەمیان برد بۆ نەخۆشخانە، قۆناغی خۆناسین و پێریۆدبوونم بەو شێوەیە بوو تاکوو ئەو کاتەی کە لە تەمەنی شانزە ساڵیدا مێردم کرد و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا منداڵم بوو، ئازارەکەم کەم ببوو بەڵام پێریۆدبوونی من کاتی وا هەبوو کە لە مانگێکدا دوو جار پێریۆد دەبووم، بەڵام لە وەرزی هاویندا بە سێ مانگ جارێک پێریۆد دەبووم، لەسەرەتاوە ماڵی باوکم زۆر ترسان و وتیان چۆن سێ مانگە پێریۆد نەبووە، بردمیان بۆ لای دوکتۆر و دوکتۆرەکە وتی بە هۆکاری ئەوەیە کە کچ برێک بە گەرما هەستیارە و ناتوانێت پێریۆد ببێت، ئێمەش ئەو ساڵە لە کوورەی خشت برین کارمان دەکرد و لەبەر ئەوە پێریۆدبوونم دوا کەوتبوو.

## وتەی کۆتاییی لێکۆڵەر

لە کۆتایی ئەم کورتە لێکۆڵینەوە چڕوپڕدا بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕانکاریەکی زۆر کەم لە بواری ئازادی و ڕۆشنبیریی ژنان کراوە و دیارە بەربەستەکان زۆرن کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە ئایین و دابونەریت و زوڵمی دەسەڵاتداران بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستییەکی زۆر وەکوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئازادی چوونە دەرەوە، دەستەبەرکردنی خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەیە بۆ ڕۆشنبیرکردنی ژنـان، ئەمانە دەتوانن کاریگەریی زۆری ببێت لەسەر چاوکراوەیی و ڕۆشنبیرکردنی ژن، ڕۆشنبیرکردن ئەوە نییە کە ژنێک بخوێنێت و لە بوارێکدا وەکوو دوکتۆر یان مامۆستا پلە بەدەست بهێنێت، ژنی ڕۆشنبیر بە ژنێک دەوترێت کە توانای دەربڕینی ببێت و توانی گۆڕانکاری لە ژیانی خۆی و ناخ و بیر و باوەڕیدا ببێت و کاریگەری لەسەر ژنانی دەوروبەری خۆی ببێت، توانای بەرگری ئەو زوڵم و زۆرەی ببێت کە لە بەرانبەری ئەودا دەکرێت توانای بەدەستهێنانی ئامانجەکانی هەبێت بەبێ ئەوەی کە هیچ لەتمەیەکی لێ بدرێت، پێویستە ژن لەم کۆمەڵگا چەقبەستووەدا هۆشیارانەتر مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکانی ڕۆژ بکات تاکوو ئەوەی کە وردە وردە ڕەچەکان دەشکێن بۆ هێندێک تەوەری ژیانی ژنان کە پەیوەستە بە مان و نەمانی، تاکوو ئەو کاتەی کە کۆمەڵگا چاوکراوەتر دەبێت، چونکە لە ئێستادا بەشێکی زۆری ژن بۆ خۆی ژیان ناکات، بۆ کۆمەڵگا و دابونەریت و دەوربەری ژیان دەکات، دەبێت بگاتە ئەو ئاستەی کە ژن ژیانی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە نەک کۆمەڵگا و دابونەریت، پێویستە ژنی کورد بوێرتر بجووڵێنەوە و ترسەکان وەلا بنێن.

مامۆستایەک ئەگەر نەتوانێت باس لە ئەزموونی قۆناغی باڵغبوون و پێریۆدبوونی خۆی بەکات، چۆن دەتوانێت مامۆستایەکی سەرکەوتوو یان دایکێکی ڕەچەشکێن بێت بۆ نەوەکانی داهاتوو، بۆیە لەگەڵ هەموو هەوڵ و تێکۆشان و کارکردن لەسەر ژیانی ژنان، من پێم وایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێشتا ڕێگایەکی زۆرتری ماوە بیبڕێت بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنی کورد تاکوو بگاتە ئەو ئاستەی کە ژن بتوانێت ئازادی و بەرانبەریی خۆیَ بزانێت و دەستەبەری بکات.

٢٠٢٠/٢/٤ی زایینی
٢٧١٩/١١/١٥ی کوردی

ئامانج لە ئامادەکردنی ئەو نامیلکەیە ئەوەیە کە خزمەتێک بێت بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان کە پرس و مافەکانی ژنانیش بەشێکی بناغەیی لە پرسە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە، چونکە نەتەوەی کورد لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا تاکوو ڕەوایی بە مافەکانی ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵگا نەدرێت و سەرجەم ویست و داخوازییە سێنفییەکانیان لەچوارچێوەی نەریتی پێشکەوتووانەی ئەو کۆمەڵگایەو بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان دابین نەکرێت، دێموکراسییەکی ڕاستەقینە لەو کۆمەڵگایەدا جێگیر نابێت و بە کۆمەڵگایەکی دێموکرات ئەژمار ناکرێت.